# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان - سۆران

ئامادەكردنی: حەیدەر مەنتك

٢٠٢٣

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - سۆران

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

٢٠٢٣

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - سۆران
ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک
پێداچوونەوە: لاڤە حەیدەر
دیزاین: دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون
تایپ: نووسەر
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
نۆرەی چاپ: یەکەم
چاپخانەی:

ژمارەی سپاردن: ژمارە (٧٧٦)
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

**پێشکەشە....**

بەسەرجەم پێشمەرگە پارتیزانەکان و ئەو
پێشمەرگانەی خەباتیان کرد لە پێناو رزگاری و
ئازادیدا

**حەیدەر مەنتک**

# وردەکاریەکانی مێژووی شۆڕشی نوێ!

نووسینەوەی وردەکارییەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی و نهێنی و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و زانیارییەکانی ئەو سەردەم ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە و بایەخێکی گەورەیان هەیە. لە ماوەی ڕابـردوودا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیرەوەریی تایبەتی تێکۆشەرە دێرینەکان، کتێب، نامیلکە و بەڵگە فیلم لە بوارە جیا جیاکانی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەنگاوی بەرچاو نراوە، بەڵام هێشتا لە چاو ئەوەی پێویستە بکرێ و هەبێ زۆر کەمە و زۆریشی ماوە.

ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان بەئاڕاستە و مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و بەرچاوڕوونکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو لەو قۆناغە سەختەی ژیانی کوردەواری هەوڵێکی باشە و شایستەی دەستخۆشییە.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە کە لە سێ کتێب پێکدێت، مێژووی ژیان و خەباتی پۆلێک پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەگرێتەخۆ. دیارە شانبەشانی ئەو تێکۆشەرانەی ناویان لێرەدا هاتووە و ئەوانەیش هێشتا ناویان نەهاتووە لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی داگیرکەراندا گیانبازانە وەستاونەتەوە و تێکۆشاون، ڕێکخستنە نهێنییەکان و کەسوکاری پێشمەرگەکانیش ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان گێڕاوە و لەو پێناوەشدا ڕووبەڕووی لە سێدارەدان، زیندان و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە بۆ باشووری عێراق بوونەتەوە.

ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە دواڕۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بەئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختانە ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ.

کاتێک بەندە چاوێکم بەسەر ناوی ئەو تێکۆشەرانەدا گێڕا کە لێرەدا باسیان کراوە، یەکسەر بە بیرم هاتەوە کە ئەو کات باوک، دایک، خوشک، برا، ژن و منداڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانە گیراون و زیندانیکراون، ئەوانەی کە نەشگیرابن ئەوا شانبەشانی ڕۆڵەکانیان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەژێر سایەی بۆمبارانی تۆپ و تەیارە و پەلامارە

بەردەوامەکاندا بوون یان لە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کولەمەرگی دەژیان. ئەوکات، تێکۆشەرانی ئەم گەلە نەک هەر ئامادە بوون ڕێگای سەختی خەبات بگرنەبەر و بە گیانی خۆیان ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە، بەڵکو بەهۆی بەشدارییان لە خەباتی گەلەکەیان کەسوکارەکانیشیان ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن، دەربەدەریی و نەداری دەکردەوە. خۆ ئەگەر ئەو لە خۆبردوویی و گیانفیداییەش نەبوایە، بێگومان چارەنووسی گەلی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ڕاگواستن و بەعەرەب بوون بوو.

مێژووی شۆڕشی نوێ بەگشتی و مێژووی خەباتی یەکبەیەکی ئەو تێکۆشەرانەی شەهید بوون یان بەردەوامیان بە خەباتدا بەتایبەتی مایەی شانازیی هەتا هەتاییمانن. لە پلانی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری - بۆردی ئەرشیف و مێژوو)دایە هەنگاو بە هەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە کاک حەیدەر مەنتک دەکەم و هیوادارم لەسەر ئەو کارە گرنگ و ناوازەیە بەردەوام بێ. داواش لە نووسەر و تێکۆشەرانی تر دەکەم بێنە مەیدان و هەر یەکە و لای خۆیەوە بەردێک دانێتە سەر دیواری مێژووی پڕ لە سەروەریی شۆڕشی نوێ بەتایبەت و گەلی کوردستانیش بەگشتی.

**ئاریز عەبدوڵڵا**

**٢٠٢٣**

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لە هەولێر بۆ؟

ئەوێ ڕۆژێ لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، هیوایەک نەمابوو کە جارێکی تر چەک و پێشمەرگە و شاخ بەدیداری یەکتر شادبکاتەوە، تروسکایەک بەدی نەدەکرا، بەداستان و قارەمانییەکانی پێشمەرگە، نیشتمان لەدوژمن پاک بکاتەوە. ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشی کورد هەرەسی هێنابوو، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، تاکی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان دڵتەنگ و پرسەداربوون. لەنێو ئەوهەموو نەهامەتی و کارەساتانەی بەسەر کوردو شۆڕشی کورد هاتبوو، دەستەیەک لە لاوە خوێندەوارو نیشتمان پەروەرو خوێن گەرمەکانی کوردستان، بەڕابەرایەتی سەرۆک مام جەلال زەنگی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان ڕاگەیاندن و هیوای گەڕانەوەی ئومێدیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

شاخەکان لەگەڵ پێشمەرگە ئاشنابوونەوە، قەندیل بوو بە یەکەمین مەکۆی شۆڕشی نوێ، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڵنگ ئاسا چالاکی و داستانەکانیان دژ بەدوژمن تۆمار دەکرد، نەیاندەهێشت خەونە گڵاوەکانی جەلادەکانی بەعس، بەئاسانی بێتەدی. پێشمەرگە بوو بە سونبولی خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی و مەردایەتی و مقاوەمەت. تا دەهات ڕیزەکانی شۆڕش پڕ لەپێشمەرگەی ئازاو چاونەترس دەبوون، بلێسەی شۆڕشی نوێ کڵپەی کردو دەنگی دایەوە.

لەبەر گەورەیی پێشمەرگەو ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگە لەبونیادنان و هەڵسانەوەی کوردو کودایەتی، بە پێویستم زانی وەک وەفاو پێزانین و ڕێزلێنانێک، پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان و سنووری پارێزگای هەولێر، لە دووتوێی دوو بەرگ بەناوی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» تۆمار بکەم. بەگرنگم زانیووە، ژیاننامەو مێژوویان ون نەبێت، چونکە مێژووی پێشمەرگە دێرینەکان، مێژووی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، تاوەکو نەوەی ئێستاو داهاتوومان هەمیشە لەگەورەیی پێشمەرگەو سەروەرییەکانی پێشمەرگەو خەباتی ڕزگاری دوێنێ شاخ، بەئاگا بێت. تا هەمووان ئاشنا بن، کە پێشمەرگە سەنتەری جێبەجێکردن و دەستەی پێشەوەی چالاکییەکان و گرەوی بردنەوەو سەرکەوتنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە.

لەم ئینسکلۆپدیایەدا، سیڤی و وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسنووری پارێزگای هەولێر کۆمکردۆتەوە. ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانەی لەشاخەکانی کوردستان چەکی شەرەفیان لەشان دەکردو بوێرانە پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد، کە هەر لە قەزای مەخمورەوە تا حاجی ئۆمەران دەگرێتەوە، تۆمارمکردوون.
بۆزانینی خوێنەران بەخۆم و لاپتۆپێک لەخزمەت ئەم ئینسکلۆپیدیایەدا بووینە. لە قۆناغی یەکەمدا، لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی دەستم پێکردو تەمەن یار بێت لە ئایندە کار لەسەر ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانە دەکەم کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانن لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندان.
لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەریەک لە لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێرو کۆیەو سۆران بکەم، کە بەپەرۆشەوە لەم پرۆژەیەدا هاوکارو پشتیوانم بوون. سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەگەر بەیەک وشە بووبێت، زانیاریان پێداوم، چ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ئێستا لەهاندەران نیشتەجێن یاخود لە کوردستانن.
دەمەوێ ئەو راستییە بەخوێنەرانی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» ڕابگەینم، کە بەندە لە راستی و دروستی ناوەڕۆکی ژیاننامەکان بەرپرس نیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەژیان ماون خۆیان فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوەو ژیاننامەکانیان بۆ ناردوم. تەمەننا دەکەم خزمەتێکی بچوکم بە کتێبخانەی کوردی و بەم تێکۆشەرانە کردبێ، کە لە ئاست خەبات و ماندوبوونیان بێت. سڵاوو وەفاداری بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان.

**حەیدەر مەنتک**
**٢٠٢٣**

# سووتەمەنییەکانی شۆڕش و قەیرانی بەهاکان

لەم پێشەکییەدا دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ئەزمونی وڵاتانی دوای شۆڕش، گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وسەرهەڵدانی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆماف وئازادیەکان وەک وەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێمان دەڵێن کە سیستم و بەهاکانی شۆڕش کە تا ئێستا ڕەوایەتی بە ڕەفتارو گفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە لە هەرێمی کوردستان و زۆر وڵاتی دیکەی دوای شۆڕش، پێویستە سەرلەنوێ بخوێندرێنەوەو و بە جۆرێکی دیکە تەوزیف بکرێن.
شۆڕش ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لەسەردەم و هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئامانجی شۆڕشەکانی کورد بریتی بووە لە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە، بەتایبەت بۆ سووتەمەنی و قوربانیدەرانی شۆڕشەکان. لەگەڵ گۆڕانکاری لە سەردەم و هەلومەرجەکان، پێویستە پێوەر و بەهاکانی شۆڕش سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی حوکمرانی دا. بەداخەوە زۆربەی شۆڕشە سیاسییەکان دوای ماوەیەک جۆرێک لە نائومێدی جەمارەرییان بەدوادادێ، بە هۆی چەق بەستن و مانەوە لە نێو سەروەری شانازییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی کولتوری شۆڕشگێڕیدا مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شۆڕش ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کاریزمایی و ڕەهای سیمبولەکانی شۆڕش و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی کە لەبەرەی شۆڕش دان و ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدان.
پێشمەرگە ئەکتەری سەرەکی شۆڕشەکانی کوردستان بووە، یان وەک دەڵێن سووتەمەنی سەرەکی شۆڕش بووە، بێگومان لەپاڵ هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە لەسایەی شۆڕش و دۆزی کورددا بوونەتە قوربانی. بۆیە سەیر نیە کە لە مێژووی کوردستانی باشور، شۆڕش، دۆزی کورد و پێشمەرگە لێک جیاناکرێنەوە. پێشمەرگە بریتی بوو لە کۆمەڵێ بەهای وەک بەرگری، خۆنەویستی، مرۆڤ دۆستی، قوربانی و ئازایەتی کە گوڕو تینیان دەدا بە شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی. لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری ١٩٩١ کولتوری باڵادەستی سیاسی بریتی بووە لە بەهاو سیمبوڵەکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانییەکان. لەوانەیە لەسەرەتادا ئەم کولتوری شۆڕشگێڕییە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی هەبووبێ بەتایبەتی بۆسەرەتای قۆناغی گواستنەوە لەشاخەوە بۆ شار،

بەمەبەستی گرێدانەوەی پێشمەرگە، و هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە وەکو قوربانی وێناکراوبوون، بە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ببنەوە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگا. بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی بەهاکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانی و تێکەڵکردنی بە پرسی حوکمڕانی و ئیداریی ئەو بەهایانە مانای دروستی خۆیان لەدەستدا. بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەهاکانی شۆڕش بوونە سەرچاوەیەک بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاکاریی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش بەتەوای جیاوازە لە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشەکانی کوردستان وپێشمەرگە.پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن کە مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشوربە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە. ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوەڕوو سەروەرییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان. ئەم هەوڵە لەسەردەستی برای بەڕێزم حەیدەر مەنتک کارێکی ناوازەیە بۆ دووبارە تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەو قۆناغەی مێژووی گەلەکەمان، ئەمە بێجگە لەوەی کە گێڕانەوەی ئیعتیباریشە بۆ سووتەمەنییەکانی شۆڕش لە زەمەنێکی قەیراناوی و بێباکیدا. لێرەوە بە هەلی دەزانم کە بڵێم ئامانج وبەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێویستە لە کۆنتێکستی خۆیاندا سەیر بکرێن و بخوێندرێنەوە، کە لەڕێی ئەم ئینسکلۆپیدیایە ئەم دەرفەتە دەخرێتە بەردەست، چونکە ئەو بەهایانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو گونجاو بوون و بەهاکانی شۆڕش ناکرێ بۆ هەموو ئان و ساتێک بەرکاربن. بەهاکانی شۆڕش ئەگەر دووبارە تەوزیف نەکرێنەوە ناگونجێن لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن وحوکمڕانی دروست. بۆ ئەوەی بەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەکەدار نەبن پێویستە وەک مێژوو تەماشا بکرێن و ببنە سەرچاوەی وانەو ئیلهام بەخشین بۆ نەوەی نوێی دوای شۆڕش، بۆ نمونە دەکرێ بەهاکانی خۆنەویستی و بەرگری بکرێن بە بابەتی پەروەردەیی بۆ گەنجانی وڵات بە مەبەستی ڕاهێنانیان بۆ پەرەپێدانی کاری خۆبەخشی وهاوڵاتێتی کاراو خۆشەویستی نیشتمان.

**د. دانا سەعید سۆفی**
**هەولێر، ٢٠٢٣**

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - سۆران

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئەحمەد مستەفا ئەحمەد مستەفا (دەروێش) | 37 |
| 2 | ئەحمەد تەها ئەحمەد حارس | 39 |
| 3 | ئەحمەد ڕەسوڵ ماونی (شـەهید: ئەحمەد ڕەسوڵ ماون) | 41 |
| 4 | ئەحمەد برایم خدر عومەر | 43 |
| 5 | ئەحمەد مستەفا فەقێ عەبدولڕەحمان | 46 |
| 6 | ئەحمد مستەفا ئەحمەد (شـەهید: فقێ بورەیی) | 48 |
| 7 | ئەحمەد مەحمود ئەحمەد (مەلا ئەحمەدی وەرتێ) | 50 |
| 8 | ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد (دکتۆر ئاری) | 52 |
| 9 | ئەحمەد وسو ئەحمەد پیرۆت (ئەحمەد کۆ) | 55 |
| 10 | ئارام مستەفا عەولا عەزیز | 57 |
| 11 | ئارێز عەبدوڵڵا ئەحمەد | 59 |
| 12 | ئازاد عەبابەکر کەریم عەبابەکر | 62 |
| 13 | ئازاد عەبدوڵڵا تەها (خاڵە ئازاد) | 64 |
| 14 | ئازاد عوسمان سمایل (ئازاد ئاقوبانی) | 66 |
| 15 | ئازاد ئەحمەد ئەحمەد (ئازاد وەرتی) | 68 |
| 16 | ئازاد یوسف مستەفا (کاوانی) | 70 |
| 17 | ئەسعەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (ئەسعەدی دۆرێ) | 72 |
| 18 | ئەسعەد قادر گۆزێ (ئەسعەد گۆزێ) | 74 |
| 19 | ئەسکەندەر سەعید ڕەشید (کامەران) | 76 |
| 20 | ئەسکەندەر قادر سەعید (دڵسۆز) | 78 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 21 | ئیسماعیل ئەحمەد عەبدوڵلا ئیبراهیم | 80 |
| 22 | ئیسماعیل حەمەدەمین عەبدوڵلا ئەحمەد | 82 |
| 23 | ئیسماعیل حوسێن کەریم (کیمیایی) | 84 |
| 24 | ئیسماعیل مستەفا ئیسماعیل بەهرام | 86 |
| 25 | ئیسماعیل مەحمود عەبدوڵلا ئیبراهیم | 88 |
| 26 | ئیسماعیل ئەحمەد مام کاک (کویخا) | 90 |
| 27 | ئیسماعیل ئەحمەد مەولود حەمەد | 92 |
| 28 | ئاسۆ حەمەدەمین برایم حوسێن | 94 |
| 29 | ئالان جەلال بەگ محەمەدەمین | 96 |
| 30 | ئەنوەر ئیبراهیم حاجی عەباس | 98 |
| 31 | ئیبراهیم عەولا ئەحمەد (سەکری) | 100 |
| 32 | ئیبراهیم قادر ئەحمەد ڕەسوڵ (قەندە) | 102 |
| 33 | ئیبراهیم مستەفا عەبدوڵلا (تەلعەت) | 104 |
| 34 | ئیدریس ئیبراهیم خدر (سۆریانی) | 106 |
| 35 | ئەیوب خالید قادر حوسێن | 108 |
| 36 | ئەیوب مستەفا عەزیز مەعروف | 110 |
| 37 | ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن (خۆشناو) | 112 |
| 38 | باپیر عەلی ڕەسوڵ حوسێن | 115 |
| 39 | باقی عەزیز مەجید (شەهید خاڵ باقی) | 117 |
| 40 | برایم حەمەد حوسێن (شەهید برایمە کۆر) | 120 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 41 | بەختیار جەمیل مستەفا (کاوانی) | 123 |
| 42 | بەختیار حاجی حەسەن یوسف | 126 |
| 43 | بەکر مستەفا کامەلا ڕەسوڵ | 128 |
| 44 | بورهان مستەفا عەوڵا عەبد (هەڵۆ) | 130 |
| 45 | بێستون عەبدوڵڵا حەبیب عەبدوڵڵا | 132 |
| 46 | بیلال مەحمود ئیسماعیل (بیلالە گۆج) | 134 |
| 47 | تاریق حەبیب عەبدوڵڵا (سەرکەوت) | 136 |
| 48 | تاهیر محەمەد محەمەدەمین (ئازاد حەسەن) | 138 |
| 49 | تەحسین یوسف موستەفا (شەهید تەحسین کاوانی) | 140 |
| 50 | تەها حەمەدەمین عەولا عەبد | 143 |
| 51 | تەها خالید حوسێن ڕەسوڵ (کانی بەردی) | 145 |
| 52 | تەها وەیسی تەها (کاکۆ) | 147 |
| 53 | تۆفیق عەبدوڵڵا حەسەن (بەڕۆژ) | 149 |
| 54 | جەلال حەمەدەمین ئەحمەد (شەهید جلال حاجی) | 151 |
| 55 | جەبار حاجی خدر عومەر | 154 |
| 56 | جەبار سلێمان عەبدوڵڵا ئەلیاس | 156 |
| 57 | جەبار مستەفا عەولا خدر (پشکۆ) | 158 |
| 58 | جەبار ئۆمەر ئەحمەد مەحمود | 160 |
| 59 | جەعفەر عەبدوڵڵا جەعفەر حوسێن | 162 |
| 60 | جەلال حەمەدەمین خدر (سۆرکانی) | 164 |

# ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 61 | جەلال مستەفا حەسەن حەمەدەمین | 167 |
| 62 | جەمال عەبدولکەریم قادر (جەمالە ڕەش) | 169 |
| 63 | جەمال عەزیز حوسێن (کەلێتەیی) | 171 |
| 64 | جەمال ئیبراهیم خدر عومەر | 173 |
| 65 | جەمیل حەسەن ئەحمەد (حەمرین) | 175 |
| 66 | جەواد مستەفا عەوڵا (فەقیانی) | 177 |
| 67 | حاجی خدر عومەر خدر (حاجی ئاغای ئێنێ) | 179 |
| 68 | حاجی عەزیز حوسێن وسو (هیوا) | 181 |
| 69 | حسامەدین یونس حەمەدەمین (مەلا حسامەدین) | 183 |
| 70 | حەسەن حەمەد حوسێن تەها | 186 |
| 71 | حەسەن حەمەد عەزیز مەولود (ئارام باویانی) | 188 |
| 72 | حەسەن حەمەد کامەلا عەلی | 190 |
| 73 | حەسەن حەمەد مینە (حەسەن خەبات) | 192 |
| 74 | حەسەن حەمەدەمین ڕەسوڵ شێخە | 194 |
| 75 | حەسەن حوسێن محەمەد (شەهید حەسەن سۆفی) | 196 |
| 76 | حەسەن سلێمان قادر عەوڵا (بەڵێن) | 198 |
| 77 | حەسەن سۆفی محەمەد (شـەهید حەسەن سۆفی) | 200 |
| 78 | حەسەن عەبدوڵلا حەسەن حەمەدەمین | 202 |
| 79 | حەسەن محەمەد محەمەدەمین (شەهید سەردار قلۆ) | 204 |
| 80 | حەسەن مەحمود حوسێن (ڕێبوار) | 206 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 81 | حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا (شەهید حەسەن کوێستانی) | 208 |
| 82 | حەمەد عەزیز حوسێن وسو | 211 |
| 83 | حەمەدەمین سۆفی محەمەد (هەژار سۆفی) | 213 |
| 84 | حەمەدەمین عەزیز حەمەدەمین (هەڵۆ) | 215 |
| 85 | حەمەدەمین فەقێ ڕەسوڵ (فەلاح) | 217 |
| 86 | حەمەدەمین مەعروف حەمەد (شەهید حەمەدەمین) | 219 |
| 87 | حەمەزیاد مەولود ئەحمەد | 221 |
| 88 | حەویز مەولود حەمەد مەولود | 224 |
| 89 | حوسێن حاجی حوسێن بایز (حوسێن قرشە) | 226 |
| 90 | حوسێن حاجی خدر عومەر | 228 |
| 91 | حوسێن حەسەن حوسێن (هەڵۆ حەسەن) | 230 |
| 92 | حوسێن حوسێن ئەحمەد (کاکەی شۆڕێ) | 233 |
| 93 | حوسێن ڕەسوڵ ئەحمەد (شالاو) | 235 |
| 94 | حیکمەت تۆفیق نەجیم عەبدوڵلا (شەماڵ) | 237 |
| 95 | حیکمەت عەلی مستەفا محەمەد (ولاشی) | 240 |
| 96 | خالید حەسەن حاجی (شەهید خالیدە بۆر) | 243 |
| 97 | خالید حوسێن حەمەدەمین (جۆلا) | 245 |
| 98 | خالید عوسمان محەمەد تەها | 247 |
| 99 | خالید قادر حوسێن خدر | 249 |
| 100 | خالید مەحمود حەسەن غەفور | 251 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 101 | خدر براهیم حەمەدەمین (خدرە بۆر) | 253 |
| 102 | خدر حەسەن خدر (سەرنەوسی) | 255 |
| 103 | خدر ڕەسوڵ مستەفا خدر (کاوە) | 257 |
| 104 | خدر ڕەسوڵ مینە ڕەسوڵ (شەهید خدر زینوێ) | 259 |
| 105 | خدر عەزیز مەعروف خدر (مەلا خدر) | 261 |
| 106 | خدر قادر ئەسعەد خدر (شێخ وەسانی) | 263 |
| 107 | خەبات حاجی غەریب (شەهید خەبات دەرگەڵەیی) | 265 |
| 108 | خەزالی عەلی وسو (شەهید کاروان) | 267 |
| 109 | خەلیل حەمەدەمین حەسەن (خەلیلە گڕوو) | 269 |
| 110 | خەلیل ئەحمەد بەکر (خەلیل دەرگەڵەیی) | 271 |
| 111 | دڵشادی حەسەن ئاغا | 273 |
| 112 | دڵشاد حەسەن مستەفا (ڕێبازە گچکە) | 275 |
| 113 | دڵشاد شەریف محەمەد (باویانی) | 277 |
| 114 | ڕابەر عەولا ڕەسوڵ (شەهید ڕابەر ماونی) | 280 |
| 115 | ڕزگار جەعفەر سەید عەلی (هاودیانی) | 282 |
| 116 | ڕزگار جەودەت جەمیل ساڵح | 284 |
| 117 | ڕزگار ئەحمەد حەمە عەلی (خۆشناو) | 286 |
| 118 | ڕزگار قادر فەقێ (ڕواندزی) | 288 |
| 119 | ڕەحمان سەیدۆک (شەهید ڕەحمان سەیدە) | 290 |
| 120 | ڕەحمان مەلا کاک ئەحمەد حەمەد | 293 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 121 | ڕەسوڵ برایم ڕەسوڵ حەسەن (سەید ڕەسوڵ) | 295 |
| 122 | ڕەسوڵ حەمەد عالی (مام هێمن) | 297 |
| 123 | ڕەسوڵ سمایل محەمەد (ڕەسول قەندە) | 299 |
| 124 | ڕەسوڵ عوسمان عەولا (حاجی قەڵاتی) | 301 |
| 125 | ڕەسوڵ قادر عەزیز مەعروف | 303 |
| 126 | ڕەسوڵ کەریم ڕەسوڵ حوسێن (دکتۆر) | 305 |
| 127 | ڕەسوڵ مەحمود حەسەن یوسف (شێخ وەسانی) | 307 |
| 128 | ڕەسوڵ وسو ئەحمەد پیرۆت (مام غەریب) | 309 |
| 129 | ڕەسوڵ ئەحمەد ڕەسوڵ | 311 |
| 130 | ڕەسوڵ ئەحمەد سلێمان شێخە (گونجاو) | 313 |
| 131 | ڕەشید حەمەد عەوڵا کامەلا | 315 |
| 132 | ڕەشید حەمەدەمین مام ئەحمەد | 317 |
| 133 | ڕەشید ئەحمەد مستەفا عومەر | 319 |
| 134 | ڕەمەزان محەمەد حەجی شێخە | 321 |
| 135 | ڕەمەزان ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد | 323 |
| 136 | ڕەوەند ڕەحمان ڕەسوڵ شێخە (پەرچەم) | 325 |
| 137 | زاهیر قادر مستەفا ئیبراهیم | 327 |
| 138 | زاهیر مستەفا عوسمان خدر (هەژار) | 329 |
| 139 | زرار حوسین حەمەدەمین اوسو (جۆلا) | 331 |
| 140 | زرار گچکە عەبدوڵلا | 333 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 141 | زرار ئەحمەد سلێمان عەبدوڵڵا | 335 |
| 142 | زوبێر حەسەن زوبێر حوسێن | 337 |
| 143 | زوبێر ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم | 339 |
| 144 | زوبێر حوسێن حەمەدەمین اوسو (جۆلا) | 341 |
| 145 | زوبێر عەزیز مەعروف خدر | 343 |
| 146 | زیاد شەریف محەمەد مەحمود (باویانی) | 345 |
| 147 | زیاد مستەفا ئەحمەد سلێوە | 347 |
| 148 | سابیر قادر ئیبراهیم مستەفا (چالاک) | 349 |
| 149 | سابیر عەزیز حوسێن وسو | 351 |
| 150 | سادق قادر عەزیز مەعروف | 353 |
| 151 | سالار حەسەن لەتیف حەمەدەمین (ڕواندزی) | 355 |
| 152 | ساڵح قادر نەبی عەلی | 357 |
| 153 | ساڵح محەمەد دەروێش عەبدوڵڵا (کەویار) | 359 |
| 154 | ساڵح محەمەد عوسمان قادر (فیتەر) | 361 |
| 155 | ساڵح مستەفا قادر ئەحمەد (بورەیی) | 363 |
| 156 | ساڵح مستەفا حەمەد وسو | 365 |
| 157 | ساڵح ئەمین ساڵح ئەمین (سەید ساڵح) | 367 |
| 158 | ستار مستەفا ئەحمەد ڕەسوڵ | 369 |
| 159 | سلێمان بایزید عەبدورەحمان (شەهید دکتۆر سلێمان) | 371 |
| 160 | سلێمان حەمەد خدر حوسێن | 373 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 161 | سەلمان عالی ئەحمەد باس | 375 |
| 162 | سلێمان ئەبوبەکر عوسمان ئەبوبەکر | 377 |
| 163 | سلێمان ئەحمەد مستەفا عومەر | 379 |
| 164 | سمایل مستەفا قادر ئەحمەد | 381 |
| 156 | سەباح سەلیم ئەحمەد (هاوڕێ کاوە) | 383 |
| 166 | سەدیق حەسەن حاجی مەلا مام اغا | 384 |
| 167 | سەدیق سلێمان مستەفا کامەلا | 386 |
| 168 | سەدیق عەزیز مستەفا (شەهید: سەدیق عەزیز (هەندرێن)) | 388 |
| 169 | سەعدەدین عەزیز خدر ڕەسوڵ | 390 |
| 170 | سەفین مەجید حەمەدەمین یەحیا | 393 |
| 171 | سەلاح سەعید عەبدولقادر (شێخ سەڵاح) | 395 |
| 172 | سەلاح مستەفا عەولا کامەلا | 397 |
| 173 | سەلاح ئیبراهیم محەمەد ئەمین (سەڵاح دیلمانی) | 399 |
| 174 | سەلیم زرار مەحمود جەواد (چۆمانی) | 402 |
| 175 | سەلیم کەریم مەحمود سلێمان (ڕەوەند) | 404 |
| 176 | سەلیم محیَ الدین حارس عەبدوڵڵا | 406 |
| 177 | سوڵتان ئەحمەد حەسەن حەمەد (خاڵە دێهاتی) | 408 |
| 178 | سیامەند قادر حەمەد مینە | 410 |
| 179 | سیاوش قادر حەمەد مینە | 412 |
| 180 | شاسوار حاجی کەریم (شەهید: شاسوار حاجی کەریم | 414 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 181 | شالاو حائیز حەمەد حائیز | 416 |
| 182 | شەریف محەمەد مەحمود | 418 |
| 183 | شەماڵ ئەحمەد قادر ئیبراهیم | 420 |
| 184 | شەیدا سابیر عەولا وەسمان | 422 |
| 185 | شێخە فەتاح شێخ حارس (شەهید ڕابەر ڕەواندزی) | 424 |
| 186 | شێخە مستەفا حەمەدەمین سلێمان | 426 |
| 187 | شێرزاد عەبدولڕەزاق عەبدوڵلا (گەلاڵی) | 428 |
| 188 | شیس عەزیز مەعروف (شەهید خاڵە سیسۆ) | 431 |
| 189 | عسمەت تەها ئەحمەد | 434 |
| 190 | عەبابەکر کەریم عەبابەکر کەریم | 436 |
| 191 | عەبدولواحید عوسمان خدر (شەهید کاکە سوور) | 438 |
| 192 | عەبدولخالق حەمەد عەلی مستەفا (هیرانی) | 440 |
| 193 | عەبدولخالق سەعید ساڵح ئەمین | 442 |
| 194 | عەبدولڕەحمان جەلال ئەحمەد فەقێ (کۆڕەک) | 444 |
| 195 | عەبدولڕەحمان حەسەن حاجی مەلا (کەزیانی) | 446 |
| 196 | عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن (ناوخۆش) | 448 |
| 197 | عەبدولڕەحمان ئەحمەد حوسێن (لالۆ) | 450 |
| 198 | عەبدولڕەزاق سلێمان مستەفا کامەلا | 452 |
| 199 | عەبدولڕەزاق عەبابەکر کەریم عەبابەکر | 454 |
| 200 | عەبدولڕەزاق ئەحمەد عەبدوڵلا (ڕەزۆ) | 456 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 201 | عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر | 458 |
| 202 | عەبدولکەریم حەسەن مستەفا (شاخەوان) | 460 |
| 203 | عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا (شۆڕش چۆمانی) | 463 |
| 204 | عەبدوڵڵا تەها ئەمین تەها | 465 |
| 205 | عەبدوڵڵا حەبیب عەبدوڵڵا سلێمان | 467 |
| 206 | عەبدوڵڵا حەمەد موراد عەولا (چۆمانی) | 469 |
| 207 | عەبدوڵڵا حەمەد میر خدر | 471 |
| 208 | عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسوڵ | 473 |
| 209 | عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ئەحمەد ڕەسوڵ (ڕامبۆ) | 475 |
| 210 | عەبدوڵڵا سلیمان ئەحمەد وسو | 477 |
| 211 | عەبدوڵڵا سەعید ساڵح ئەمین (کاکە شێخ) | 479 |
| 212 | عەبدوڵڵا شێخە محەمەد ڕەسوڵ | 481 |
| 213 | عەبدوڵڵا عەلی ئەحمەد (مامۆستا عەبدوڵڵا) | 483 |
| 214 | عەبدوڵڵا غەفور ڕەسوڵ مەحمود (عەبدوڵڵا مەلا) | 485 |
| 215 | عەبدوڵڵا قادر (شەهید حاجی شێخ وەسانی) | 487 |
| 216 | عەبدوڵڵا موسلیح حەمەدەمین (عەولا بۆر) | 490 |
| 217 | عەبدوڵڵا ناسر حوسێن ئەحمەد | 494 |
| 218 | عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا (مام بەکر) | 496 |
| 219 | عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەزیز (کانی بەردی) | 498 |
| 220 | عەدنان محەمەد وەلی ئەحمەد | 501 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 221 | عەزیز داودە حەمەدەڕەش (شەهید عەزەی داودەی) | 503 |
| 222 | عەزیز عەبدوڵڵا لاس خدر | 507 |
| 223 | عەزیز فەتاح خدر مەلا شێخ (عوزێر فەقیانی) | 509 |
| 224 | عەزیز محەمەد حەمەدەمین مستەفا | 512 |
| 225 | عەزیز محەمەد شەفیع (شەهید: عەزیز محەمەد شەفیع) | 514 |
| 226 | عەزیز مەحمود حوسێن ئەحمەد (مام کارۆخ) | 516 |
| 227 | عەلی ڕەسوڵ ئەحمەد (شەهید عەلی سەیدە) | 518 |
| 228 | عەلی مستەفا عەوڵا عەبد (عەلی ئاربیجی) | 520 |
| 229 | عەلی مەحمود خدر قادر (عەلی پردەشاڵی) | 522 |
| 230 | عەلی ئەحمەد فەقێ ڕەسوڵ (کرێکار) | 524 |
| 231 | عەلی ڕەسوڵ حەمەدەمین عەبدوڵڵا (کارزان) | 526 |
| 232 | عەلی حەسەن مستەفا حەسەن (ئێنەیی) | 528 |
| 233 | عەلی حەمەدەمین عەلی (عەلی مینە ئاغا) | 530 |
| 234 | عەلی ڕەسوڵ حوسێن خدر | 532 |
| 235 | عەلی مەلا باس ( عەلی ئاغای بوران) | 534 |
| 236 | عەوڵا حەمەد حوسێن حەمەد (مام عەبدوڵڵا) | 537 |
| 237 | عەوڵا خدر عەبابەکر ووسو (عەوڵا شێخە) | 540 |
| 238 | عەوڵا سلێمان شێخە ئەحمەد | 542 |
| 239 | عوسمان حەسەن قادر ئیبراهیم (گۆڕەشینی) | 544 |
| 240 | عوسمان ڕەحمان ڕەسوڵ (دۆلار) | 546 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 241 | عوسمان سلێمان عوسمان (مەلا وەسمان) | 548 |
| 242 | عوسمان ئەحمەد مستەفا (دەروێش) | 550 |
| 243 | عومەر ڕەسوڵ عومەر حەکیم | 552 |
| 244 | عومەر ڕەشید محەمەدەمین عەلی | 554 |
| 245 | عومەر فەقێ ئەحمەد بابەکر وسو (شێخ وەسانی) | 556 |
| 246 | عومەر محەمەد عالی حەمەد (دەربەندی) | 558 |
| 247 | عومەر موسڵح حەمەدەمین تەها | 560 |
| 248 | عومەر وسو ئەحمەد حەمەد | 562 |
| 249 | عومەر ئەحمەد تەها حەمەد (عومەر ئاغای جیهاز) | 564 |
| 250 | عومەر ئەحمەد خان خدر | 566 |
| 251 | غازی خالید ڕەسوڵ (شەهید غازی بێراوەیی) | 568 |
| 252 | غەفور حارس مام کاک عەبدولڕەحمان (ڕێباز) | 570 |
| 253 | غەفور حوسێن حەسەن خدر (ئەبوخەلەف) | 573 |
| 254 | فاتیمە عەبدوڵلا ئیبراهیم شێخە (دابان) | 575 |
| 255 | فارس شەریف محەمەد مەحمود (ئاسۆ باویانی) | 577 |
| 256 | فاروق ئەحمەد محەمەد عەلی | 579 |
| 257 | فریاد محەمەد فەقی حەسەن (فریاد ڕواندزی) | 581 |
| 258 | فەتاح برایم حەمەد باس (شۆڕش بورەیی) | 585 |
| 259 | فەتاح قادر مەحمود حەمەد (خاڵە فەتاح) | 587 |
| 260 | فەتاح ئیبراهیم حەمەدەمین (فەتاح ڕەزانی) | 589 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 261 | فەرهاد جەمیل حەسەن (فەرهاد خەیلانی) | 591 |
| 262 | فەرهاد ڕەسوڵ خدر حوسێن (ماونی) | 593 |
| 263 | فەرهاد یوسف مستەفا وسو (کاوانی) | 595 |
| 264 | فەرید خدر مەلا مام (دکتۆر فەرید) | 597 |
| 256 | فەیسەڵ ڕەسوڵ حەمەد (فەیسەڵ چاوشین) | 599 |
| 266 | فەیلی عەبدولوهاب محەمەد (جوندیانی) | 601 |
| 267 | فوئاد عەبابەکر کەریم عەبابەکر | 603 |
| 268 | قادر حەمەد مینە ئەحمەد (قادر خەبات) | 605 |
| 269 | قادر خالید قادر حوسێن (ڕزگار) | 608 |
| 270 | قادر ڕەسوڵ حەمەد مەحمود (بێستون) | 610 |
| 271 | قادر عەزیز مەعروف (قادرە کۆر) | 612 |
| 272 | قادر عوسمان عەزیز (قادر سەرانی) | 614 |
| 273 | قادر عومەر عالی حەمەد (سەکری) | 616 |
| 274 | قادر مستەفا ئەحمەد (قادر بێشەیی) | 618 |
| 275 | قادر مەحمود حەسەن غەفور | 620 |
| 276 | قادر فەقێ قادر ئەبابەکر (سەنگەر) | 622 |
| 277 | قارەمان جەلیل ئەحمەد (شەهید قارەمان ڕۆستی) | 624 |
| 278 | کارزان مستەفا عوسمان (شەهید کارزان شەقڵاوەیی) | 626 |
| 279 | کاکە سلێمان بۆکر عوسمان | 628 |
| 280 | کامەران ئەبوبەکر عەبدوڵڵا (ڕایاتی) | 630 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 281 | کاوە حەبیب عەبدوڵلا سلێمان | 632 |
| 282 | کاوە مورشید ساڵح ئیسماعیل | 634 |
| 283 | کەریم ڕەسوڵ حوسێن ئەحمەد | 636 |
| 284 | کەریم عەبابەکر کەریم عەبابەکر (هۆگر) | 638 |
| 285 | کەریم ئیبراهیم حەمەد (شەهید مام ڕێبوار) | 640 |
| 286 | کەمال حاجی ئاغا (شەهید لیوا کەمال) | 642 |
| 287 | کەمال حەمەد مەولود (کەمال قیتۆ) | 645 |
| 288 | کەمال شێخە قادر عومەر | 647 |
| 289 | کەمال مستەفا عەبدوڵکەریم (شێخ کەمال) | 649 |
| 290 | لادێ حەسەن حەمەد حەسەن | 651 |
| 291 | لوقمان حوسێن عوسمان (بەشدار) | 653 |
| 292 | مامەند مستەفا ئەحمەد باس (بورەیی) | 655 |
| 293 | محەمەد فەقێ ئەحمەد (شەهید محەمەد بیکەیسی) | 657 |
| 294 | محەمەد مستەفا مەلا (شەهید محەمەد سیاسی) | 660 |
| 295 | محەمەد حاجی خدر عومەر (مام سۆفی) | 663 |
| 296 | محەمەد حەسەن حاجی مەلا | 665 |
| 297 | محەمەد حەسەن حەمەدەمین (ئامانج) | 667 |
| 298 | محەمەد حەسەن ڕەسوڵ ئەحمەد | 669 |
| 299 | محەمەد حەمەد کامەلا عەلی (ئەندام) | 971 |
| 300 | محەمەد حوسێن حەمەد باس (هێمن بورەیی) | 673 |

# ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 301 | محەمەد حوسێن قادر ئەحمەد (ڕێباز قەڵاتی) | 675 |
| 302 | محەمەد خدر تەها مەحمود (خەبات) | 677 |
| 303 | محەمەد دەروێش ئەحمەد وسو | 679 |
| 304 | محەمەد ڕەسوڵ عەلی ئەحمەد | 681 |
| 305 | محەمەد ڕەسوڵ ئەحمەد عومەر (محەمەد سەیدە) | 683 |
| 306 | محەمەد سلێمان عوسمان سەلام | 685 |
| 307 | محەمەد عەبدولڕەزاق حەسەن (کوردە) | 687 |
| 308 | محەمەد عەبدوڵلا حەمەد (شەهید حەمە هەژار) | 689 |
| 309 | محەمەد عەزیز سەعید ئەحمەد | 691 |
| 310 | محەمەد عەلی مەولود محەمەدەمین (حەمە سور) | 693 |
| 311 | محەمەد عەلی ئەحمەد عەبدوڵلا | 695 |
| 312 | محەمەد عوسمان (شەهید محەمەد ناوبەرگەیی) | 697 |
| 313 | محەمەد قادر حەمەد تەها | 699 |
| 314 | محەمەد قادر ئەحمەد مستەفا | 701 |
| 315 | محەمەد قودسی عەبابەکر (شەهید محەمەد قودسی) | 703 |
| 316 | محەمەد مەحمود حەسەن (حەمەلاو) | 705 |
| 317 | محەمەد موسا حوسین قاسم | 707 |
| 318 | محەمەد مینە مینە قادر (کوێخا ماوی) | 709 |
| 319 | محەمەد نەبی باوکر (شەهید پشکۆ) | 711 |
| 320 | محەمەد نەبی ڕەسوڵ ئەحمەد | 713 |

## ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 321 | محەمەد ئەحمەد ڕەسوڵ (حەمە بچکۆل) | 715 |
| 322 | محەمەد یوسف عەبدوڵلا ڕەسوڵ | 717 |
| 323 | محەمەد ئۆمەر حەمەد مستەفا | 719 |
| 324 | محەمەد ئیبراهیم حەمەد (سۆفی) | 721 |
| 325 | محەمەد ئیسماعیل ئەحمەد ڕەسوڵ | 723 |
| 326 | محەمەدەمین عومەر حەمەد (محەمەدەمین بندایزانی) | 725 |
| 327 | محەمەدەمین محەمەدەمین عەلی (مام هەژار کەوەرتی) | 728 |
| 328 | محیٰ دین حەمەدەمین مستەفا (کۆیلەیی) | 730 |
| 329 | مزەفەر عەبدوڵلا قادر خدر | 732 |
| 330 | مستەفا جەرجیس ئەلیاس عەبدوڵلا | 734 |
| 331 | مستەفا حوسێن حەمەدەمین | 736 |
| 332 | مستەفا سلێمان عوسمان سەلام (بلەیی) | 738 |
| 333 | مستەفا عەزیز مەعروف خدر | 740 |
| 334 | مستەفا عەولا میر خدر (زابتە شێتە) | 742 |
| 335 | مستەفا محەمەد محەمەدەمین مستەفا | 744 |
| 336 | مستەفا محەمەد مستەفا مەحمود | 746 |
| 337 | مستەفا ئەحمەد حەمەد ئەحمەد (مەلا مستەفا) | 748 |
| 338 | مستەفا ئەحمەد خدر بابەکر (ڕەنجە) | 751 |
| 339 | مستەفا ئەحمەد (شـــەهید مستەفا گەرەوەیی) | 753 |
| 340 | مستەفا ئیبراهیم داود ئۆمەر (مام هەندرێن) | 755 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 341 | مسعود عەزیز ئەحمەد (خاڵە مەسعود) | 757 |
| 342 | معین مستەفا عەولا عەزیز (شاهۆ) | 759 |
| 343 | مەجید مستەفا عەزیز ئەحمەد (مەلا مەجید) | 762 |
| 344 | مەحمود حەسەن غەفور حەکیم | 764 |
| 345 | مەحمود خورشید مەحمود (شـەهید خولە) | 766 |
| 346 | مەحمود ڕەسوڵ ئەحمەد (چاوشین) | 768 |
| 347 | مەحمود ئەحمەد عەبدوڵلا (شـەهید خولە کوێستانی) | 770 |
| 348 | مەزهەر عەبدولکەریم قادر خدر | 772 |
| 349 | مەغدید محەمەد عەزیز (هەڵۆ) | 774 |
| 350 | مەغدید ئەحمەد خدر ئەحمەد | 776 |
| 351 | مەغدید عەلی ڕەسوڵ (مەغدید گەرەوەیی) | 778 |
| 352 | مەلا برایم داود ئۆمەر (کۆدۆ) | 780 |
| 353 | مەلا کریم خانە ئەحمەد (شەهید: مەلا کریم خانە) | 782 |
| 354 | مەلا ئەحمەد سلێمان (شەهید مەلا کوردستانی) | 784 |
| 355 | مەولان تەها قادر تەها (شەهید مەولان دەرگەڵەیی) | 786 |
| 356 | مەولود حەسەن یوسف (شەهید مەولود شێخ وەسانی) | 788 |
| 357 | موحسین حەسەن عایز تاهیر (مێرگەیی) | 790 |
| 358 | موراد ئەحمەد فقێ ڕەسوڵ (خاڵ موراد) | 792 |
| 359 | میدیا عەبدوڵلا حەبیب عەبدوڵلا | 794 |
| 360 | مینە حاجی خدر عومەر | 796 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 361 | مینە حەمەد مینە ئەحمەد (خەبات) | 798 |
| 362 | نامیق سدیق مەلا (شـەهید نامیق کـوڕێ) | 800 |
| 363 | نەبەز سەعید عەبدولقادر (شێخ نەبز) | 802 |
| 364 | نەبی جەبار حەمەدەمین ڕەسوڵ | 804 |
| 356 | نەبی ئیبراهیم نەبی مەحمود | 806 |
| 366 | نەبی خدر نەبی مەحمود (نەبی چالاک) | 808 |
| 367 | نەجات شەریف محەمەد مەحمود (باویانی) | 810 |
| 368 | نەجم محمەد حوسێن (شەهید مەلا نەجم بالیسانی) | 812 |
| 369 | نەوزاد ئەحمەد محەمەد (دکتۆر ڕێبوار) | 815 |
| 370 | نیاز جەلال حەمەدەمین (نیاز دەرگەڵەیـی) | 817 |
| 371 | هـاوار جەلال بەگ (حازم) | 819 |
| 372 | هەڵمەت ئیسماعیل یوسف (هەڵمەتەڕەش) | 821 |
| 373 | هەینی سابیر عەزیز ڕەسوڵ (مامۆستا هەینی) | 823 |
| 374 | هونەر محەمەد مەولود (دکتۆر هونەر) | 825 |
| 375 | واحید عەبدوڵڵا قادر (هەڵگورد) | 827 |
| 376 | وسو مستەفا عەولا کامەلا (وسوی خەجێ) | 829 |
| 377 | وسو ئەحمەد شێخ وەسانی (**شێخ وەسانی**) | 831 |
| 378 | وشیار ئەحمەد محەمەد عەلی (ڕێباز) | 833 |
| 379 | یەحیا مەحمود حەمەدەمین (شـــەهید: مەلای مەحمود | 835 |
| 380 | یوسف حەسەن حوسێن (شەهید هەورۆ) | 838 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 381 | یوسف ئیبراهیم خدر (شەهید یوسف گەڵاڵەیی) | 840 |

# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان ـ سۆران

# ئەحمەد دەروێش






- ناوی تەواو: ئەحمەد مستەفا ئەحمەد مستەفا
- ناسراوە بە: ئەحمەد دەرویش
- ساڵی لە دایکبوون: ١/ ٧/ ١٩٣٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەڵزە، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: فاتیمە ڕەسوڵ حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی: محەمەد، نەجات، عوسمان، فەخرەدین، ئەیوب، خالید، گوڵ
- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە لە سنوری باڵەکایەتی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتایەکان لەگەڵ هەڤاڵ (عەلی کۆ)
- لە ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی ئەوەی خانەوادوەکەی لەلایەن بەعسەوە زیندانی کراون دابڕاوە لە پێشمەرگایەتی
- لە ساڵی ١٩٨٧ دوبارە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات بە تیپی (١٢) ی سۆران
- لە ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە دەستەی ڕەوان شاد (قادر خەبات) لە مەکتەب عەسکری .
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە سنوری مەڵەکان
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەکتەبی سیاسی
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٨١

# ئەحمەد تەها ئەحمەد حارس





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: احمد تها احمد حارس

ناز ناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ژمارە: ١٤٥٥

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەحمەد تەها ئەحمەد حارس

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گەڵاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سەلمە زرار عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: چراخان، چنار، باڵەک، شەمال، کەنار، ژاڵە، بریار

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: لەتیپەکانی ٧٤ی باڵەک و تیپی ٧٨ی کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٥٥

# شەهید: ئەحمەد ماونی



شـەهید: ئەحمەد ڕەسوڵ ماونی

- ناوی تەواو: ئەحمەد ڕەسوڵ خدر حوسێن
- ناسراوبە: حەمدە بۆر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٧٣/٧/١
- شوێنی لە دایکبوون: گوندی ماونان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوندی بە هێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٩
- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٤) کە شەهید ڕەحمان سەیدە فەرماندەی بەتالیۆنی (٤) بووە.
- لە ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کورستانی کردووە تا کەرکوکی قودسی کوردستان.
- دواتر لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەشکری (١١) ی باڵەک
- ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٥/٧/١٣

# حەمە بچکۆل




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
احمد بچکۆل
ژمارە: ١٥٠٦

- ناوی تەواو: ئەحمەد برایم خدر عومەر

- ناسراوە بە: حەمە بچکۆل

- ساڵی لە دایکبوون: لەنفوس نوسراوە ١٩٧٢ بەڵام لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٦٥ لە دایکبووە.

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئێنێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سنور محەمەد حاجی

- ناوی منداڵەکانی: فریشتە، هیوا، تریفە، ئومێد

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٠ دەستگیر دەکرێ لە چۆمان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- دواتر لە تیپی (٧٤) باڵەک، کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی ١٩٨٥دەگوازرێتەوە تیپی (٩٩) ی بیتوێن

- لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ مەفرەزەیەک دەگوازرێنەوە بارەگای مەڵبەندی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو پارتیزان بووە لە کارۆخ لە ڕەتلی شەهید ڕەحمان سەیدە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە..

- لە ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ بریندار بووە لە مەنزوومەی هەولێر

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی وەک بەتالیۆن/ هێز/ تیپ/ لە شکر/ فەوج درێژەی بە خەبات داوەو هەمیشە بەرگریکارێکی دلسۆزی نیشتمان بووە.

- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین: لە ساڵی ١٩٩٥ فەرماندەی هێزی (٢٤)ی چۆمان بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ ئەندامی فەرماندەیی (١١) باڵەک بووە، دواتر کراوەتە فەرماندەی فەوجی (٣) ی ڕاگەیاندن، دواپلەی  فەرماندەی فەوج ی (٣) یەکەی  (١٢٤) ی خۆشناوەتی.

- دەرچووی خولی (٣)ی سەربازی قەڵاچۆلانە، خولی تەرقیە، خولی حەرەکات..

ناوبراو: ئێستا بەردەوامە لە ئەرکدا فەرماندەی فەوجە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٠٦

# ئەحمەد وەرتی





- ناوی تەواو: ئەحمەد مستەفا فەقێ عەبدولڕەحمان ئیبراهیم

- ناسراوە بە: ئەحمەد وەرتی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئامینە محەمەد حەسەن

- ناوی منداڵی: نارا

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٩١)ی سەفین، کەرتی (٣) ئەوکات هەڤاڵ (خالید حاجی) فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: لە سنوری (زەڵێ) بەتالیۆنی (٤)

- لەکۆتا تەشکیلات ناوبراو دەکرێتە فەرماندەی (مەفرەزە لە کەرتی (١)

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە لەڕزگارکردنی شاری هەولێر و کەرکوک.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕاپەڕین و دواتر تەشکیلاتی سوپای یەکگرتووی کوردستان ناوبراو کرایە (جێگری فەسیل).. دواتر لە لیوای تایبەت کراوەتە (معاون سریه)

- ناوبراو لە ٣١ی ئاب بەشداری کردووەو دواتر ئاوارەی شاری ڕانیە دەبێت

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٥٢

# شـەهید: فقێ بورەیی



شـــەهید: فقێ بورەیی

- ناوی تەواو: ئەحمەد مستەفا ئەحمەد باس
- ناسراو بە: فقێ بورەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بوران، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سوهیلە شێخە ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: توانا، دلنیا، لەیلێ، سیما، سروە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری چالاکی تیپەکەی کردووە.
- ناوبراو یەک جار بریندار بووە لە قەندیل
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین فەرماندەی (کەرت) بووە لەبارەگای تیپ
- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ڕاپەرین بەشداری کردوەو ڕۆڵی کارای هەبووە لەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە.
- دواترلە بەتالیۆنی (٤) تەشکیلاتی ئەوکاتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لەساڵی ١٩٩٥بۆ ١٩٩٦لە لەشکری باڵەک میحوەری لێوژە خەباتی درێژە پێ داوە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین (عقید) بووە.
- بەشداری خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردووە
- ڕۆژی ماڵئاوایی: ٢٠٠٣/٨/٢ بەڕوداوی ئۆتۆمبێل

# مەلا ئەحمەدی وەرتێ





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: احمد محمود احمد محمود

نازناو: مەلا احمد

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٣

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمارە: ١٦٨٣

مام جلال

- ناوی تەواو: ئەحمەد مەحمود ئەحمەد مەحمود

- ناسراوە بە: مەلا ئەحمەدی وەرتێ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٣

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)ی هەولێر

- دوای ئەنفالەکان بەبڕیاری شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی ئێران بووە.

- لە ساڵی ١٩٩١ ناوبراو گەڕاوەتەوە کوردستان

- ناوبراو کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکی بەهێزی ئەم سنورە بووە...

- لە ١١/١/ ٢٠١٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٨٢

# دکتۆر ئاری




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و لەپێناویدا خەباتیان کردووە
ناوی چواری: احمد نجم الدين احمد حسين
نازناو: د.ئاری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٤٤٧
مام جلال

ـ ناوی تەواو: ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد حوسێن

ـ ناسراوە بە: دکتۆر ئاری

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەردی، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ماستەر لە یاسا

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: شیلان حەمەدەمین ئەحمەد

ـ ناوی منداڵەکانی: سۆما، سیما، نما، نیگا، شەیما

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ پاش ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان ژمارەیەک کادیری ڕێکخستنەکانی هەولێریان دەستگیر کرد، لەوانە بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە (حەیدەر جوکل) شێواوییەک لە ڕێکخستنەکاندا پەیدا بوو. لەم قۆناغەدا دکتۆر ئاری ماوەی دوو مانگ ڕۆڵێکی دیاری لە ڕێکخستنەوەی شانەکان و دەستنیشان کردنی بەرپرسەکان و گۆڕینی ڕایەڵەی پەیوەندییەکاندا بینی.

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لە ئازاری ساڵی ١٩٨٦ گوندی توتمە

ـ ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)

ـ پاش دوو مانگ گوازرایەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ بە پلەی کادیر..

ـ لە هەمان ساڵدا لەگەڵ (١٢) کادیری پزیشکی تیپەکاندا ڕەوانەی کرماشان کران بۆخولێکی تایبەت بە زانیاری خۆپاراستن لەسەر چەکی کیمیایی.. دواتر ناوبراو گەڕایەوە تیپی ٧٨ی کارۆخ..

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە زۆربەی ئۆپراسیۆنەکانی داستانی قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، گرتنی تەق تەق، گرتنی بارەگای کەرتی جەیش شەعبی ئەبو جەعفەری مەنسور کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو تاقیکردنەوەی لەسەر ئەو گازە کیمیایە کرد کە فرۆکەکانی عێراق لەگوندی وەرتێ بەکاریان هێنابوو بۆی دەرکەوت لە جۆری سارینە.. پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆسەر سنور وەک پارتیزان لەناوچەکە مایەوە... دواتر لە قاسمەڕەش و زەڵــێ گیرسایەوە ئەرکەکانی خۆی وەک کادیرێکی پزیشکی بەڕێوە بردو لە ساڵی ١٩٩٠ دا بۆ بنکەی

تەندروستی ئۆردوگای ئاوارەکانی هەنگەوێ ـ لاوێ گوێزرایەوە..

ـ لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە ڕزگارکردنی ڕانیەو شەقلاوە دا کرد..

ـ دواتر وەک ئەندامی بەرەی کوردستانی لە هەریر دەستبەکار بووە، دواتر لە کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان کاری پێ سپێردراوە..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ڕێکخەر

ـ لە ساڵی ٢٠٠٢ ـ ٢٠٠٣ بوە جێگری لێپرسراوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش.. لە ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی ڕاوێژکار لە وەزارەتی تەندروستی دامەزراوە لە ساڵی ٢٠٠٥بەهەمان پلە خانەنشین کرا.. لە ساڵی ٢٠٠٩ گەڕایەوە بۆ کاری حکومەت کرا بە بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ..

ـ دواپلەی: کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی سۆران


ـ لە ئێستادا بەڕێوەبەری گشتییە لە کابینەی (٩)

ـ ناوبراو چەندین خولی ڕۆشنبیری، کارگێڕی، یاسایی بینیوە..

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٤٧

# ئەحمەد كۆ





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: ئەحمەد وسو ئەحمەد پیرۆت
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٥٣٨

- ناوی تەواو: ئەحمەد وسو ئەحمەد پیرۆت

- ناسراوە بە: ئەحمەد کۆ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەواربووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فەخری مستەفا موراد

- ناوی منداڵەکانی: سەرباز، کەمال، تەها، ڕێباز

- لە ساڵی ١٩٨٠ تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە لە هەرێمی (١٤)

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) بریندار بووە. لە ڕانیە، گەرۆیان

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٢٨

# ئارام مستەفا عەولا عەزیز





- ناوی تەواو: ئارام مستەفا عەولا عەزیز

- ساڵی لە دایکبوون:١/١/ ١٩٦٩

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی فەقیان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بێگەرد عەلی فەرج

- ناوی منداڵەکانی: لەنیا، دونیا، نەوا، نیگا

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٤)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند شەڕو بەرگریەک کردووە لە سنوری تیپی (١٢)ی سۆران.

- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین، ئەندام کۆمیتەی گومرگ.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە

- دوا ئۆرگانی ڕێکخستن: ئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی (٦)ی سۆران.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٦٢

# ئاریز عەبدوڵڵا



- ناوی تەواو: ئاریز عەبدوڵلا ئەحمەد

- ساڵ و شوێنی لە دایکبوون: ١٩٦٤، گوندی )ئالانە ( کە ئەو کات سەر بە قەزای ڕواندز و ئێستا سەر بە ناحیەی خەلیفانە – هەولێر.

- ئاستی خوێندن: تا قۆناغی سێی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری– زانکۆی سەلاحەدین بەهۆی گیرانیەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.

- باری خێزان: خێزاندارە و هاوسەرەکەی ناوی مەلیحە حسین جۆلایە و کچێکی هەیە بەناوی تاڤین.

- باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان ڕژێم و کورد دەستپێدەکاتەوە خێزانەکەیان ئاوارەی ئێران دەبن و بۆ ماوەی یەک ساڵ لە دیزفول و خورەم ئاباد دەمێننەوە.

- پاییزی ١٩٧٥ دەگەڕێنەوە کوردستان، بەڵام ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەزاران خێزانی تر ڕەوانەی باشووری عیراق دەکرێن و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ناحیەی ئیسلاح-ناسریە دەمێننەوە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٩- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە سۆسیالستی).

- کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکات. لەو سەروبەندەدا ناوبراو هەڵسوڕاوێکی چاپووک و دڵسۆز و چاونەترس بووە، لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری دەستەیەکی پێشمەرگەی ناو شار پێکدەهێنن و چەندین چالاکی پێشمەرگانە لە دژی دامودەزگا و پیاوانی ڕژێم لە دەڤەری سۆران دەکەن، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە فەرماندە، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە فەرماندە، یان چاوساغ و ڕێنوێنی ئەو مەفرەزە پێشمەرگانە بووە کە هاتوونەتە ناو شار، جارێکیش لە ڕواندز بریندار دەبێ.

- جموجۆڵەکانی بۆتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی دەزگا ئەمنیەکان، بۆیە چەندینجار بانگ کراوە و هەڕەشەی لێکراوە، ساڵی ١٩٨٤ پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر دەکرێ، بەڵام زوو ئازاد دەکرێ و ساڵی ١٩٨٥ دووبارە دەگیرێتەوە و لە زیندانەکانی (امن) ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێ. بەهۆی نەدرکاندنی نهێنیەکان دوای شەش مانگ ئازاد دەکرێتەوە. کاتێک خوێندکاری زانکۆ دەبێت بەردەوام پیاوانی ڕژێم گێچەلی پێدەکەن. ساڵی ١٩٨٧ دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم بەمەبەستی دەستگیرکردنەوەی هەڵدەکوتنە سەر ماڵی، بەڵام دەرباز دەبێ و کەسوکارەکەی دەگیرێن و هەر بەو هۆیەشەوە (ئەحمەد)ی برای بە کەمئەندامی لە زیندان دەردەچێ و (سەروەر)ی براشی بۆ ماوەی پێنج ساڵ سزا و زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێ.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧– دەڤەری شەقلاوە .

- ئۆرگان: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

- لەناوچەکانی شەقلاوە و ئاکرێ و ئامێدی پێشمەرگایەتی دەکات.

- سەرکردایەتی و بەشداری چەندین شەڕ و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.

- هاوینی ساڵی ١٩٨٨ لەناوچەی خواکورک، لەسەر سنووری عێراق ـ تورکیا لەگەڵ (٤) پێشمەرگەی تردا لە ئەشکەوتێکدا لەلایەن سوپای تورکەوە بەدیل دەگیرێن و تا پاییزی ساڵی دواتر لە زیندانەکانی شەمزینان و هەکاری و دیاربەکر دەمێنەوە، ڕژێمی بەعس داوای تەسلیمکردنەوەیان دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ناونیشانەکانی خۆیان بەهەڵە بە تورکیا دابوو دەوڵەتی عێراق ناتوانێ کونیەکەیان بدۆزێتەوە، بۆیە لە دیاربەکر لە دادگای (ئەمنی دەوڵەت D.G.M) دادگایی دەکرێن و بەتومەتی سنوور بەزاندن و چەک هەڵگرتن سزا دەدرێن و دۆسیەکەیان بۆ پێداچوونەوە دەنێردرێتە ئەنکەرا. دواتر بەدەستبەسەری دەنێردرێنە شاری قەیسەری و لەوێ چاوەڕوانی دوا بڕیاری دادگای باڵای تورکیا دەکەن.

- لە پاییزی ١٩٨٩ خۆی و هەڤاڵێکی بەناوی حەمید عەزیز دەگەنە شاری گەڤەر لە ویلایەتی هەکاری. بەهاوکاری کەسانی نیشتمانپەروەر ئاودیوی ڕۆژهەڵات دەبنەوە. لە (ئۆردیگای زێوە) لەنزیک ورمێ دەگیرسێتەوە.

- ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵانی (فەرهاد مەنتک، موحسین بانیمارانی، مام هادی بەرەکەیی) بە پارتیزانی دەگەڕێتەوە کوردستان و ماوەیەک لە ناوچەکانی ئاکۆ، خۆشناوەتی، ڕواندز و دەشتی هەریر دەمێنێتەوە.

- دوای گەڕانەوەی لە پارتیزانی، پایزی هەمان ساڵ دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) لە گوندی ڕاژانی ناوچەی مەرگەوەر.

- بەهاری ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین دەکات.

- لە دوای ڕاپەڕین دەبێتە ئەندامی (ئەنجومەنی پشتیوانی جەنگ) کە ئەنجومەنێکی جێبەجێکاری باڵا و بەبڕیاری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی پێکهێندرابوو.

- دەبێتەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی خولی دووەمی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی.

- ساڵی ١٩٩٣ پشتگیری لە پرۆژەکەی (سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی) سەبارەت بە یەکگرتنەوەی چەپ و سۆسیالیستەکان دەکات و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵەکانی دەگەڕێتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەبێتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن، بۆ ساڵی دواتر دەبێتە ئەندامی مەکتەبی بیروهۆشیاری و سکرتێری نوسینی گۆڤاری (ڕێبازی نوێ).

- لە ساڵی ١٩٩٥ دەبێتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران و دواتر دەبێتە فەرماندەی هێزەکانی باڵەکایەتی و بناری قەندیل.

- ساڵی ١٩٩٦ جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی سۆران دەبێ و دەشبێتە ج.سەرلەشکری ڕواندز.

- ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە ئەندامی فەرماندەیی و ج. لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە.

- ساڵی ١٩٩٩ دەبێتە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕاپەڕین- سۆران.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ شاندێک بە سەرۆکایەتی سەرۆک مام جەلال بەشداری کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە (نیویۆرک) دەکات.

- لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا (٢٠٠٣) دەبێتە کارگێڕی فەرماندەیی گشتی و فەرماندەی میحوەری شوان-کەرکوک.

- لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێ و دەبێتە سەرۆکی کۆمسیۆنی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری .

- لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٢٠١٠) بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێ، هەر ئەو ساڵە دەبێتە لێپرسراوی مەڵبەندی سۆران.

- لە ساڵی ٢٠١٤ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆکایەتی لیستی ژمارە ٢٦٦ی هەولێری (ی.ن.ک) دەکات. لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر دەنگی یەکەم و لەسەر ئاستی عێراق دەنگی نۆیەم بەدەست دێنێ.

- لە پەرلەمانی عێراق بۆ دوو خولی دوو ساڵ دوو ساڵ، لەسەر یەک بەسەرۆکی کۆمسیۆنی نەوت و وزە هەڵدەبژێردرێ.


- لە ساڵی ٢٠١٧ دەبێتە سەرۆکی فراکسیۆنی (ی.ن.ک) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

- لە کۆنگرەی چوارەمی (ی.ن.ک) بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتەوە.

- لە ساڵی ٢٠٢١ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لە سنوری ڕواندزو سۆران..
- دواتر لە لەشکری (ڕواندن) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٤٩

# حەمەدەمین فەقێ (فەلاح)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەبێسوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: حمە امین فقی رسول خزر
نازناو: فلاح
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ٥٠٨

مام جلال

- ناوی تەواو: حەمەدەمین فەقێ ڕەسوڵ خدر

- ناسراوە بە: فەلاح

- ساڵی لە دایکبوون: لە نفوس ساڵی ١٩٦٥ نوسراوە بەڵام لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٦٢ لە دایک بوە.

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: زولفا عەبدوڵڵا محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: بێستوون، مژدە، گوڵان، باران، شاهۆ، شاباز..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (١٤) ی زەلێ، ئەوکات هەڤاڵ (ئەحمەد دۆشکە) فەرماندەی کەرتی ناوبراو بوو.

- دواتر گوازراوەتەوە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) لای هەڤاڵ (حەمەی کاک همزە)

پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٧٣) ی هەلەموند، کۆتا ئۆرگان لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ ماوەتەوە تا تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان لەسەر سنور..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە شاورێ، وەرتێ، دەربی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە لە زەلێ تا کەرکوک.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە هێزو لەشکرەکانی باڵەکایەتی و سنورەکە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٥٠٨

# شەهید: حەمەدەمین خەزایی



- ناوی تەواو: حەمەدەمین مەعروف حەمەد خدر

- ناسراو بە: حەمەدەمین خەزایی

- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦/٧/١

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاکۆیان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەچۆتە قوتابخانە بەڵام خۆی فێرە نوسین و خوێندنەوە کردبوو.

- باری خێزان: خێزانداربووە

- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە حوسێن حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی شەهید: حەمەد، عزیز، پێشرەو، هەژار، سۆران، گەلاوێژ، شیلان.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩ لەڕێگای شەهید (خالیدە ڕەشی بنمێردە) ڕێکخرابوو بۆکاری ڕێکخراوەیی .

- لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، لە کەرتی تیپ بۆتە پێشمەرگە.

- دواتر لەکەرتی (٤)ی شەهیدان تیپی ١٢ی سۆران درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ناوبراو لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و چالاکیەکانی سنوری تیپی (١٢)ی سۆرانی کردووەو ڕۆڵی باشی تیابینیوە.لەوانە (قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، کۆرەنگ، دۆڵی خانەقا، دۆڵی ئاکۆیان، کێل کێل، گرتنی ناحیەی بێتواتە، شەرەکانی کاتی ئەنفال، چەکوچ، سادر

- دواپلەی لە شاخ فەرماندەی مەفرەزە بووە.

- شەهید لەڕاپەرین بەشداری کاریگەری هەبووە لە سنوری خۆیان تا کەرکوکی کوردستان.

- لەساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەفسەرو فەرماندەی سریە لە لیوای (٣٣)ی سۆرانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە.لە دوای ڕاپەرین

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٥/٨/٢

- شوێنی شەهید بوون: ڕواندز

# حەمەزیاد مەولود



- ناوی تەواو: حەمەزیاد مەولود ئەحمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداربوەکی ئەکتیڤ و کاریگەری خۆپیشاندانەکەی خوێندکاران بووە، لەشەقڵاوە ڕۆڵێکی پێشەنگی گێراوە لە خۆپیشانەکاندا، لەم سەروبەندا لەگەڵ دەیان خوێندکاری تردا دەستگیرکرا، یەکێ بوە لەکادیرە هەرە بەدەست و بردەکانی ناو ڕێکخستندا. ساڵی ١٩٨٥ بەشێکی چالاکیە ڕێکخراوەییە نهێنیەکانی بۆ زانکۆی موسڵ گواستەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ بە گومانی پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە لە شەقڵاوە بۆجاری دووەم دەستگیرکرا و ئەشکەنجەیەکی زۆر درا بۆئەوەی ناچاربکرێ ناوی هاورێکانی ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو خۆی ڕاگرت پاشان لەزیندان ڕایکردووە، هیچی نەدرکاندو پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: ئاڵای شۆڕش

- لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداربوە لە شەڕی خواکورک

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە ڕاپەریندا کردووە یەکێ بووە لەو پێشمەرگانەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکدا، پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەفسەر لەوەزارەتی پێشمەرگە دامەزراو پلەی ڕائیدی پێ درا.. لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە ئەندامی مەڵبەندی شەشی سۆران و لەم سەروبەندا سەرپەرشتی ئێزگەی مەشخەڵانی دەکرد.

- لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دا لە بارودۆخۆی شەڕی ناوخۆدا، خۆی و برایەکی لەگوندی کاوانیانی ناوچەی شەقڵاوەدا کەوتنە بۆسەوە و تەقەیان لێ کرا، لە ئاکامدا بریندار بوو چەند نەشتەرگەریەکی بۆ کرا بەڵام هیچیان ئامانجی خوازراویان بە دەست نەهێنا. ساڵی ١٩٩٦ برینەکەی تینی بۆ هێنا، هەراسانی کرد، لەم سۆنگەیەوە بۆچارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا. لە ئەڵمانیا نەشتەرگەری بۆکراو چارەسەری پێویستی بۆ کرا.. لەم سەروبەندەدا بەشداریەکی کارای لە چالاکییە ڕێکخراوەیی و مەدەنییەکانی مەڵبەندی

دەرەوە کرد.

- ساڵی ٢٠٠٢ خوێندنی لە ئینیستیتۆی ئینفۆرماتیک بۆ زمان و کۆمپیوتەر لە شاری نۆرنبێرگ تەواو کرد. لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٩ دا ڕۆڵێکی سەرەکی لەدەرکردنی دووگۆڤاردا هەبوو لە ئەڵمانیا، یەکەمیان بەناوی (پێشهات) و ئەوی تر بەناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) لەهەردوکیاندا ڕۆڵی سەرنوسەری بینیوە.

- ساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێجی یاساو سیاسەتی زانکۆی کراوەی عەرەب لە دانیمارک بەدەستهێنا.. هەرهەمان ساڵ گەڕایەوە کوردستان کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی (٣٨)ی ڕێکخستنی شەقڵاوە، ساڵی٢٠١٠ پاش تێکەڵاو کردنەوەی مەڵبەندەکان کرایە جێگری یەکەمی مەڵبەندی (٦) ی سۆران.

- لە ساڵی ٢٠١٤ لەهەولێر بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب و هونەری زانکۆی جیهان بەدەست هێنا..

- خاوەنی دووپەرتووکە لە ژێر ناوی (سیکولاریزم، ڕاسیزم، دیموکراسی) وە پەرتووکی (لێدەپرسن حزب چییە)

# حەوێز سەرکانی





- ناوی تەواو: حەوێز مەولود حەمەد مەولود

- ناسراوە بە: حەوێز سەرکانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: هەمین ڕەسوڵ ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: هەندرێن، هەنگاو، تریفە، کنێر

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت

- ناوبراو پارتیزان بووە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ڕەتلی شەهید (سەلاح دیلمانی)

- لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە تا ڕزگارکردنی شاری کەرکوک، ڕۆڵی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.

- دەرچووی خولی ئەفسەرانی دۆڵە بەفرەیە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٠٨

# حوسێن قرشە




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: حسین حاجی حسین نغز
نازناو: حسین قرشە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ٩٢٥

مام جلال

- ناوی تەواو: حوسێن حاجی حوسێن بایز
- ناسراوە بە: حوسێن قرشە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گەلاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: لمیە ئەنوەر ڕەمەزان
- ناوی منداڵی: سیما
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٥)ی گەلاڵە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) ی باڵەک
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە تا زۆربەی شاروشارۆچکەکان.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین تا پێش خانەنشین بوونی لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٢٥

# حوسێن حاجی ئاغا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: حوسێن حاجی خدر عومەر
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٤٩٣

مام جلال

- ناوی تەواو: حوسێن حاجی خدر عومەر
- ناسراوە بە: حوسێن حاجی ئاغا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئینێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: پەروین محەمەد حەسەن
- ناوی منداڵەکانی: ئەرسەلان، ئەمیر، چرا، دانیار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک، کەرتی (٢)
- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی دەدات
- لە ساڵی ١٩٨٥دەگوازرێتەوە تیپی (٩٩)ی بیتوێن، دەستەی تیپ
- ماوەیەک لە سنوری تیپی (١٢)ی سۆران ماونەتەوە..
- ئەو سالانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە داستانی ڕزگاری
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- بەشداری خولی (٨)می کادیرانی کردووە، دەرچووی خولی بەکرەجۆیە.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی ئەندامی مەڵبەند بووە
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٩٣

# هەڵۆ حەسەن





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: حسین حسن حسین حمە امین
نازناو: هەڵۆ حسن
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ٢٥٦

- ناوی تەواو: حوسێن حەسەن حوسێن حەمە ئەمین
- ناسراو بە: هەلۆ حەسەن
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: بەدیعە موسا عومەر
- ناوی منداڵەکانی: هاژە، هەورۆ، نەهرۆ
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/١٠/١٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی سنوری تیپی (١٢) کردووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین ڕێبەری سیاسی تیپی (٨٣) ی هەورێ
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینی کردووەو لێپرسراوی ڕەتلی ڕواندز بووە ڕۆڵی تیا بینیوە لە ڕزگارکردنی دەڤەری ڕواندزو دەوروبەری .
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە سنوری ڕواندز، سێ کانیان
- لە قۆناغی دوای ئەنفال ناوبراو (پارتیزان) بووە لە ساڵانی (١٩٨٩/١٩٩٠/١٩٩١)
- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو چەندین پلەی سەربازی بینیوە لە هێزو فەوج و لەشکری ڕواندز
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین لە پێشمەرگایەتی: معاون مقدم لیوای (٣٣) لە قیادەی مەنتیقەی هەولێر
- لە بواری ڕێکخستن ناوبراو ماوەیەک لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕواندز، کارگێڕی مەڵبەند، دوا پلەی لە ڕێکخستن جێگری مەڵبەندی (٦) ی سۆرانە
- لەخانەوادەکەی چەندین شەهیدی قارەمانی سەنگەر هەن لەناویاندا شەهید هەورۆی برای
- لەبواری نوسین و شیعر قەلەمێکی جوان و دونیا بینێکی گەشبینانەی خستۆتە سەر

سۆشیاڵ میدیا و هەمیشە نوسینەکانی هەستی پەرۆشی و نیشتمانی و هاندانی پێوە دیاربوە بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوتی کۆمەڵگا..

- ناوبراو لە بواری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی کادیرێکی شەهم و دیاری دەڤەری سۆران بەگشتی و ڕواندز بەتایبەت..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٣٥٦

# کاکەی شۆڕی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: حسین حسین احمد خدر
نازناو: کاکە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ٩٨٧

- ناوی تەواو: حوسێن حوسێن ئەحمەدخدر

- ناسراوە بە: کاکەی شۆڕێ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئالآنە

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: گوڵ ئیبراهیم عالـی خدر

- ناوی منداڵەکانی: کارۆخ، ڕەسوڵ، سەلاح، مەجید، غەمگین، ڕەیان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە هەڵەموند، داستانی ڕزگاری، قەیوان ماوەت

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە.


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە وەک هێزی (١٢) ی سۆران، بەتالیۆنی (٤٨) ی هەڵگورد، فەوجە هاوبەشەکان، لەشکری باڵەک

- دواپلەی: عەمید

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٨٧

- لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٢٥ لە چۆمان بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد

# شەهید: حوسێن ڕەسوڵ (شاڵاو)



- ناوی تەواو: حوسێن ڕەسوڵ ئەحمەد
- ناسراوە بە: شالاو
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کۆیلە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- باری خێزان: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (١)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- جەولەیەک لەگەڵ شەهید ڕەحمان سەیدە پارتیزان بووە..
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و هەر لە ڕاپەرینش شەهید بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- جگە لە خۆی باوکی، مامی، دوو ئامۆزای، دوو خاڵی شەهیدە..
- ڕۆژو مانگ و ساڵی کۆچی دوایی: ١٩٩١/١٢/٩

# شێخ شەماڵ



ـ ناوی تەواو: حیکمەت تۆفیق نەجیم عەبدوڵڵا

ـ ناسراوە بە: شێخ شەماڵ

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨/٥/١٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەزنە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دوا ناوەندی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: شوکریە عومەر قادر

ـ ناوی منداڵەکانی: ڕەوەز، ڕەوەند، شنە

ـ لە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆ بەشداری کردووە..

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦/٣/١

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦/٣/١

ـ ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتایەکانی دەڤەرەکە ..

ـ دواتر هەرێمی (٧)ی باڵەک، کەرتی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداری لە ئۆپراسیۆنی هەکاریدا کردوو لەگەڵ هێزێکی گەورەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چووە سەر سنوری عێراق، تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی زۆر چەک کە نیاز وابوو لە سوریاوە بەناو خاکی تورکیا بگات بە دەستی هێزی پێشمەرگە بەڵام ئۆپراسیۆنەکە سەری نەگرت و هێزە کە تووشی دژواریەکی زۆر هات، پاش گەڕانەوەیان لە هەکاری زۆربەی گوندەکانی باڵەکایەتی ڕاگوێزرابوون، ناوبراو لەم ماوەیەدا تووشی نەخۆشی بوو وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ڕاپەرین کرد، کە شەهید حەسەن کوێستانی لە گەڵاڵەوە لێپرسراویەتی دەکرد.. دوبارە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆجاری دووەم لە هەرێمی (٧) ی باڵەکەوە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.. ساڵی ١٩٨٠ وەک کادیر ئەرکی ڕێکخستنی ناوچەکانی سۆران و برادۆست و باڵەکایەتی و مێرگەسۆری گرتە ئەستۆ، وە سەرپەرشتی هێڵێکی ڕێکخستنی هەولێری کۆمیتەی ڕاپەرینشی دەکرد.

ناوبراو ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز بووە، ماوەیەک لێپرسراوی بەشی لۆجستیکی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بووە.

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری

مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز بەرپرسی ڕێکخستن بەشی لۆجستیکی مەڵبەندی ٣ سێ هەولێر بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ئەم پلەنەی بریوە (سەرتیپ، ئامربەتالیۆن، جێگری هێز، مقدەم لیوا، کارگێڕی مەڵبەند، جێگری مەڵبەند، نوێنەری مام، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانیەکان لەدەرەوەی وولات.

- لە سوپای یەکگرتووی حکومەتی هەرێم موقدەم لیوا بوە لە لیوای (٣٢)

- ناوبراو خولی کادیرانی بینیوە لە کانی توو ساڵی ١٩٨٤

- خولی فێربوونی چەک لەماڵی مۆس ساڵی ١٩٨١..

# حیکمەت وەڵاشی





- ناوی تەواو: حیکمەت عەلی مستەفا محەمەد

- ناسراوە بە: حیکمەت وەڵاشی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٩

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەڵاش

- ئاستی خوێندن: بەکالیۆریۆس لە یاسا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: بەفرین محەمەد خدر

- ناوی منداڵەکانی: ئاریز، ڕاماڵ، گرژان، تەبا، ڕێمان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خەتی گشتی) دواتر شۆڕشگێڕان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: سنوری گومرگی قەندیل، لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە سنوری قەندیل.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر..

- ــ ناوبراو لەڕۆژی ڕاپەرین لە شەقڵاوە بریندار بووە..

ــ لەساڵی ١٩٨٠ـ١٩٨١ بۆ ماوەی (٩) مانگ زیندانی بووە لەدائیرەی ئەمنی ڕژێم.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوەندی شۆڕشگێڕان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی سیاسی سنوری گومرگی قەندیل

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە هەر لە سنوری زەڵێ تاوەکو هەولێر دواتر شاری کەرکوک

- لە کۆنگرەی دووەم ناوبراو خاوەنی پێشنیاری ئەو دەستەی لە لۆگۆی یەکێتیی هەیە دەستەکە هەموو پەنجەکانی داخرابوو ناوبراو پێشنیاری کرد پەنجەی گەورە لە وێنەی دەستەکە بکرێتەوە چونکە ناکرێ گوڵەگەنم و گوڵەزەیتوون کە تەعبیر لە رسقی خەڵک دەکات لە دەستمان توندی بکەین دەبێ وای بیگرین بەخشندەیی یەکێتیی لەمەرکرانەوەی بۆ خەڵک پێوە دیار بێت، یەکەم کەس لەسەر مەسرەح مام جەلال تەئیدی کردوو دواتر


لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کرا..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: لە چەندین ئۆرگان کاری کردووە بەتالیۆنی ٦٨ی قەندیل، بەڕێوەبەری گومرگی سۆران، ئەندام کۆمیتەی فەخری چۆمان، ئەندام مەڵبەند، ل. کۆمیتەی شەهیدان، ئەندامی فەرماندەیی باڵەک ـ پشدەر بووە، کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی ڕاپەرین، بەڕێوەبەری گومرگی ڕانیە،وە قەڵادزێ، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال.. جێگری یەکەمی مەڵبەندی چۆمان، جێگری یەکەمی مەڵبەندی (٦) ی سۆران.. لە ئێستا ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسییە..

- دەرچووی دەیان خولی (سیاسی، فکری، هەڵبژاردن، خولی پەیمانگای کادیران، وە خولی ڕێکخراوەکانی بیانی)

- ژمارەی پێناسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٤٦

# شەهید: خالیدە بۆر



- ناوی تەواو: خالید حەسەن حاجی مەلا

- ناسراو بە: خالیدە بۆر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠

- شوێنی لەدایکبوون: گەرەوانی ژێری، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: کەلسومە عەلی عوسمان

- ناوی منداڵەکانی شەهید: زیبا، زیوەر، پەرۆش

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوی ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران کەرتی (١)

- لە شاخ ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بووە

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە داستانی سادروچکوچ، شەرەکانی دوای ئەنفال، وە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ڕاپەرین و پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کردووە.

- ماوەیەک لە دوای ڕاپەرین لە هێزی(١٢) ی باڵەک لەشکری ڕواندز درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە.

- ساڵ ومانگ و ڕۆژی شەهید بوون: شەوی ١٦/١٧/٨/١٩٩٦

- شوێنی شەهید بوون: چیای هندرێن

# خالید جۆڵا



- ناوی تەواو: خالید حوسێن حەمەدەمین
- ناسراوە بە: خالید جۆڵا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: سەبیعە محەمەد عەبدوڵلا
- ناوی منداڵەکانی: ئارام/ هێمن/ میدیا/ نەسرین/ ژینۆ/ زریان
- لە ساڵی ١٩٦٩ تاوەکو نسکۆی شۆڕش پێشمەرگەی کوردستان بووە.
- لەساڵی ١٩٧٦ بۆماوەی (٢) مانگ زیندانی کراوە لە دیوانیە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: ناوچەی ڕواندزی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری پارێزگای هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوچەی ڕواندز
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دەرچووی خولی ئەکادیمیای ئەفسەرانی قەلاچۆلانە.

# خالید عوسمان محەمەد تەها





- ناوی تەواو: خالید عوسمان محەمەد تەها
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ وەتمان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: گوڵ مەلا سادق
- ناوی منداڵەکانی: دابان، ڕەهەند
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە. لە (١ـ هەڵەموند ٢ـ چۆمان ٣ـ کۆیە ٤ـ جەلەولا)
- لە ساڵی ١٩٨٨ جێگری کەرتی (٢) ئەوکات (کاکە شێخ) فەرماندەی کەرت بوو.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)، تیپی (٤١)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت لە بەتالیۆنی (٤)
- لە دوای ئەنفالەکان پارتیزان بووە.
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و بەشداری لە تەواوی ڕاپەڕین کردووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دەرچووی خولی (٦)ی شەهید حەمە سەراوی لە (قەڵاچوڵان)
- لە ئێستادا لە ئەرکدایە جێگری لیوای (١١٨) ی باڵەک بە پلەی (لیوا)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٦٣

# خالید قادر حوسێن خدر





- ناوی تەواو: خالید قادر حوسێن خدر
- ناسراوە بە: مام خالید
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: ئەستی مەجید حارس
- ناوی منداڵەکانی: قادر، ئەیوب، ئیسماعیل، محەمەد، ڕزگار، ئامینە، فاتیمە
- ناوبراو لەشۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە پێشمەرگە بوە لە سنوری ڕواندز.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپ (١٢)ی سۆران/ کەرتی (١)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین بەرگری کردووە لە سنوری ڕواندز
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە ساڵی ١٩٧٤
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .
- لە ٢٠١٤/١١/٢٦ کۆچی دوایی کردووە.

# خالید مەحمود حەسەن (خاڵۆ)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمپاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: خالید مەحمود حەسەن غەفور

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٤

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨

ژمارە: ١٩٠٤

- ناوی تەواو: خالید مەحمود حەسەن غەفور
- ناسراوە بە: خالۆ
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٤
- شوێنی لەدای بوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: مەعسومە مەلا عەولا
- ناوی منداڵەکانی: ڕامان، ڕەوا، چراخان، چاوان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند بەرگریەک کردووە لە سنوری تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- دواپلەی: مفەوەزی ئاسایش
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٩٠٤

# خدرە بۆر






کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری:
نازناو: خدرە بۆر
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥

- ناوی تەواو: خدر براهیم حەمەدەمین حەسەن
- ناسراوە بە: خدرە بۆر
- ساڵی لە دایکبوون: لە نفوس ١٩٦٩ تۆمار کراوە بەڵام لە بنەڕەتدا موالیدی ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: فاتیمە قادر حەمەد
- ناوی منداڵەکانی: هاوکار، بنار، شەیما، قەندیل، سومەیە، محەمەد، سەفا
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- بۆماوەی (٦) مانگ دەچێتە ناو ڕیزەکانی (بزوتنەوەی ئیسلامی) تیپی (٧٧)ی هەڵگورد
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، بنکەی تیپ
- لە ساڵی ١٩٨٥ ناوبراو دەگوازرێتەوە تیپی (٧٤)ی باڵەک بنکەی تیپ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٧٤)ی باڵەک
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە (شەگەور)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە لە سنوری باڵەیان تا کەرکوک.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان پێشمەرگایەتی کردووە.
- دواپلەی: فەرماندەی (کەرت) لە لەشکری باڵەک، ئەوکات هەڤاڵ (موحسین بایز) سەر لەشکری باڵەک بوو.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥١٤

# خدر سەرنەوسی



- ناوی تەواو: خدر حەسەن خدر حەسەن

- ناسراوە بە: خدر سەرنەوسی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٨

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرنەوس، ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: هەمین ئەحمەد ڕەسوڵ

- ناوی منداڵەکانی: زوهری، زەینەب، ئیدریس، عەباس، ڕەزا، بەهار، سورمە، سنۆبەر، هاوار.

- لە شۆڕشی ئەیلول ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٢ بۆتە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆرش لە سنوری گەلاڵە..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: قوەتی کارۆخ

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)


- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- لە ساڵی ١٩٩٢ لە دۆڵی خانەقا بەکارەسات گیانی سپاردووە.


# خدر ڕەسوڵ مستەفا (کاوە)





- ناوی تەواو: خدر ڕەسوڵ مستەفا خدر
- ناسراوە بە: کاوە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەلزێ، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: شوکریە عەولا باپیر
- ناوی منداڵەکانی: کارزان، کاروان، فرمێسک، فێنک
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- دواتر سەنگەری گواستۆتەوە ناو حزبی شوعی
- لە کۆتا تەشکیلاتی یەکێتیی لە سەر سنور ناوبراو دوبارە سەنگەری گواستەوە ناو یەکێتیی لە بەتالیۆنی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و ئاودیوی ئێران بووە.
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لە ٢٠١٥/١/٤ کۆچی دوایی کردووە ..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٥٨

# شەهید: خدر ڕەسوڵ مینە



- ناوی تەواو: خدر ڕەسوڵ مینە ڕەسوڵ
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی زینوێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: بێری خدر نەبی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: پێشەوا، پەشێو، قاسملو، چوار چرا، چیلە، شیلە
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (١٩) ی کۆڕەک
- ناوبراو لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری لەچەندین چالاکی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر...
- دواتر لە ڕاپەڕین لەگەڵ شەهید حەسەن کوێستانی بەشداری دەکات و ڕۆڵی کارا ی هەبوە لە ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان تاکو ڕزگارکردنی شاری کەرکوک و دواتر داستانی کۆرێ..
- دواتر لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ...
- پاشان کراوەتە مفەوەزی ئاسایش و لەم دەزگایە دڵسۆزانەو خەمخۆرانە ئەرکی خۆی بینیوە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤/٥/١٧
- شوێنی شەهید بوون: حاجی ئۆمەران

# مەلا خدر





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێ بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا
و ئەمێستا لە حەیاتیان کردوە

ناوی چواری: خدر عزیز معروف
نازناو: مەلا خدر
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٧٢١

- ناوی تەواو: خدر عەزیز مەعروف خدر

- ناسراوە بە: مەلا خدر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بنمێردە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خوێندنی ئاییني

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سارا مستەفا حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: ئەبرێزە، محەمەد، جیهان، ئاوات، درەخشان، پەخشان، ئامانج، نازەنین، ڕاژان ...

- لە ساڵی ١٩٧١ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٥ زیندانی بووە تاوەکو سەرەتایی ساڵی ١٩٨٦ لە بەندینخانەی (ڕواندز)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٤)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند بەرگریەک کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری هەولێر

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) باڵەک

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٩١

# خدر شێخ وەسانی



- ناوی تەواو: خدر قادر ئەسعەد خدر

- ناسراوە بە: خدر شێخ وەسانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ وەسان، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقـڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: بەدریە حەمەدەمین ڕەحمان

- ناوی منداڵەکانی: بەهار، شیلان، نەهرۆ، زیلان، ئاڤان، عومەر، لانە، عەبدولقادر

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩٠

- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٤) تیپی ٨٣ی هەورێ

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە لە دوای ڕاپەرین بەشداری لە چەندین بەرگری کردووە لە لە پاراستنی خاک و نیشتمان..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە ١- چەکی کیمیاوی ٢- کەپکی حەمەد ئاغا

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە خەبات داوە وەک لەشکری هەورێ، فەرماندەی قەندیل، لیوای خۆشناوەتی، لیوای ڕاپەرین، میحوەری گەرمەسێر.

- دواپلەی: موقدەم

- ناوبراو دەرچووی خولی (١٢) ی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە ..

# شەهید: خەبات دەرگەڵەیی



- ناوی تەواو: خەبات حاجی غەریب وەسمان
- ناسراوە بە: خەبات دەرگەڵەیی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەرگەڵە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی بازرگانی هەولێر
- باری خێزان: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٧٤)ی باڵەک لە دەستەی هەڤاڵ (قادر خەبات) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە سەرنەوس
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..
- لە ١٩٩١/٤/١ بە تەقینەوەی لوغم لە کاتی دەوام شەهید دەبێ لە نزیک پردی حافیز

# شەهید: خەزالی عەلی (کاوان)



- ناوی تەواو: خەزالی عەلی وسو ئەحمەد

- ناسراوبە: کاروان

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩/٧/١

- شوێنی لە دایکبوون: ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دواناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣ شانەی سەرەکی (هەڵکەوت)

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٤ بۆماوەی چەند ڕۆژێک دەستگیر دەکرێ بەڵام هیچ شتێک نادرکێنێ و ئازاد دەکرێ

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٧/٤/٤

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ، کەرتی (٤)

- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە. لە بادینان، دۆڵی بالیسان، قەیوان ماوەت، بالیسان، باڵەکایەتی .

- لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی (٢) جار بریندار بووە.

- لە ١٩٩١/٣/٢٨ زۆربە سەختی بریندار دەبێ و لەم بەروارەی خوارەوە شەهید دەبێ.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٤/٤

- شوێنی شەهید بوون: کەرکوک

# خەلیلە گڕوو



- ناوی تەواو: خەلیل حەمەدەمین حەسەن عەبدوڵڵا

- ناسراوە بە: خەلیلە گڕوو

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٣/٧/١

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەزنە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: مەعسومە خدر مەجید

- لە ساڵی ١٩٧٠پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە تا نسکۆی شۆڕش ..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگا: هەرێمی (٧) ی باڵەک، کەرتی (٥) ی گەلاڵە

- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- پاش دروست بوونی تیپی (٧٨) ی کارۆخ تا دوای ئەنفالەکان وەک پێشمەرگەیەکی ئازا ماوەتەوە، پاشان بۆ چارەسەر ئاودیوی ئێران بووە.

- لە ١٩٨٩/١٠/٢ جەنابی مام جەلال ڕەوانەی بەریتانیای کردووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار برینداربووە.

- ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو دلسۆزو بە ئەمەک بووە بۆ حزبی شەهیدان، هەڤاڵەکانی بەمنیان ووت لە داستان و گرتنی ڕەبیەکان قەندیل و کارۆخ و هەڵەموندو دەربی و زینی وەرتێ شایەدی چاونەترسی بۆ مام خەلیل دەدەن..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٧٨)ی کارۆخ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م

# مامۆستا خەلیل دەرگەڵەیی





- ناوی تەواو: خەلیل ئەحمەد بەکر خان
- ناسراوە بە: مامۆستا خەلیل دەرگەڵەیی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەرگەڵە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: حەبیبە تەها قادر
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەکان: ١٩٧٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (هێڵی گشتی)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: بارەگای ڕێکخستن لە توتمێ، سەر بە مەڵبەندی (٣)
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی (سۆران) بووە .
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢١٥١

# دڵشادی حەسەن ئاغا



(دڵشادی حەسەن ئاغا)

- ناوی تەواو: دڵشاد حەسەن خدر خدر

- ناسراو بە: دڵشادی حەسەن اغا

- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دەربەندی (ڕایات)، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: چیمەن ئەبوبەکر عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی شەهید: ژیار، دەروون، دیار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨/٨/١

- لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠/٩/٣٠

- شوێنی پێشمەرگایەتی: سکرتاریەتی هەڤاڵ (مام جەلال) دەستەی تایبەتی

- ساڵی ١٩٨١کراوەتە لێپرسراوی دەستەی پارێزگاری هەڤاڵ (مام جەلال) .

- ساڵی ١٩٨٢کراوەتە جێگرتیپی (١٢) ی سۆران

- ساڵی ١٩٨٤کراوەتە لێپرسراوی ناوچەی باڵەک و ڕواندزی (یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان)

- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤کراوەتە کارگێری لقی (یەک)

- ساڵی ١٩٨٥کراوەتە ئەندامی مەڵبەندی (٣)

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی لە سنوری مەڵبەندی (٣) کردووە، ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕاپەڕین.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣)جار بەرکیمیا کەوتووە (١)جار بەگوللە بریندااربووە لە (بالیسان، مەلەکان، وەرتێ، خانەقا)

- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کراوەتە ئەندامی سەرپەرشتیاری میحوەری هەریر

- لەساڵی ١٩٩٢لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم کراوەتە بەڕێوەبەری ئاسایشی چۆمان

- لەمانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٥کراوەتە جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کاروباری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

- ڕۆژو مانگ وساڵی کۆچ کردنی: ٢٠٠٢/٧/٢٩ بەهۆکاری بەرکەوتنی چەکی کیمیاوی.

- شوێنی کۆچ کردنی: شاری سلێمانی

# ڕێبازە گچکە




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمیاوانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: دڵشاد حەسەن مستەفا ساڵح
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١١٨٠

- ناوی تەواو: دڵشاد حەسەن مستەفا ساڵح

- ناسراوە بە: ڕێبازە گچکە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١/٢/٢٨

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: پەخشان مەغدید خدر

- ناوی منداڵەکانی: سیڤەر، محەمەد، پەیوەند، ئەلەند، لەوەند

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: مەڵبەندی (٤) دواتر گواستراوەتەوە دەزگای دارایی

- دواتر گواسترایەوە تیپی (٩١) ی سەفین

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. ١- دارەبەن ٢- قەندیل

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین


- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی گرینگی بینیوە لە ڕزگارکردنی ئەو مۆڵگەو بارەگایانەی بۆیان دیاری کرابوون.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: سەرەتا لە هێزی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داو پاشان لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی خەبات کردووە بۆ پاراستنی هەولێرو دەوروبەری، ماوەیەک لە میحوەری خۆشناوەتی بووە. دوا پلەی ڕابەری سیاسی بەتالیۆن بووە لە دوای ڕاپەرین، لە تیمی حکومەتیش لە سەرمیلاکی وەزارەتی پێشمەرگە لە فەوجی شەقڵاوە ناوبراو فەرماندەی سریە بووە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨٠

# دڵشاد باویانی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و تەمەنیان لە حەیاتیان کردوە

ناوی چواری: دڵشاد شریف محمد محمود
نازناو: دڵشاد باویانی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ٦٩١

- ناوی تەواو: دڵشاد شەریف محەمەد مەحمود

- ناسراوە بە: دڵشاد باویانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨

- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی قۆریەی شاری کەرکوک/ ئەوکات مام شەریفی باوکی لەسەر بیروباوەری سیاسی و کوردایەتی نەفی کەرکوک کرابوو بەڵام بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی باویانی سەربە ناحیەی هەریر، قەزای شەقڵاوەی هەولێرن.

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ناجیە نەبی

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- لە ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە.

- پاشان گواسترایەوە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ فەرماندەی (کەرت)..

- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە جێگری تیپی تایبەتی مەڵبەند..

- لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ کشانەوەی هێزی پێشمەرگە ناوبراو لە نەغەدە نیشتەجێ بووە، دواتر بەشداری خولێکی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و ڕۆشنبیری کردووە لە بادیناوەی نزیک پیرانشار بۆماوەی (٤٠) ڕۆژ..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٩) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری تیپ

- ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە

له ڕزگارکردنی ڕانیەو هەریرو باسرمەو شەقـڵاوە ئەوکات پلەکەی سەرتیپ بووە .دواتر بەشداری کردووە لە ڕزگارکردنی هەولێرو پردێ و کەرکوک لەم ئۆپەراسیۆنانەی هەولێرو کەرکوک (٢) جار بە سوکی بریندار بووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو کراوەتە فەرماندەی هێزی (٢٢)ی دەشتی هەریر.... پاشان لە سوپای یەکگرتووی کوردستان کراوەتە فەرماندەی فەوج لە سنوری شەقـڵاوە..

- لەبەر دڵسۆزی کراوەتە سەرپەرشتیاری لیوای سۆران و سەرپەرشتیاری (سپلیک و خەلیفان و باسرمەو شەقـڵاوە)

- پاشان جێگری لەشکری ئامادەو لەشکری (١٦)ی دەشتی هەولێر بووە. پاشان بە جێگری فەرماندەیی..

- ناوبراو بەشداری خولی سەربازی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی کردووە لە ساڵی ١٩٩٩ پاشان خولی تەرقیەشی کردووە پلەی نەقیبی وەرگرتووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٦٩١

# شەهید: ڕابەر ماونی



- ناوی تەواو: ڕابەر عەولا ڕەسوڵ ئەحمەد
- ناسراوبە: ڕابەری ماونان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٧٢/٧/١ لەنفوس تۆمار کراوە بەڵام لەساڵی١٩٧٠ لە دایکبووە.
- شوێنی لە دایکبوون: ماونان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان: لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٣)ی کە ئەوکات شەهید ڕەحمانی حاجی خدری فەرماندەی کەرت بوو.
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە .
- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٤) ی باڵەک
- دواتر لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی: بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی کردووە لە خاکی کوردستان.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: لەشکری باڵەک
- دوا پلەی لە ڕێکخستن: ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستن بووە.
- جگە لە خۆی ئامۆزایەکی شەهیدە بە ناوی (فەیسەڵ)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٦/١٠/١٤
- شوێنی شەهید بوون: قەسرێ

# رزگار هاودیانی





- ناوی تەواو: رزگار جەعفەر سەید عەلی
- ناسراوە بە: ڕزگار هاودیانی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی هاودیان
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ڕێزان حەمەد عەلی
- ناوی منداڵەکانی: لارا، کارا، کەوار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی عەسکری
- دواتر لە تیپی (٨٣) ی هەورێ، کەرتی (١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..
- لە ساڵی ١٩٨٤ پلەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ فەرماندەی کەرتی (١) ی شەهید سەید کەریم
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تیپی (٩٩) ی بیتوێن بەپلەی (جێگری تیپ)
- لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ لە ڕەتڵی شەهید (حەسەن کوێستانی) بۆماوەی (٣) مانگ پارتیزان بووە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٧٤)ی کارۆخ
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی تیپی (٧٤)ی کارۆخ لە بەتالیۆنی (٤)
- دەرچووی خولی قۆمباس و نەخشە، زانیاری، کۆلیژی سەربازی تاران
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لە ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکان..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین سەرەتا ناوبراو بەرپرسی سیاسی هێزی (١٢) ی باڵەک بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ لە ئاسایشی هەولێر دەست بەکار دەبێ تا ٣١ی ئاب....
- دواتر لە ساڵی (٢٠٠٥) دەگەڕێتەوە دەزگای ئاسایش تاوەکو ئێستا بە پلەی (لیوا)
- دەرچووی خولی (١) ئەفسەرانی ئاسایش لە قەڵاچۆلان
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٦٣٣

# ڕزگار جەودەت جەمیل (ڕەنجدەر)





- ناوی تەواو: ڕزگار جەودەت جەمیل ساڵح
- ناسراوە بە: ڕەنجدەر
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤/٣/٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: مەرجان محەمەدەمین عەولا
- ناوی منداڵەکان: ژێنەر، سایە، هۆنیا
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بە پلەی کادیر
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- هەرێمی (١٢) ی هندرێن، لای هەڤاڵ (عەولا بۆر)
- لە ساڵی١٩٨٣سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٤)
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەتەوە دەستەی هەڤاڵ حەسەن کوێستانی
- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایەتەوە تیپی (٧٤) ی باڵەک دەستەی هەڤاڵ (خاڵە موراد)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە شەڕی بێتواتە..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (١٢) ی سۆران
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیر
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە هەر لە سنوری ڕواندزەوە تا هەولێرو شاری کەرکوک.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٣٦٩

# ڕزگار خۆشناو





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: رزگار احمد محمد علی

ناز ناو: رزگار خۆشناو

سالی لەدایک بوون: ١٩٥٨

سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ژمارە: ٢٢٧

- ناوی تەواو: ڕزگار ئەحمەد حەمە عەلی
- ناسراوە بە: ڕزگار خۆشناو
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: هەمین تاهیر
- ناوی منداڵەکانی: زانەر، دانەر، بارین، فرمێسک
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: مەکتەبی پەیوەندییەکانی نەغەدە، ئێران
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: لێپرسراوی پەیوەندییەکان بووە.
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان خزمەتی کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٣٢٧

# هەژار ڕواندزی



- ناوی تەواو: ڕزگار قادر فەقێ
- ناسراوە بە: هەژار ڕواندزی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣/١/١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: دڵسۆز جەودەت جەمیل
- ناوی منداڵەکانی: نیان، بەرزی، مەرزی، کارۆن
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ١٩٨٥
- ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە لە دۆڵەکۆگە.

# شەهید: ڕەحمان سەیدە



- ناوی تەواو: ڕەحمان سەیدۆک محمود مەولود

- ناسراو بە: ڕەحمان سەیدە

- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥١/٧/١

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی شیوەلۆک، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: عایشە نەبی عەبدوڵڵا

- ناوی مندالەکانی شەهید: چاوەرێ، شنە، ڕۆشنا، هۆزان، داستان، گوڵستان، سازان.

- ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- هەر لە ساڵی ١٩٧٦ هێزێکی گەورەی دوژمن دەورەی گوندی شیوەلۆک دەگرن شەهید ڕەحمان سەیدەو حاجی عوسمان دەگرن لەگەڵ چەند هاوڵاتیەک لەوانە (ڕەسوڵ ئەحمەد و حاجی سمائیل و سوارە حەمەد) شەهید ڕەحمان ڕەوانەی هەئیەی خاسەی کەرکوک دەکرێ پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هیچ نهێنیەک نادرکێنێ و پاش (٦) مانگ دەستگیرکردن ئازاد کرا..

- لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر بانگیشنامەی جەنابی مام جەلال (ڕەحمان سەیدە، سەید سەلیم ڕواندزی) پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگە کردوو چونە لای جەنابی مام جەلال.

- هەرهەمان ساڵ لەسەر بڕیاری (مام) کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی (٧) ی باڵەک ڕەوانەی ناوچەی ئاکۆیان و مەلەکان کرا.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە و هەرگیز شکستی نەهێناوە لە هێرش و بەرگریدا.

- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٤)ی باڵەک

- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٨)ی کارۆخ


- ماوەیەک فەرماندەی بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک بووە.

- شەهید لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەڕزگار کردنی هەندێ شارو شارۆچکەی کوردستان تا ڕزگارکردنی کەرکوکی قودسی کوردستان.

- لە دوای ڕاپەرین شەهید ڕەحمان کراوەتە فەرماندەی هێزی (٣٣) ی باڵەک.

- ماوەیەک جێگری بەڕێز عەبدوڵڵای مام عەلی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سنور
- دواتر کراوەتە بەرپرسی پۆلیسی سنوور.
- دواتر کراوە بە جێگری مەڵبەندی (٦)ی سۆران
- دوا پۆستی لە ژیان کراوەتە بەرپرسی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤/٥/٧
- شوێنی شەهید بوون: بەرزایەکانی ئیسقەڵا لە قەزای ڕواندز..

# ڕەحمان مەلا کاک ئەحمەد





- ناوی تەواو:  ڕەحمان مەلا کاک ئەحمەد حەمەد

- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٩/٧/١

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەڵات، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: مسری عالی ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: شاناز، شاڵاو، شەوبۆ، هەنگاو، هاوکار، هاژە، هەڵۆ، شاسوار، ڕێسوار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٣/٣/١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/٣/١

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی تیپ..

- دواتر  تیپی (٩١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە...

- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ - ١٩٨٧ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە مەکتەبی عەسکری..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە سنوری (هەڵەبجە و سۆران)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) .

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەڕاپەرین:  فەرماندەی کەرت بووە. لە بەتالیۆنی (٣٦) ی شەمۆل دواترهێزی (١٢) ی باڵەک..

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی بینیوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان تا شاری کەرکوک.


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- لە تەشکیلاتی سوپای یەکگرتوو (فەرماندەی فەسیل) بووە لە فەوجی (٣) لیوای (٣٣)

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی پێش خانەنشین بوون فەرمانده‌ی (قەندیل) بە پلەی فەرماندەی هێز.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٢٠

# سەید ڕەسوڵ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: رسول ابراهيم رسول حسين
نازناو: سيد رسول
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٦٦٠

- ناوی تەواو: ڕەسوڵ برایم ڕەسوڵ حەسەن

- ناسراوە بە: سەید ڕەسوڵ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڤیان برایم ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: گلارا، ئیبراهیم، گۆڤار، گەڤەر

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٤)
- لەدوای ئەنفالەکان بەرگریکارێکی سەرسەخت بوو
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەلێ
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان خزمەتی کردووە.
- دواپلەی ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی دۆڵی خانەقایە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٧٦

# عەبدولڕەحمان ئەحمەد (لالۆ)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئاماژەیە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان
و لە پێناو ئەو خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالرحمن احمد حسین عبابکر
نازناو: لالۆ
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمارە: ٥٨٥

مام جلال

ـ ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان ئەحمەد حوسێن عەبابەکر

ـ ناسراوە بە: لالۆ

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی خۆشکان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: مێر حاجی مستەفا

ـ ناوی منداڵەکانی: جمال، جەلال، ستار، گوڵ، بەهار، ئاسیا، خاتوون، ڕۆژگار،

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

ـ ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک، دەستەی بارەگای هەرێم

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. سنوری حاجی ئۆمەران .

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: سکرتاریەتی (مام)

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵی باشی بینیوە .

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە دەستەی شەهید حەسەن کوێستانی بووە، دواتر مەفرەزەکانی دەستەی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ)..

ـ دواپلەی لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی (تیپ)

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٥٨٥

# عەبدولڕەزاق سلێمان مستەفا





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عەبدولرەزاق سلێمان مستەفا کامەلا

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦


ژمارە: ٧٢٥

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدولڕەزاق سلێمان مستەفا کامەلا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بنمێردە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: مریەم نەجم عالی
- ناوی منداڵەکانی: فێنک، ڕووخۆش، ناوخۆش، فەرامۆش، فرمێسک .
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ناوبراو زیندانی بووە لە ساڵی ١٩٧٦ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ لە بەندینخانەی (ئەبوغرێب)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران ..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە داستانەکانی سەرکردایەتی، سەردەمی ئەنفالەکان، شەڕەکانی سنوری تیپی (١٢) ی سۆران ..
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- لە ڕاپەرین ناوبراو بەشداری کردووە و دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزو دواتر لە شکری رواندز کە دوا پلەی (جێگر هێز) بووە لەناو هێزی پێشمەرگە.
- بەهۆی ئازایەتی و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە گوندی گەرەوان، هەندرێن، کەپکی حەمەد ئاغا..
- ئەندامێکی دڵسۆزی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەی ڕواندز بووەو دواپلەی ڕێکخستنی (ئەندام کەرت) بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٢٥

# عەبدولڕەزاق عەبابەکر کەریم




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چـــواری: عبدالرزاق عبابکر کریم عبابکر

نـــاز نـــاو:

ســـاڵی لەدایـــک بـــوون: ١٩٦٩


ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمـــــارە: ٢٦٠

- ناوی تەواو: عەبدولڕەزاق عەبابەکر کەریم عەبابەکر
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: دەربەندی ڕایات، ناحیەی حاجی ئۆمەران، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: سێ ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: فەوزیە حەسەن مجاوەر
- ناوی منداڵەکانی: دیلان، دانا، ئیلان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن، لە سنوری (بێڕۆ)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (١٩) ی کۆڕەک
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- دەرچووی خولی سەربازی (گەیلان غەرب) ە
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین (جێگری تیپ)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٦٠

# عەبدولڕەزاق ئەحمەد عەبدوڵڵا




كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ك كە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەكەماندا و نەپساوانە خەباتیان كردوە

ناوی چواری: عبدالرزاق احمد عبدالله ابراهیم

نازناو: ڕەزۆ

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٧٠

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٥٣٦

- ناوی تەواو: عەبدولڕەزاق ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گەڵاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: سروە سورکێو مستەفا
- ناوی منداڵەکانی: ڕەزڤان، ڕواز، ڕەزگە، ڕۆژین
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، مەفرەزەی تیپ..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی .
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە سنوری حاجی ئۆمەران..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣)ی هەولێر
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لەگەڵ مەفرەزەی شەهید (حەسەن کوێستانی)
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا خانەنشین بوونی ..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٣٦

# عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر





- ناوی تەواو: عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر عەبدولڕەحمان
-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دبلۆم
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: بێریوان ئیبراهیم محەمەد
- ناوی منداڵەکانی: کوردستان، هەڵوێست، چالاک، گەشە، چیا
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٥)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند شەڕو بەرگریەک کردووە لە سنوری تیپی (٧٨) ی کارۆخ.
- ناوبراو پارتیزان بووە لەگەڵ ڕەتڵی شەهید (سەلاح دیلمانی)
- لە ڕاپەرین ناوبراو بەشداری کردووە تا شاری کەرکوک .
- ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٠٩

# عەبدولکەریم حەسەن (شاخەوان)



- ناوی تەواو: عەبدولکەریم حەسەن مستەفا حاجی

- ناسراوە بە: شاخەوان

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای سۆران، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: کافیە حەسەن عوسمان

- ناوی منداڵەکانی: سەنگەر، سۆران، سیما، سامە، سۆما، سایە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی (١١) ی ساڵی ١٩٧٨ لە ڕێگای شەهید (فەقێ ئەحمەدە ڕەش)

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩/٣/١٣

- ئۆرگان: هەرێمی (٩) ی باڵەک لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی

- دواتر پلە دوای پلە بەرزکراوەتەوە تا لێپرسراوی ناوچەی باڵەک..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری لقی سۆرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە..

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کارگێڕی لقی سۆران

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان خزمەتی کردووە بەرپرسیاریەتی لە زۆربەی ئۆرگانەگان بینیوە.. لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە سۆران، بەڕێوەبەری ئاسایشی چۆمان .

- لە ساڵی ١٩٩٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) سەرەتا کراوەتە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان، دواتر ئەندامی مەڵبەند، پاشان کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران.

- ناوبراو دەرچووی خولی (پێنجەمی) ئەفسەرانی قەڵاچۆلانە. دەرچووی خولی پەیمانگای کادیرانە. دەرچوی خولی باڵای فەرماندەییە)

- لەبواری پێشمەرگایەتی ناوبراو ماوەیەک ڕابەری سیاسی لەشکری باڵەک بووە، جێگری میحوەری باڵەک بوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بوە بە فەرماندەی فەرماندەیی باڵەک لە سەر بڕیاری (مام جەلال)

- ئەندامی کۆنگرەکانی (٣) و (٤) ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

- دواپلەی: لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی (٦) ی سۆران بووە.

# شۆڕش چۆمانی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عبداللە رسول مصطفى محمد
ناز ناو: شۆڕش چۆمان
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: [illegible]

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا محەمەد
- ناسراوە بە: شۆڕش چۆمانی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خۆشکان، قەزای چۆمان
- ئاستی خوێندن: تا قۆناغی دووی ئامادەی (سناعەی) خوێندووە.
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: زولێخا کەریم ڕەحیم
- ناوی منداڵەکانی: هیوا، هێمن، هانا.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک، کەرتی (٢) ئەوکات (حاجی ئاغا) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٢لە تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. پاشان لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەتەوە تیپی ٩٩) ی بیتوێن دەستەی تیپ، لە ساڵی ١٩٨٦ چۆتە خولی کادیران.. پاشان لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٣) ..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. دووجار لە سەرکردایەتی، باڵەیان ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:بە تالیۆنی (٤)، تیپی (٤٢) ئەوکات شەهید سلێمان عەلی ئاغا فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی بینیوە...
- لەتەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو ڕابەری سیاسی بەتالیۆنی (٤٨) ی هەڵگورد، هێزی (١٢) ی باڵەک.
- لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتوو ناوبراو ئیدارەی فەوجی (٣) لە لیوای (٣٣) دواتر کراوەتە میرەی لیوای (٣٣).
- دواپلەی (عەمیدە) لە یەکەی (١٢٤) خۆشناوەتی (مساعد لیوا)
- ناوبراو لە ئێستادا لە ئەرکدایە..

# سەید عەبدوڵڵا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و بەپیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله تەها امین تەها

نازناو: سید عبدالله

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمارە: ٧٣

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا تەها ئەمین تەها

- ناسراوە بە: سەید عەبدوڵڵا

- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٧١/٥/٥

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی چۆمساک، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ڕەحمەت محیّ الدین ساڵح

- ناوی منداڵەکانی: هەڤاڵ، هەژین، فەرمان، هانا، هێژا، هێشوو، هاژە

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین:سەرکردایەتی، بارەگای ناوەندی شۆڕشگێڕان.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیری ڕێکخستن

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژە پێدەری ڕێبازەکەی یەکێتیی بووە.

- دواپلەی: یاریدەدەری هێز بووە.

- دەرچووی خولەکانی سەربازی ١- دۆلە بەفرە ٢- کانی گۆمە..

- ماوەیەک ناوبراو پارتیزان بووە لە سنوری وەرتێ.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٣

# عەبدوڵڵا حەبیب عەبدوڵڵا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله حبیب عبدالله سلمان
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١١٧٨

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا حەبیب عەبدوڵڵا سلێمان
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٥/٦/١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەی کشتوکاڵ
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: بەهار سەعید حوسێن
- ناوی منداڵەکانی: دەرسیم، میدیا، بێستون، زمناکۆ، ژیلوان، دیاکۆ، ڕابەر .
- لە ساڵی ١٩٦١ لەگەل باڵی مەکتەبی سیاسی کاری کردووە .
- لەسەردەمی حەرەس قەومی (٢)جار زیندانی کراوە بۆماوەی شەش مانگ ئەوکات (بەدرەدین عەلی) پارێزگای هەولێر بووە .
- لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ لە سنوری باڵەکایەتی ..
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (لەناو کۆمەڵەو خەتی گشتی کاری کردووە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦/٣/١٨
- ئۆرگان: دۆڵی جافایەتی، گوندی جوخماخ، نزیک بارەگای مام جەلال..
- ناوبراو لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی شاخ ڕێکخستنەکانی خەتی گشتی ڕاستەوخۆ (مام) سەرپەرشتی ئەم ڕێکخستنەی کردووە .
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە .
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەڵبەندی (٣)ی هەولێر
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی کۆمیتەی شاخ، خەتی گشتی..
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لە سنوری سۆران..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕواندز، دواتر کراوە بە کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی سۆران لە شەقـلاوە پاشان کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران..
- لە ساڵی ١٩٩٥ کراوەتە قائیمقامی سۆران لە ڕواندز چونکە ئەوکات پارتی لە سۆران بوو،
- لە ساڵی ١٩٩٧ بوە دەستەی دامەزرێنەری دەزگای شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٠ خانەنشین کراوە
- دواپلەی: ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٧٨

# عەبدوڵڵا چۆمانی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله حمە مراد عولا
ناز ناو: عبدالله چۆمانی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ٨٢٥

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا حەمەد موراد عەولا

- ناسراوە بە: عەبدوڵڵا چۆمانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شوکریە عەلی

- ناوی منداڵەکانی: سەرهەنگ، هەرێم، هەردی، محەمەد، بۆتان، ئەحمەد

- لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە لە سنوری چۆمان، ناوپردان.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨/٨/١٢

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک.

- دواتر لەتیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣) ئەوکات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.. لە مانگی (٢) ی ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە (ئەندامی ناوچەی باڵەک و ڕواندز، لە ساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە تیپی (١٢) ی سۆران دەستەی شەهید حەسەن کوێستانی.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..

- دواشوێنی ێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣) دەستەی شەهید حەسەن کوێستانی

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە تا ڕزگارکردنی شاری کەرکوک

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەند ئۆرگانێکی پێشمەرگایەتی خزمەتی کردووە ماوەیەک لە مەڵبەندی (بادینان) خزمەتی کردووە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ گواستراوەتەوە دەزگای ئاسایش..

- ناوبراو لە لیوای (٣٣) ی هاوبەش (ئەفسەر) بووە

- لێپرسراوی ئاسایشی (چۆمان) بووە.


- دواپلەی لە ئێستادا (عەمیدە) لە دەزگای ئاسایش .

- دەرچووی خولەکانی قەڵاچۆلان و کانی گۆمەیە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٢٥

# عەوڵا هەکاری





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمیستا خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عەبدوڵڵا حەمەد میر خدر
نازناو: عەبدوڵڵا هەکاری
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ٩٤٤

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا حەمەد میر خدر
- ناسراوە بە: عەولا هەکاری
- ساڵی لە دایکبوون: لە نفوس مواليدى ١٩٦٦ بەڵام لە بنەڕەتدا مواليد (١٩٥٠)
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کۆیلە، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە
- باری خێزان: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری: ئامینە عەولا سلێمان
- ناوی منداڵەکانی: نەجمەدین، هەورین، نەسرەدین، سورەیە، محەمەد، سوهام، سارا
- لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە تا نسکۆی شۆڕش.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ساڵی ١٩٧٦ بۆتە پێشمەرگە تا شەڕی هەکاری دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) لە زەلێ
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٤٤

# عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عبدالله حسین عبدالله رسول
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ٩٩٨

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسوڵ
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٣)
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (١٩) ی کۆڕەک لە کەرتی تیپ ئەوکات هەڤاڵ عەولا بۆر فەرماندەی تیپ بوو.
- لەساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ ئەوکات شەهید (حوسێن بندایزیانی) فەرماندەی تیپ بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (١٩) ی کۆڕەک مەفرەزەی تیپ
- ناوبراو کوری شەهیدی فەرماندە (حوسێن بندایزیانیە)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە لە دەشتی کۆیە، ڕاپەرین، گەڕۆتە، شەگەور
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .
- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە لە مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٩٨

# عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ئەحمەد (ڕامبۆ)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: عبدالله رسول احمد

نازناو: رامبۆ

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٥٢٧

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ئەحمەد ڕەسوڵ
- ناسراوە بە: رامبۆ
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: فاتم ڕەسوڵ داود
- ناوی منداڵەکانی: باڵا، هەلاڵە، سانا
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، بنکەی تیپ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ...
- لە ساڵی ١٩٨٧ ناوبراو لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: دەستەی پاسەوانی دەزگای دارایی....
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین سەرتیپ بووە..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٣٧

# عەبدوڵڵا سلیمان ئەحمەد وسو




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەمان و بەشداریان کردووە

عبدالله سليمان احمد وسو

١٩٥٤

١٩٨١

١٩٨٥

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا سلیمان ئەحمەد وسو

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کەلێتە

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: خەدیجە حەسەن ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: کارۆخ، هەندرێن، هەڵگورد، کارمەند، کاروان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٧٩ ماوەیەک زیندانی دەکرێ

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، هێزی پشتیوانی، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت لە دوا تەشکیلاتی سەر سنور


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە

- لە تەشکیلاتی دوای راپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی تیپ بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٨٨

# کاکە شێخ





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەمانداو
ئەمڕۆ بەردەوامن و ئەوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله سعید صالح امین
نازناو: کاک شێخ
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ١٥١٠

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا سەعید ساڵح ئەمین

- ناسراوە بە: کاکە شێخ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڕوقیە ئەمین

- ناوی منداڵەکانی: سۆران، کارزان، کاروان، بەڵێن، سروشت، فریشتە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/١/٦

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)

- دواتر لە تیپی (١٩)ی کۆڕەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. ١- گەرەدێ ٢- ڕواندز ٣- خانۆک.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان لە ڕەتڵی کارۆخ پارتیزان بووە.

- لە ئامادەکاریەکانی ڕاپەرین بۆ سنوری شاوێس، پیرزین دیاری کراوە بۆمەفرەزەی ژمارە (١٧) ئەوکات ڕۆڵی جوامێرانەی بینیوە...

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین تەشکیلات و ئۆرگان خزمەتی کردووەو ئەرکی سەرشانی بەدڵسۆزی ئەنجام داوەو لە زۆربەی ئۆرگانەکان سەرتیپ و سەرلەشکرو فەرماندەی فەوج و دواجار فەرماندەی لیوای بینیوە. ناوبراو دەرچووی خولی (٥) ئەفسەرانی قەڵاچۆلانە...

- ناوبراو لە ئێستادا لە ئەرکدایە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥١٠

# عەبدوڵڵا شێخە محەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله شێخە محمد رسول
ناز ناو: عەولای شێخە وەرتێی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
ژمارە: ١٦٥٤

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا شێخە محەمەد ڕەسوڵ

- ناسراوە بە: شێخەی وەرتێ

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: ڕەحمە عەبدولفتاح محەمەد

- ناوی منداڵەکانی: ئاراس، ئاری، دیاری، نەشمیل، نەمام، هێرۆ، کوردستان، نیشتمان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی (١٠) ی ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (١٢) ی ساڵی ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- دواتر لە تیپەکانی (٧٨) ی کارۆخ و (٧٤) ی باڵەک و تیپی هەڵەموند و دەستەی پاسەوانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ئاودیوی وولاتی ئێران بوونە..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. دووجار لە قەندیل و ئەوی تریان لە بێتواتە..

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای کاک نەوشیروان

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٥٤

# مامۆستا عەبدوڵڵا




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمڕۆ ئەوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله علي احمد عبدالله

نازناو: مامۆستا عبدالله

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ژمارە: ١٩٥

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا عەلی ئەحمەد عەبدوڵڵا
- ناسراوە بە: مامۆستا عەبدوڵڵا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ناوبەرگە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: خاتوون عەبدوڵڵا عوسمان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (خەتی گشتی) دواتر ڕێکخستنەکانی (شۆڕشگێڕان) کاری کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەندی (٣)
- لە ساڵی ١٩٨٤ بەشداری خولی سەربازی و سیاسی شەهید (عەلی عەسکری ) کردووە لە سورداش.
- دواتر لە ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ گواسترایەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ و کارگێڕی ناوچەی (٣) خۆشناوەتی بووە.
- لە ساڵی (١٩٨٨) تاوەکو ساڵی (١٩٩٠) ئەندامی کۆمیتەی گومرگی قەندیل بووە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین شەڕو بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە بە کیمیاوی لە دۆڵی بالیسان
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە لە ڕەتڵی بادینان..
- لەگەڵ یەکەم تەشکیلاتی حوکمەتی هەرێم ناوبراو کراوەتە (ملازمی) ئاسایش لە چۆمان تاوەکو ساڵی ١٩٩٤..
- دواتر لەلەشکری (١١) باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ناوبراو (ئەندامی لەشکر) بووە.
- ئەو ئۆرگانانەی لەدوای ڕاپەرین لەڕێکخستن کاری تیا کردووە (ئەندامی کۆمیتەی چۆمان) دواتر بۆتە کارگێڕ کۆمیتە و دوا پلەی لە ڕێکخستن بۆتە ئەندامی مەڵبەندی (٦) ی سۆران
- ناوبراو ئەندامی (٤) کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و وە ئەندامی (٤) کۆنگرەی کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکان بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٩٥

# عەبدوڵڵا مەلا





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله غفور رسول محمود

نازناو: عبدالله مەلا ورتی

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ژمارە: ٧٥٦

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا غەفور ڕەسوڵ مەحمود
- ناسراوە بە: عەبدوڵڵا مەلا
-ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: کەلسوم عەبدوڵڵا حەسەن
- ناوی منداڵەکانی: شەونم، هەنگاو، شەوکار، هاوکار، هێنەر
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆرشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٢/٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/٣/١٤
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە . لە قەیوان، دەربی، وەرتێ
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کادیر
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە هێزو لە شکری باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..

لە ناو حزبیش چەندین پلەی بریوە .
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٥٦

# شەهید: حاجی شێخ وەسانی



شەهید: حاجی شێخ وەسانی

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر

- ناسراوبە: حاجی شێخ وەسانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ وەسانان، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: زولێخا حەمەدەمین عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی شەهید: نەبەز، ڕێباز، سەرباز، فاتیمە، نەعیمە، نەورۆز

- لەساڵی ١٩٧٢بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول

- لەساڵی ١٩٧٤ لە (هیزۆپ)ی لای بیتوێن بەبرینداری لەگەڵ (٧) پێشمەرگەی تری هاوڕێ ی کەسەرجەمیان خەڵکی شێخ وەسانان بوون دەستگیرکرا. فەرمانی ئیعدامی لەبەندینخانەی موسڵ بۆ دەرچوو، تەنانەت داری تابووتیش بەکەس وکارەکەی ئامادە کرابوو بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەکەی بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکراو بەرلێبوردنی گشتی کەوت وئازاد کرا لەساڵی ١٩٧٧.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩ ڕێکخراوە لای (سەید سەلیم)

- لایەنی سیاسی: بزوتنەوەی سۆسیالیستی

- لەساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لای هەڤاڵ (بەکر توتمەیی)

- دوای شەهید بوونی (سەید کەریم) ناوبراو لەگەڵ دەستەی شەهید سەید کەریم دەگوازرێنەوە تیپی (٨٣) هەورێ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە: داستانی هیزۆپ، شەڕەکانی خۆشناوەتی، بەنی هەریر، قۆپی سوسێ، دۆڵی شاورێ، سەرگەڵوو، زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر وە سنوری سەرکردایەتی.

- ناوبراو (٥) جار بریندار بووە لەم شوێن و ڕێکەوتانە ١- ساڵی ١٩٧٤ بەبرینداری

دەستگیراکراوە، ٢ـ لەساڵی ١٩٨١ لەبەنی هەریر٣ ـ لەڕۆژی ١٠ـ٣ـ ساڵی ١٩٨٦ لە ڕەبیەی قۆپی سوور زۆربەسەختی بریندار دەبێ ٤ ـ لەساڵی ١٩٨٧خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بەرکیمیاوی کەوتوون، ٥ ـ ساڵی ١٩٩٠ لە دۆڵی شاورێ) دووجاریش بە سووکی بریندار بووە.

ـ دوای ئەنفالەکان لەساڵی ١٩٨٨وەک پارتیزان لەگەڵ ڕەتڵەکەی شەهید محمد بی کەی سی ماوەتەوە.

ـ لەساڵی ١٩٩٠واتە لە قۆناغی پارتیزانی لە دۆڵی شاوڕێ نزیک سەرکەپکان کەوتنە کەمینی دوژمنەوە لەوێ دا هەڤاڵ غازی بێراوەیی شەهید بوو شەهید حاجی شێخ وەسانی برینداربووە بە ڕێکەوت ڕزگاری بووە.

ـ بەشداری لە ڕاپەرین کردووەو ڕۆڵی باشی بینووە لەڕزگارکردنی سنوری چالاکیدا.

ـ ماوەیەک لەدوای ڕاپەرین لای شەهید مەلا نەجم پێشمەرگە بوەو سەرەڕای تەندروستی لەبار نەبوو بەهۆی زۆری بریندار بوونی و بەرکەوتنی بە چەکی کیمیاوی.


ـ لەدوای ڕاپەرین سەنگەری خەباتی لە عەسکری گۆڕیوە بۆ سیاسی و کارگێڕی کۆمیتە بووە.

ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی: ٢٠٠٥/٤/٢٥ بەهۆی سەختی برینەکانی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

ـ شوێنی دوا ماڵئاوایی: نەخۆشخانەی سلێمانی

# عەوڵا بۆر (شێرەبۆر)





ناوی تەواو: عەبدوڵڵا موسڵیح حەمەدەمین تەها

- ناسراوە بە: عەولا بۆر- شێرە بۆر

-ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوانی سەروو - قەزای ڕواندز - پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەرانی: فاتیمە حەمەد ساڵح و کافیە عەبدوڵڵا قادر

- ناوی منداڵەکانی: ماریا، ئەیوب، تەڵعەت، تالیب، ماردین، بێستوون، میدیا، ڕەوەند، هەرمێ، ڕەوەز، هێما، سۆما، سیما، سۆنیا و هەرێم ...

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول تاوەکو نسکۆی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٥ وەک پێشمەرگە و فەرماندە بەشداری چەندین شەری کردووە وەک: پشدەر، سەرچیا، پردی دووڕوو، پردی کانی ماران لە گەلی عەلی بەگ، گۆرەزەی خواروو و سەروو، گۆڕنۆک لە بناری کۆڕەک، شەرەکانی چیای کۆڕەک، شەرەکانی سەرتێز، گەرووی ئۆمەراغە، زۆزک، هەندرێن، هاوکات لەبەر ئازایی و دڵسۆزی و پاکی لەو ماوەیەدا چەندین پلەی بڕیوە و پێش نسکۆ ئەمری (سەرلق)ی دەرچووە و بۆتە سەرلق، دواتر ئاوارەی ئێران بووە و پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و نەفی باشووری عێراق کراوە...

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان

- لەگەڵ دروست بوونی یەکەم مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لە ساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆتەوە پێشمەرگە لە سنوری (گەڕەوان و مەلەکان)، ئەوکات هەڤاڵ (سەید کاکە و شەهید وەسمان بەگ و شەهید عەزیز ڕابی) لە سنورەکەدا بەرپرس بوون.

- ناوبراو پێشمەرگەیەکی چاونەترس و ئازا و لە ڕووی جەستەیشەوە زۆر بەهێز بووە، هەروەها شارەزا لە ڕۆیشتنی شاخ و پیادەیی بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆیە لەساڵی ١٩٧٧ دەستنیشانکراوە بۆ پرۆسەی هێنانی چەک لە تورکیا و سنوورەکانی (شەمزینان).

- له ساڵانی ١٩٧٦و١٩٧٧ ناوبراو پلەکانی فەرماندەی مەفرەزە و فەرماندەی کەرتی بڕیوە.

- بەهۆی دروست بوونی فرە پێکهاتەیی لەڕیزەکانی شۆڕشی نوێ ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگای شەهید (سەید سەلیم)وە ئاراستەی ئۆرگانی پێشمەرگایەتی بەرەو بزوتنەوەی سۆسیالیستی چووە، وە جێگری (هەرێمی ١٢ی هندرێن) بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری شەڕەکانی ئەودیوی ئێرانی کردووە بۆ هاوکاری کوردانی ڕۆژهەڵات.

- لە دوای شەهید بوونی (سەید سەلیم) لـە١٩٧٩/١٢/٢٤ ناوبراو کراوەتە فەرماندەی هەمان هەرێم.

- لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ گەڕاوەتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە کۆتایی هەمان ساڵ کراوەتە فەرماندی تیپی (١٩)ی کۆڕەک لە سنووری قەزای ڕواندز، دواتر ساڵی ١٩٨٥ بە بڕیارێک بارەگای گواستۆتەوە گوندی بناوی و سنووری چالاکیان فراوانتر بووە و خەلیفان و دەشتی هەریر و شەقڵاوەی گرتۆتەوە، لەکاتی ئاڵوگۆڕی فەرماندەی تیپەکان بە بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال لە١٩٨٨/٤/٤ ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (١٢)ی سۆران هەر بەپلەی فەرماندەی تیپ...

- لە کۆتا تەشکیلاتی دوای ئەنفالەکان ناوبراو کراوەتە فەرماندی (بەتالیۆن).

- لە ١٩٩٠/٤/١٦ سەرپەرشتی ڕەتلێکی پارتیزانی کردووە بە پارتیزانی گەڕاوەتەوە...

- ناوبراو لەگەڵ هەڤاڵ (حەسەن کوێستانی) و هاورێیەکانی بەشداری کاریگەریان هەبووە لە ڕاپەریندا، لە زەلێ دێنەخوارێ کە دەگەنە ڕانیە ئازادکراوە، سەرەتا لە شەقڵاوە و دەشتی هەریر و تا ڕزگار کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە و پاشان بەشداری و فەرماندەیی کارای لە داستانی کۆڕێدا کردووە.

- لەدوای ڕاپەرین لەیەکەم تەشکیلات کراوەتە جێگری هێزی (١٢ی باڵەک) کە ئەوکات هەڤاڵ (بەکر مستەفا) فەرماندەی ئەم هێزە بووە، پاشان ناوبراو کراوەتە فەرماندەی هەمان هێز.

- لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان ناوبراو کراوەتە (ئامر لیوای ٣٢).

- لە دوای هەلگیرساندنی شەڕەکانی ناوخۆ ناوبراوکراوەتە سەرلەشکری (ڕواندز)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە، بەشداری لە چەندین داستان وهێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، سنووری سەرکردایەتی یەکێتیی، سەرکردایەتی زۆربەی هێرش وبەرگریەکانی پێش ڕاپەرینی کردووە لە سنووری تیپەکانی (١٩) و

(١٢) ی ئەوکات کە خۆی لە گرتنی دەیان بارەگای فەوج و سریە و مۆڵگەی بەعسدا دەبینیەوە، لە دوای ڕاپەرینیش ناوبراو فەرماندەیەکی کارا و ئازا بووە لە پاراستنی دەڤەری رواندز و سۆران و باڵەکایەتی بەگشتی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١٦) جار بریندار بووە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (١٢ی سۆران)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ

- ناوبراو دەرچوی (٢) خولی ئەکادیمی قەڵاچۆلان و فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

- خاوەنی چەندین مەدەلیای هەڤاڵ مام جەلال و ئۆرگانەکانی تری یەکێتییە. هەرلەبەر ئازایی و خۆراگری لە ساڵی ١٩٨٦ هەڤاڵ مام جەلال لە شەڕەکانی قەیوان ماوەت، بەتایبەت داستانی کۆڕەنگ نازناوی (شێرە بۆر)ی پێ بەخشیوە...

- لە شەڕەکانی دژ بە داعش، بەرپرسی میحوەری (٣)ی دوزخورماتوو بووە لە سنوورەکانی گەرمەسێر و، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو و تێیدا بە سەختی بریندار بووە.

- دوا پلەی: لە ساڵی ٢٠١٧ پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ (فەریق).

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٤

# عەبدوڵڵا ناسر حوسێن





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و بەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله نصر حسين احمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ٧٩٣

مام جلال

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ناسر حوسێن ئەحمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٠
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بوران، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ئامینە محەمەد وەسمان
- ناوی منداڵەکانی: ڕازاوە، نوا، ڕوداو، ڕەوا، راڤین، هەڵبەست، لاوی
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، شەڕەکانی سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای مەکتەبی سیاسی
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە جگە لە بواری پێشمەرگایەتی، ماوەیەک ئاسایشی چۆمان بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بوە لە سەرکردایەتی، وەرتێ، ناوەخۆ..
- دواپلەی (فەرماندەی تیپ)
- دەرچووی خولی سەربازی (ئەهواز) بووە لە ئێران
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٩٣

# مام بەکر کانی بەردی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و لەپێناوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: عبدالله احمد عبدالله حمد
نازناو: مام بەکر
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٦٤٩

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵاحەمەد

- ناسراوە بە: مام بەکر کانی بەردی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی بەرد، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: موحتیێ عەولا وەسمان

- ناوی منداڵەکانی: ژاڵە، کالێ، ئاڵا، هێمن، زانا، سارا، ساوێن

- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە لە سنوری (بەنی هەریر)

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٨٣)ی هەورێ

- دواتر گواسترایتەوە مەڵبەندی (٤) بەشی ڕاگەیاندن لای حاکم پێشڕەو

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە بە (کیمیاوی) لە سنوری بالیسان


- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: بنکەی گومرگی قەندیل

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: لەچەندین ئۆرگان پێشمەرگە بووە دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە شکری بالیسان بووە . دواتر خانەنشین کراوە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٦٤٩

# عەبدوڵڵا کانی بەردی





- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەزیز خدر

- ناسراوە بە: عەبدوڵڵا کانی بەردی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی بەرد، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: عائیشە خدر حەسەن

- ناوی منداڵەکانی: دلێر، دلاوەر، ئاری، ماریە، تروسکە، فرمێسک

- هەر لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بووە لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕش کردووەو بۆتە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٧٥ دوور خراوەتەوە بۆ دیوانیە لە پارێزگای قادسیە ... لە ساڵی ١٩٧٧ پاش دووساڵ ڕێی پێدرا بگەڕێتەوە کوردستان ..

- لە ساڵی ١٩٧٨ لە فەرمانگەی کشتوکاڵی شەقڵاوە بە کارمەند دامەزرا..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٨٣ ناوبراو لەگەل هەڤاڵێکی تر سەرپەرشتی پۆلێکی ڕێکخستنیان کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧/٤/١

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- لە ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسیارسەتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی تیپی هەورێ لە ئەستۆ گرت

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. ساڵی ١٩٨٧ بە کیمیاوی لە شێخ وەسانان، وە ساڵی ١٩٨٨ بە پارچەی هاوەن لە چیای وەرچەچ لە دۆڵی جافەیاتی...

- دواتر بە خێزانەوە ئاوارەی ئەو دیوی ئێران بوون..

- ساڵی ١٩٩٠ وەک نوێنەری (ی.ن.ک) لە بنکەی گومرگی بەرەی کوردستانی لە قەندیل دەست بەکار بووە.

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٣) ی هەورێ

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ڕێکخەری تیپ

ـ ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە لەگەل ئەو هێزەی بۆرزگارکردنی شەقــڵاوە دانرابوون..

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو بۆتە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی (شەقـڵاوە) لەهەمان کۆمیتە بۆتە کارگێڕی کۆمیتە.. لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەندامی مەڵبەندی (٦) ی سۆران..

ـ دواتر کراوەتە لێپرسراوی کۆمیتەی شەهیدان.

ـ لە ساڵی ١٩٩٤ کراوەتە سەرپەرشتی ئیدارەی لە شکری ڕواندز، ساڵی ١٩٩٥ بۆتە کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی سۆران، لە ساڵی ١٩٩٨ کراوەتە ڕابەری سیاسی فەرماندەیی بالیسان، سەرپەرشتیاری بەشی سیاسی بنکەی مەشق و ڕاهێنانی ڕاپەرین..

ـ ساڵی ٢٠٠٠ لە مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووە کارگێڕ مەڵبەند، ســاڵی ٢٠٠١ بەشداری خولی فەرماندەییەکانی کردووە، ساڵی ٢٠٠٢ بوە جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە.. هەر هەمان ساڵ خولی (٦) سەربازی واتە فەرماندەییەکانی کۆلێژی قەلاچۆلانی تەواو کردووە.

ـ لە ٢٠١٠ تا ٢٠١٩ دا سەرپەرشتی ئامارو داتای دەنگدانی تایبەتی کردووەو سوپاسنامەی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقی وەرگرتووە.

ـ ناوبراو بەرپرسی لێژنەی بایۆمەتری موچەی هێزەکانی (٧) بووە.

ـ لە ساڵی ٢٠١٢ بەرپرسی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکانی گرتۆتە ئەستۆو کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠)


ـ دوا پلەی سەربازی (لیوا) بووە.

ـ لە کۆنگرەی (٤)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩لەسەر بازنەی ڕاپەرین بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا..

ـ لە ٤/ ئازاری ٢٠٢٠ لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە بۆ هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانی ڕێکخستن تەرخان کرابوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٠) ڕێکخستنی پێشمەرگە هەڵبژێردرا

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٨٤٩

# عەدنان محەمەد وەلی ئەحمەد





- ناوی تەواو: عەدنان محەمەد وەلی ئەحمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس، هەندەسەی کارەبا

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: کوردستان ئەحمەد سەعید

- ناوی منداڵەکانی: کۆدۆ، کاردۆ، باکۆ، کۆزان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢/٨/٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی....

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. ئالوەتان

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەڵێ

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندازیاری ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە سەقز

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان لە ناوەوە لەدەرەوە کاری کردووە.

- دەرچووی خولەکانی بادیناوە ١٩٨٨ـ ١٩٨٩

- دواپلەی: لێپرسراوی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ئوسترالیا

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢١٢

# شەهید: عەزەی داودی



ـ ناوی تەواو: عەزیز داود حەمدە ڕەش حاجی

ـ ناسراو بە: عەزەی داودی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی سۆربان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری شەهید: مێر ئەحمەد وسو

ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: گەلاوێژ، شادیە، سەلیم، سەرکەوت، شەیدا، پەرێشان، ئومێد

ـ لەساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلول

ـ لەشۆڕشی ئەیلول دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لەلای هەڤاڵ سەید سەلیم.

ـ لەشۆڕشی ئەیلول بەشداری چەندین داستانی دیاری کردووە وەک (سەرتیز، زۆسک، هەندرێن)

ـ شەهید عەزیز لە ١٩٧٥/١٢/١٨پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ (مێرخان)

ـ لە ١٩٧٦/٤/١٤ ڕژێمی بەعس ماڵی شەهید عەزیز و چەند ماڵێک ڕادەگوازێت بۆ ناحیەی (شامیە) سنوری پارێزگای (دیوانیە) .

ـ دوای (٥) مانگ لە ڕاگواستن بەنهێنی گەڕاوەتەوە سنوری گوندەکەیان و دەستی بەکاری ڕێکخستن کردووە لەڕێگای شەهید دکتۆر خالید و عومەر دەبابەو ئەحمەد مەولودو عەلی کۆ.

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦/٩/١٧

ـ ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان لای شەهید مەحمود سەیدە بۆتە پێشمەرگە

ـ لە ١٩٧٦/١٠/٥ لەگەڵ دکتۆر خالید و عومەر دەبابەو ئەحمەد مەولود و چەند هەڤاڵێکی تر دەچنەناوچەی بادینان لە ١٩٧٦/١٢/١٩ بەشداری داستانی (گابیرین) دەکەن لەدژی ڕژێمی بەعس.

ـ ڕژێم لە١٩٧٧/٧/١٣هێرشەکانی چڕکردەوە بۆ سنوری باڵەکایەتی و قەندیل بە دابەزاندنی سەرباز لە ڕێگای فرۆکەوە شەهید عەزیز بەرەو سنوری ئێران بەرێ دەکەون لە سنوری (سونێ) تەسلیم دەبێتەوە ڕژێم (١٠) مانگ زیندانی دەکات دواتر بەکەفالەت ئازادی دەکات.

- له ١٩٧٩/٢/٢٢ دەبێتەوە پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێ

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک لای شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد مەولود)

- شەهید عەزەی داودەی لەساڵی ١٩٧٩ تا ڕاپەڕین داستان و نەبەردی و چالاکی نیە بەشداری تیانەکردبێ و ڕۆڵی قارەمانانەی تیانەگێڕابێ و لە زۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپی ٧٨و٧٤ی باڵەک جێ پەنجەی دیاربووە هەرگیز لەشەڕەکان نەدۆڕاوە..

- چەندین جار بریندارببوەو لەمەرگ گەڕاوەتەوە لەوانە (لە گوندی وەلاش، بناری قەندیل، چیای سەفین)

- جگە لەخۆی دوو کوری بۆتە قوربانی خاکی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی (سەلیم و سەرکەوت)

- لەساڵی ١٩٧٦تا ساڵی ١٩٨٩ (چوار) جار ماڵەکەی سوتاوە.

- لەساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی کەرت لەتیپی (٨٣) ی هەورێ کەئەوکات بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو ئەم تیپە پارێزگاری لە بارەگای مەڵبەند دەکرد.

- لە ١٩٨٦/١٢/٦ لە گوندی توتمێی دۆڵی بالیسان مالەکەی شەهید عەزیز بەر تۆپی ڕژێم کەوت وخاپوور بوو لەم تۆپبارانە کورێکی (خۆی) و چوار پێشمەرگە شەهید بوون.

- لە ١٩٨٧/٤/١٦ لە کیمیابارانی بالیسان مالەکەی ئەویش بەر کیمیاوی دەکەوێ.

- شەهید لەساڵی ١٩٨٩ جێگری تیپ بوو ئەوکات شەهید ڕەحمان سەیدە فەرماندەی تیپی ٧٨ی کارۆخ بوو بۆمێژوو هاوریانی دەڵێن دەکرایە فەرماندەی تیپ بەڵام خۆی ئەم پلەی نەدەویست.

- لەساڵی ١٩٩١ بۆ ڕاپەڕین ئەرکی بەرپرسیاریەتی دەخەنە ئەستۆ بۆ رزگارکردنی چەند شوێنێک، ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبوە لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی شەقڵاوە، قاتع جەیش شەعبی هەولێر، فرۆکەخانەی کەرکوک.

- لەساڵی ١٩٩٢ دەکرێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (٢٥) ساکۆت

- زۆربەی پلەسەربازیەکانی بڕیووە وەک (فەرماندەی مەفرەزە، فەرماندەی کەرت، فەرماندە تیپ و بەتالیۆن و دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی (فەوج) بووە لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی حکومەتی هەرێم.

- ناوبراو ئەندامی کۆنگرەی (١)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.

- ڕۆژ و مانگ و ساڵی ماڵئاوای: ١٩٩٣/٦/٣


- شوێنی دوا ماڵئاوایی: کۆسپێ سپی - ڕێگای هاملتۆن

- بەروداوی ئۆتۆمبێل گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- چوار پاسەوانی لەگەڵ خۆی گیانیان سپارد بەناوەکانی (مستەفا نەبی، محەمەد برایم، محێ دین فقێ، ئیسماعیل گەلاڵی.

# عەزیز عەبدوڵڵا لاس




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبەردانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: عەزیز عەبدوڵڵا لاس خدر
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٠٨٠
مام جلال

- ناوی تەواو: عەزیز عەبدوڵڵا لاس خدر

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: بەیان وەسمان ئەسعەد

- ناوی منداڵەکانی: تانیا، دالیا، دیار، عەبدوڵڵا، محەمەد، تەمەن

- ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٦ بۆتە پێشمەرگە لە هێزەکەی (سەید کاکە) و دواتر لای شەهید (دکتۆر خالید) پاشان لە هەرێمی (١٢)ی ئاکۆ لە مەفرەزەی هەڤاڵ (عەولا بۆڕ) دواتر لە ١٩٧٩/١٠/١٠ دابڕاوە

- دوبارە لە ساڵی ١٩٨٢پەیوەندی بەڕێکخستنەوە دەکات بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان .

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران، کەرتی (٥)

- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (١٩)ی کۆڕەک، کەرتی تیپ ئەوکات (حوسێنی مام خدری) فەرماندەی ئەم کەرتە بوە .

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە . لە ئاکۆیان

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کرووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە چەند ئۆرگانێک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواپلەی فەرماندەی (تیپ) بوە لە لەشکری باڵەک ئەوکات هەڤاڵ (عەولا بۆڕ) فەرماندەی لەشکر بووە .

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٨٠

# عوزێر فەقیانی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردووە

ناوی چواری: عزیز فتاح خدر مەلا شیخ
نازناو: عوزێر فقێ یانی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٧٧٣

مام جلال

- ناوی تەواو: عەزیز فەتاح خدر مەلا شێخە

- ناسراوە بە: عـوزێز فەقیانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی فەقیان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەرانی: نەجیبە مەجید لە ژیان نەماوە، شیلان محەمەد ئۆمەر، سومبل شێرۆ فەقێ

- ناوبراو خاوەنی (١٣) منداڵە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦ لەڕێگای دکتۆر عوسمان دەشتی هاتۆتە ناو کایەی ڕێکخستن.

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢١ی ١١ی ١٩٧٦

- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش ئەوکات جەمال خۆشناو لێپرسراو بوە لەم سنورە. دواتر ڕەوانەی ناوشار کرایەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩.

- لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردۆتەوە

- لە ساڵی ١٩٨١ بوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (١٢) ی سۆران

- لە ساڵـی ١٩٨٣ کراوە بە جێگری کەرت لەهەمان تیپ.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: عەدەد جیهاز.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە دوای ڕاپەرین ناوبراو ئەفسەر بووە لەوەزارەتی پێشمەرگە - سلیمانی..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٩



# شێخ کەمال




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: کەمال مستەفا عبدالکریم
نازناو: شێخ کەمال
ساڵی لەدایک بوون:
ساڵی بوون بە پێشمەرگە:
ژمارە:

- ناوی تەواو: کەمال مستەفا عەبدوڵکەریم حەسەن
- ناسراوە بە: شێخ کەمال
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: زەینەب ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: شاخەوان، شاکار، هاوکار، ئەحمەد، چیا، شنۆ، شەهێن
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتای ساڵی ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراولەساڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتەوە کوردستان و گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەی حکومەت..
- لە ٢٠٢٠/١٠/١١ کۆچی دوایی کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٨٠٩

# لادێ حەسەن



- ناوی تەواو: لادێ حەسەن حەمەد حەسەن
-ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣/٨/٢٠
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالیوریۆس
- باری خێزان: خێزاندار
- خاوەنی (٢) منداڵە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە :١٩٨١
- ئۆرگان: قوەتی خۆشناوەتی
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: قاسمە ڕەش
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:جێگری تیپی (٩١) ی سەفین
- لە ساڵی ٢٠٠٧ گەڕاوەتەوە کوردستان
- لە ئێستادا لە ئەرکدایە ناوبراو جێگری سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییە

# بەشدار پونگینە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێتە بەو پێشمەرگە دێرینەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
[illegible]

ناوی چواری: لوقمان حسین عوسمان احمد
نازناو: بەشدار
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٣٩٢

مام جلال

- ناوی تەواو: لوقمان حوسێن عوسمان ئەحمەد

- ناسراوە بە: بەشدار پونگینە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پونگینە، قەزای شەقـڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: نواڵ حەمید عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: مەبەست، وڵات، دێهات، داهات، بەرهەست، ڕێبەست، گولهات

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵـی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٤) کە ئەوکات شێخ خالید فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە .لەشاخی سەفین

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩) ئەوکات (سەلیم ئاغا) فەرماندەی بەتالیۆن بووە.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵـی کارای هەبووە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە زۆر ئۆرگانی پێشمەرگایەتی بە پێ تەشکیلاتەکان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، بەشداریکردنی لە یەکەم دامەزراوەی سوپای یەکگرتووی کوردستان لە فەوجی (١) لیوای (٣٢)، پاشان لەشکری خۆشناوەتی، میحوەری هیران، لە دوای ٣١ی ئاب گواستراتیەوە فەرماندەی (٢)ی تایبەت، لە ساڵی ٢٠٠٢ کراوەتە هەواڵگری فەرماندەیی سەفین. ناوبراولە زۆربەی بەرگریەکانی کوردستان لە شەڕەکانی جوندالسلام، شەڕی ڕژێم، بەرگریەکانی دژ بە داعش ڕۆڵ و پێگەی دیار بووە ..

- دواپلەی: عەمیدە لە لیوای (١٢٤)ی خۆشناوەتی

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٩٢

# مامەند بورەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک


ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆرشی نوێی کەلەکەماندا
و تێیدا لە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مامەند مستەفا احمد یاس
ناز ناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٥١٨

مام جلال

- ناوی تەواو: مامەند مستەفا ئەحمەد باس
- ناسراوە بە: مامەند بورەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٨/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بوران، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: کەلسووم ڕەسوڵ ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: بڕیار، گەشبین، محەمەد، سارین
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣) ئەوکات شەهید برایم فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٨ گواسترایەتەوە دەزگای دارایی لەگومرگی (قاسمە ڕەش)
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی هەبوە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی: فەرماندەی (کەرت) بووەلە فەرماندەی (باڵەک)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥١٨

# شـەهید: محەمەد بی کەی سی



- ناوی تەواو: محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر

- ناسراوە بە: محەمەد بی کەی سی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ وەسانان، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: حەلیمە محەمەد حەسەن

- ناوی منداڵەکانی شەهید: قارەمان، سەنگەر، سویلە، سروە، سنەوبەر، سنوور

- ماوەیەک لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی ئێران دەبن..

- دوای نسکۆ گەڕاونەتەوە کوردستان و ڕەوانەی خوارووی عێراق کراون تا ساڵی ١٩٧٧

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- لایەنی سیاسی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٨

- ئۆرگان: هەرێمی (٨) ی هەولێر

- ساڵی ١٩٧٩کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە

- ماوەیەک لای شەهیدی سەرکردە سەید کەریم بووە لە مەکتەبی عەسکری، ئەوکات بارەگای مەکتەب لە بالیسان بووە.

- لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٦کراوەتەجێگری کەرتی (١) لە تیپی (٨٣)ی هەورێ کە هەڤاڵ (ڕزگار هاودیانی) فەرماندەی کەرت بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٨کراوەتە فەرماندەی کەرت هەرلە تیپی (٨٣)ی هەورێ

- ناوبراو بەهۆی بوردومانەکانی فڕۆکەکانی ڕژێم بریندار بووە لە بەردەسن لە (بناری چیای شۆپە)

- لەدوای ئەنفالەکان یەکێک بووە لە فەرماندەکانی ڕەتڵی پارتیزانی خۆشناوەتی، شاورێ

- لەشەڕێکی سەخت لەکاتی پارتیزانی بریندار دەبێ و پێشمەرگەیەک بەناوی (غازی خالید بیراوەی) شەهید دەبێ و هەڤاڵ (حاجی شێخ وەسانیش) بریندار دەبێ.

- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە: شەڕی دۆڵی سماقوڵی، بەنەباوێ، گرتنی بێتواتە،گرتنی قۆپی سوور،نەبەردیەکانی دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئالانە، شاخی کۆڕەک، دۆڵی ئاکۆیانی ڕواندز، بەرگریەکانی سنوری بێتواتە، شەڕی شیشارو قەیوان، ماوەت و شەڕەکانی داستانی ڕزگاری، شەڕەکانی دوای کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨لە دۆڵی بالیسان و ئاکۆیان و تەواوی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر. شەڕەکانی (کونەکۆتر، گرتنی دێگەڵە، سادر، چەکوچ،گرتنی تەقتەق).

- دواپلەی لەپێش ڕاپەڕین: جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ

- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە لەسەربڕیاری مەکتەبی سیاسی چەند شوێنێکی پێ سپێردراوە سەرپەرشتی بکات لە سنوری خۆشناوەتی، ناحیەی بێتواتە، سەروچاوەو شکارتە. ڕۆڵی قارەمانانەی بینیوە لە ڕزگارکردنی ئەم شوێنانە.

- لە پەلەماردانەوەی ڕژێم لە کۆڕەوەکە شەهید دەوری کاریگەری هەبووە لە سنوری قەمتران سەنگەری لێ داوە شەڕێکی سەختی بەرامبەر دوژمن کردووە.

- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی بەتالیۆنی (٦١)ی هەورێ بووە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ١٩٩١/٦/١

- شوێنی شەهید بوون: گوندی وەرێ

# شــەهید: محەمەد سیاســی



- ناوی تەواو: محەمەد مستەفا مەلا ڕەسوڵ
- ناسراو بە: محەمەد سیاسی
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری شەهید: مریەم عومەر ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: جوتیار، کرێکار، هاوار، بەختیار، دیمەن، دێرین
- ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول: ساڵی ١٩٧٤تا ١٩٧٥پێشمەرگە بووە.
- شوێن پێشمەرگایەتی: سنوری وەرتێ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنی لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ لە مەفرەزەی شەهید سمایل وەرتی
- لەساڵی ١٩٨٤ لە تیپی (٧٣) ی هەڵەموند درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- لەساڵی ١٩٨٦تا ڕاپەرین لە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بووە.
- لەشاخ دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە.
- لە دوای ڕاپەرین لە هێزی ٣٧ی هەڵەموند بووە.
- دواتر لە لەشکری کارۆخ بەردەوام بووە.
- لە تەشکیلاتی هێزەکان لە هێزی ٣٧ی کارۆخ درێژەی داوەبەپێشمەرگایەتی .
- لە ساڵی ٢٠٠٠ واتە پێش شەهید بوون لە لەشکری (کارۆخ) بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە. وەک شەڕەکانی هەڵەموند،گەرووی مەنجەڵ، داستانی ڕزگاری، خۆشناوەتی، کۆنەکۆتر، سادر.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

- لەدوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

- لە دوای ڕاپەرین دوا پلەی فەرماندەی هێز بووە.

- ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٠ لەسەر١١/١٢/٢٠٠٠

- شوێنی شەهید بوون: لە زینی وەرتێ/ چیای هەڵەموند

# مام سۆفی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد حاجی خزر عمر

نازناو: مام سۆفی

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠

ژمارە: ١٤٩٦

- ناوی تەواو: محەمەد حاجی خدر عومەر

- ناسراوە بە: مام سۆفی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئێنێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: ئەسمەر عەبدوڵڵا مەحمود عەزیز

- ناوی منداڵەکانی: سەردار، هاوکار، هەکاری، سنور، کەلسوم، ئایش، ژیـــلان

- لە ساڵی ١٩٧٧ دەستگیر دەکرێ لەچۆمان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستان)

- ســاڵــی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک،کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، پاشان گواسترایەتەوە تیپی (٩٩) ی بیتوێن، دەستەی تیپ، پاشان گواسترایەتەوە تیپی (١٢) ی سۆران..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە بالیسان، بلە..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی (مەفرەزە)

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ...

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٩٦

# محەمەد حەسەن





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد حسن حاجی مەلا

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ژمارە: ١٤٠

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد حەسەن حاجی مەلا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: فەخریە مەلا ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: بازیان، بۆکان، بەهمەن، بۆتان، ئەرکان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (١٢)، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی ..

- لە ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو گواسترایەوە تیپی (١٩)ی کۆڕەک بەجێگری (کەرت) ئەوکات هەڤاڵ (دلێر تەق تەقی) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) لە سنوری زەلێ

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە ...

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە تا ڕزگار کردنی کەرکوک..


- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی تیپ و هێزو جێگری لەشکری وەرگرتووە.

- دەرچووی خولی (٧) ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٠

# محەمەد حەسەن حەمەدەمین (ئامانج)





- ناوی تەواو: محەمەد حەسەن حەمەدەمین ئەحمەد

- ناسراوە بە: ئامانج

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولیر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: بەدیعە ڕەسوڵ عەبدولڕەحمان

- ناوی منداڵەکانی: ڕامان، سارا، زانا، ڕێبین، هاوژین، سەروین

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران، کەرتی (٦) هەڤاڵ (حارس ئاغا) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە هەندرێن/ ڕەشکی لەسەر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- لە ساڵی ١٩٩٠ پارتیزان بووە لە ڕەتلی شەهید (جەلال حاجی) (هەڵمەتە ڕەش) (هەڵۆ حەسەن)


- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیووە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە وەک تیپ و لە شکرو هێز ،لە ساڵی ١٩٩٢تاوەکو ساڵی ١٩٩٦لە سکرتاریەتی (مام جەلال) بووە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٨٦

# محەمەد حەسەن ڕەسوڵ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد حسن رسول احمد
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٤٩٨

مام جلال

ـ ناوی تەواو: محەمەد حەسەن ڕەسوڵ ئەحمەد

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: مریەم عالی ڕەسوڵ

ـ ناوی منداڵەکانی: ساڵح، موسلح، موخلس، شنە

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

ـ ئۆرگان: هەرێمی پارێزگاری

ـ کەرتی (زیندان) سەربە مەکتەبی عەسکەری لە ناوزەنگ

ـ لە ساڵی ١٩٨١ گوازراوەتەوە هەرێمی (٧)ی باڵەک، هەرلەم ساڵەدا هەرێمەکە بوە تیپی (٧٤) ی باڵەک، لە ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٧ گوازرایەتەوە ڕێکخراوی (٢)ی هەولێر، ساڵی ١٩٨٨ گوازرایتەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قاسمە ڕەش، ساڵی ١٩٨٩ بەپلەی فەرماندەی کەرت گوازرایەتەوە تیپی (٧٤) ی باڵەک، ساڵی ١٩٩٠ لە تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان ناوبراو لە بەتالیۆنی (٤) هەربە پلەی فەرماندەی کەرت خزمەتی کردووە و درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە..

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو سنوری سەرکردایەتی .

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە بناری قەندیل،کەرکوک بازوان

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ئەرکەکانی وەک خۆی جیبەجێ کردووە..

ـ لە ساڵی ١٩٩٢ ناوبراو کراوەتە فەرماندەی (تیپ) لە بەتالیۆنی (ساکۆت) لە ناوچەی قەسرێ،لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردستان کراوەتە (فەرماندەی سریە لە لیوای (٣٠). هەرئەم ساڵە کراوەتە یاریدەدەری فەوج ،لە ساڵی ١٩٩٦ لە لەشکری (١٤) ی باڵەک بوە فەرماندەی تیپی (باڵەییان)، ساڵی ١٩٩٧ بوە فەرماندەی هێز لە فەرماندەیی باڵەک، لە ساڵی ٢٠٠٥ کراوەتە فەرماندەی (فەوج) لە لیوای (١٣٠) ی شاربازێڕ، دواتر لە چەندین ئۆرگانی ترخزمەتی کردووەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.

ـ دەرچووی خولی (٦) سەربازی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی ساڵی (٢٠٠٢)

ـ ناوبراو لە ئەرکدایە لە ئیدارەی ڕۆژئاوا بە پلەی لیوا

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٩٨

# محەمەد حەمەد کامەلا





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و تێیدا خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد حمد کاملا علی
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ٦٦٦

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد حەمەد کامەلا عەلی
- ناسراوە بە: ئەندام
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: نەزیف عەبدوڵڵا حەسەن
- ناوی منداڵەکانی: کارۆخ، هەڵەموند، هەڵگورد، هندرێن، نێرگز، سنۆبەر، نیگار، شەوگار..
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە : ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٤)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە لە (وەرتێ)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین کاری کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان:٦٦٦

# هێمن بورەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و تەیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد حسین حمد

ناز ناو: هێمن

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧

ژمارە: ١٤٨٧

- ناوی تەواو: محەمەد حوسێن حەمەد باس
- ناسراوە بە: هێمن بورەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بوران، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: رابیعە حەمەد برایم
- ناوی منداڵەکانی: شەونم، شەوگار، خەدیجە، شەوبۆ، شیفا،شنە
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ناوچەی شەشی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە :١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- ناوبراو ماوەی (٩) مانگ لە وڵاتی ئێران دەستگیرکراوە..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- دواترلە سنوری لەشکری باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە
- ناوبراو فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٨٧

# ڕێباز قەڵاتی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەدرێتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەبیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد حسین قادر احمد
ناز ناو: ڕێباز قەڵاتی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٧٤

مام جلال

ـ ناوی تەواو: محەمەد حوسێن قادر ئەحمەد

ـ ناسراوە بە: ڕێباز قەڵاتی

ـ ساڵی لە دایكبوون: ١٩٧٣

ـ شوێنی لەدایكبوون: گوندی قەڵات، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: عائیشە حەمەدەمین عەولا

ـ ناوی منداڵەكانی: دەشتی، ئاشتی، ڕۆشنا، گەزەش

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێكخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٨٦

ـ ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

ـ ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەك، كەرتی (٢)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری كردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)، تیپی (٤٢)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری كردووە هەر لەسەر سنور تاوەكو كەركوكی قودسی كوردستان.

ـ لە تەشكیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە زۆربەی ئۆرگانەكانی پێشمەرگایەتی درێژەی پێداوە و ئەركی سەرشانی جێ بەجێ كردووە.

ـ دەرچووی خولی ئەكادیمیای (٣) ی سەربازی قەڵاچۆلانە.

ـ ئێستا لە ئەركدایە و بەردەوامە بەپلەی عەقید

ـ ژمارەی ناسنامەی كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكان: ٧٤

# محەمەد خدر تەها (خەبات)





- ناوی تەواو: محەمەد خدر تەها مەحمود
- ناسراوە بە: خەبات
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی بەرد، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: عەیشێ ئەحمەد وەتمان
- ناوی منداڵەکانی: خدر، هۆگر، بێلان، هەژار، ژیار، ئومێد، ئیلاف
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: مەڵبەندی (٤)
- دواتر لە ساڵی١٩٨٤ گواسترایەوە مەڵبەندی (٣) بەشی دارایی، لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ ..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە (کونە کۆتر)
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٩)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری فەرماندەی (کەرت)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و کاریگەری هەبووە لە سنوری چالاکی دیاریکراودا..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە. وەک سوپای یەکگرتوو لە لیوای خەلیفان لەم تەشکیلاتە ئامر فەسیل بووەلە بەتالیۆنی (١) بووە، لەشکری هەورێ. کۆتا ئۆرگان لە فەرماندەیی قەندیل بووە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٣٢

# محەمەد دەروێش





- ناوی تەواو: محەمەد دەروێش ئەحمەد وسو
- ناسراوە بە: محەمەد دەروێش
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کەلێتە، ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەرانی: نەشمیل عەبدوڵڵا جوتیار، فاتیمە خدر باپیر
- ناوی منداڵەکانی: چرا، ئامینە، نیان، باخان، خەرمان، یوسف
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک.
- تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .
- دواتر لە دەزگای ئاسایشی سۆران درێژەی بەخزمەت داوە .
- لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١٨ لە قەزای سۆران کۆچی دوای کردووە .
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤١٠

# مەلا محەمەد




ئومەنەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد رسول علی
ناز ناو: مەلا محمد
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٥٥٢

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد ڕەسوڵ عەلی ئەحمەد

- ناسراوە بە: مەلا محەمەد

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: مامۆستای ئاینییە

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شوکریە نەبی

- ناوی منداڵەکانی: ڕەوا، ڕاستی، ڕابەر، مەبەست

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند شەڕو بەرگریەک کردووە لە سنوری تیپی (٨٣)ی هەورێ.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە بە کیمیاوی لە دۆڵی بالیسان

- ئەو ئۆرگانانەی لەدوای ڕاپەرین کاری تیا کردووە (کۆمیتەی چۆمان) و (کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان)

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٥٣

# محەمەد سەیدە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد رسول محمد محمد

ناز ناو: محمد سیده

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: [illegible]

ژمارە: ٩٨٣

- ناوی تەواو: محەمەد ڕەسوڵ ئەحمەد عومەر

- ناسراوە بە: محەمەد سەیدە

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەڵزێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان : خێزاندار

- ناوی هاوسەری: خەدیجە مستەفا ئەحمەد

- ناوی منداڵەکانی: بێنار، ڕابەر، ڕامین، ڕابون، بێلان، ڕاسان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک کەرتی بارەگا ئەوکات هەڤاڵ نەبی چالاک فەرماندەی ئەم کەرتە بوە. دواتر هەڤاڵ (محەمەد سەیدە) کراوەتە ئیدارەی ئەم هەرێمە

- لە ساڵی ١٩٨١ لە تیپی (٧٤) ی باڵەک کەرتی (٣) کە شەهید (برایمی حاجی کوێخا) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە ...، لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی چۆمان لەم کۆنفرانسە دەنگی یەکەمی هێناوە، بەڵام پلەکەی خۆی بەخشییە ئازاد جوندیانی، لە ساڵی ١٩٨٥ لەمەفرەزەی شەهید (حەسەن کوێستانی) درێژەی بەخەبات داوە، لە ساڵی ١٩٨٩ گواسترایەتەوە کۆمیتەی گومرگی هاوبەش تا ساڵی ١٩٩٢..

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە (وەلزێ، ماکۆک، باڵەییان)

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کۆمیتەی گومرگی هاوبەش .

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئەندامی کۆمیتەی گومرگ

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ڕۆڵ و کاریگەری زۆر بووە لە سەر سنورەکەو تا ڕزگار کردنی کەرکوک بەشداری کردوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراولە زۆربەی ئۆرگانەکان کاری کردووە و بەرپرسیاریەتی بینیوە لە ئۆرگانەکان، لە ساڵی ١٩٩٣ لە سوپای یەکگرتوو کراوەتە جێگری موقدەمی لیوای (٣٣) ،ساڵانی دواتر چەندین پلەو ئۆرگانی بریوە...

- دواپلەی: لە ئێستادا لە ئەرکدایە بەڕێوەبەری جوڵانە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری فریاکەوتن.

- ناوبراو برایەکی شەهیدی سەنگەرە لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمانە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان:٩٨٢

# محەمەد سلێمان عوسمان




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد سليمان عوسمان سلام
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٦٧٠

مام جلال

- ناوی تەواو:محەمەد سلێمان عوسمان سەلام
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بلەی سەروو .
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: عەزیمە عەبدوڵڵا سەلام
- ناوی منداڵەکانی: فریشتە، تریفە، عەنیفە، فەریدە، دیاری، ئەمین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان :١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵــی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٣)
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٧٠

# محەمەد عەبدولڕەزاق (کوردە)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەمساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد عبدالرزاق حسن رسول

ناز ناو: کوردە

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ژمارە: ١٦٦٤

ـ ناوی تەواو:محەمەد عەبدولڕەزاق حەسەن ڕەسوڵ

ـ ناسراو بە: کوردە

ـساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەرگەڵە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەرانی: هەمسا سەباح فازڵ، مەقبولە قەرەنی حەمەد

ـ ناوی منداڵەکانی: گەیلان، نیشتمان، ژیروان، کەیوان، کەیهان، سەودا، ئەمەل، پەرێشان

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٧٦

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

ـ ناوبراو زیندانی بووە لە ساڵی ١٩٧٦ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب.

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٦

ـ ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ کەرتی (٥)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەشەڕەکانی داستانی ڕزگاری، فەوجی دۆلاکۆ،هەڵەموند، ئەنفالەکان، چەندین بەرگری ترلەسنوری مەڵبەندی (٣)

ـ ناوبراو پارتیزان بووە..

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار برینداا بووە،لە داستانی ڕزگاری، عەنکاوە لەڕاپەرین..

ـ لە ڕاپەرین ناوبراو بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای تیا بینیوە تەنانەت برینداریش بووە .

ـ درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە، دواپلەی جێگر هێز بووە لە شکری ڕواندز.

ـ لە ڕێکخستنەکانیش کاری کردووە لێپرسراو پۆل بووە.

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٦٤

# شەهید: حەمە هەژار



- ناوی تەواو: محەمەد عەبدوڵڵا حەمەد وەسمان

- ناسراوە بە: حەمە هەژار

- ساڵی لەدایکبوون :١٩٧٢/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندەواری: ناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵــی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە:١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ کەرتی عەزەی داودێ

- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی کردووە: لە سنوری تیپی (٨٣) ی هەورێ، وەک قەیوان، ماوەت، خۆشناوەتی، چادر چەکوچ، چەندین چالاکی تر.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە .

- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٢٥) ی ساکۆت .

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: لە شکری (١١) ی باڵەک .


- لە دوای ڕاپەرین بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی کردووە لەخاکی کوردستان.

- ڕۆژو مانگ و ساڵــی شەهید بوون: ١٩٩٥/٧/١٣

- شوێنی شەهید بوون: گوندی خەزینە، دۆڵی بالەیان، بناری قەندیل

# محەمەد عەزیز سەعید





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد عزیز سعید احمد

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٧

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨

ژمارە: ٢٠٩٦

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد عەزیز سەعید ئەحمەد
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٣٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: حەبیبە محەمەد حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی: مەغدید، عەتیە، حەمدیە، مەحمود، فارس، کامەران..
- لەساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ لە سنوری ڕواندز پێشمەرگە بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٨
- ئۆرگان: هەرێمی (١٢) لای شەهید (عەزیز ڕابی)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەند بەرگریەک کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێرو بەتایبەت شەڕی هەکاری.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە گوندی گەرەوان و چیای هندرێن
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک بووە.پلەکەشی (فەرماندەی .مەفرەزە بووە.
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- دواترلە هێزی (١٢ی باڵەک) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە .. .
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٩٦

# محەمەد عەلی مەولود (حەمەسوور)





ـ ناوی تەواو: محەمەد عەلی مەولود محەمەدەمین

ـ ناسراوە بە: حەمەسور

ـ ساڵی لەدایکبوون: لە نفوسی موالید ١٩٧٢ بەڵام لە بنەڕەتدا لە ساڵی١٩٦٩ لە دایکبووە .

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرنەوس، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تاپۆلی (پێنجەمی) سەرەتای خوێندوە

ـ باری خێزان :خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: ئەسمەر مەجید عەلی

ـ ناوی منداڵەکانی: ئومێد، هێدی، هیمداد، فرمێسک، هێلین

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥/٥/١٥

ـ ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٥) شەهید (بلە) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە .

ـ ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر..

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣)جار بریندار بووە، لە داستانی ڕزگاری، داستانی خانەقا، کارۆخ

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

ـ دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

ـ ناوبراوپارتیزان بووە لە ساڵی ١٩٨٩ لە سنوری شاورێ لە ڕەتڵی (عوسمان بچکۆل)

ـ ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە .

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە .

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای (١٢) ی سۆران فەوجی سۆران کە هەڤاڵ (هەڵمەتە ڕەش) فەرمانەدەی فەوجەکە بووە .

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٥٣

# مامۆستا محەمەد





- ناوی تەواو:محەمەد عەلی ئەحمەد عەبدوڵڵا

- ناسراوە بە: مامۆستا محەمەد

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٨/٣/٢١

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: شوکریە عەزیز تەها

- ناوی منداڵەکانی: کارزان، ئارمان، ئارێز، ئاوێزە

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نویێ گەلەکەمان:١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵــی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە :١٩٨٧

- ئۆرگان: کۆمیتەی گومرگی قەندیل

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.....

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای ناوەندی شۆڕشگێڕان

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراولەڕاپەرین بەشداری کردووە و لە قوڵی بادینان دانراوە لەگەڵ هەڤاڵ (مامۆستا نازم)

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان بەشداری کردووە، دواتر لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.. لە ساڵی ١٩٩٤ گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەی حکومەت..

- دواپلەی ئامر فەسیل لە فەوجی (٣) لیوای (٣٣)

ناوبراو لە ئێستا لە ئەرکدایە لەبواری پەروەردەیی..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٧٤


# شــەهید: محەمەد عوسمان ناوبەرگەیی



- ناوی تەواو: محەمەد عوسمان عەبدولقادر عەبدوڵڵا
- ناسراوبە: محەمەد ناوبەرگەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ناوبەرگە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان).
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی ٧٨ی کارۆخ
- ناوبراو دەورو کاریگەری هەبووە لەڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون:/١٩٩١/٣/١٩
- شوێنی شەهیدبوون: کەرکوک

# سەید محەمەد





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: محمد قادر حمد تەها
نازناو: سید محمد
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١٥١٩
مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد قادر حەمەد تەها

- ناسراوە بە: سەید محەمەد

- ساڵی لەدایکبوون: لە نفوس نوسراوە موالید١٩٧٠ بەڵام لەبنەڕەتدا ناوبراو موالید ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی چۆمساک، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: زولێخا نەبی عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: شنۆ، پەیوەند، شاناز، بەناز، شلێر، گۆڤەند، ڕێکار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ناوچەی شۆڕشگێڕان) ئەوکات هەڤاڵ (محەمەد نەبی) سەرپەرشتی ڕێکخستنی سنوری بەستۆرەو دەوروبەری کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار برینداربووە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) ئەوکات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە بووە.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە. چەندین پلەی سەربازی بریوە..

- دەرچووی خولی (٢)ی ئەکادیمیای سەربازی قەڵاچۆلانە..

- دواپلەی ئێستا: پلەی (عەمیدە)لە لیوای (٧) ی پیادە

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥١٩

# محەمەد قادر ئەحمەد (شەماڵ)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد قادر احمد مستەفا
نازناو: محمد قدر
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١٤٧٩

- ناوی تەواو: محەمەد قادر ئەحمەد مستەفا

- ناسراوە بە: شەمال

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٧٢/١/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گەڵاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەواری نیە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: موعتبەر حەمەد سابیر

- ناوی منداڵەکانی: ڕێژنە، پەیوەند، ڕێبەند، ڕێکار، بەڵێن

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نویێ گەلەکەمان:١٩٨٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٥)ی گەڵاڵە

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٧٨) ی کارۆخ

- لە دوو قۆناغ پارتیزان بووە لەساڵی ١٩٨٨ لە کارۆخ لەگەڵ شەهید (حەسەن کوێستانی)، لە ساڵی ١٩٨٩ لە بالەکایەتی لەگەڵ شەهید جەلال حاجی....

- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگانیک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە وانە هێزی (١٢) ی باڵەک ولەشکری باڵەک..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٧٩

# شەهید: محەمەد قـــودسی



- ناوی تەواو: محەمەد قودسی عەبابەکر کەریم عەبابەکر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٧٢/٦/٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەربەندی ڕایات، ناحیەی حاجی ئۆمەران، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر..

- باری خێزانی: سەڵت

- ئاستی خوێندن: دواناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٨٧

- ئۆرگان: شۆڕشگێڕان

- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی:١٩٨٧

- ئۆرگان: مەکتەبی ڕێکخستن

- شەهید محەمەد قودسی بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

- لەقۆلی بادینان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕاپەڕین

- لە دوای ڕاپەڕین لە بەتالیۆنی (٢١) ی شەهیدان فەرماندەی کەرت بووە.

- ماوەیەک لە تیپی (١٩) ی کۆڕەک، هێزی باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

- جگە لەخۆی برایەکی شەهیدە بەناوی (خۆشەوی)

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: لەسەر ٢١ی ١٩٩٦/١٠/٢٢

- شوێنی شەهید بوون: زینی داروسەلام

# محەمەد مەحمود (حەمەلاو)





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد محمود حسن غفور
نازناو: حمه لاو
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ١٤٤٥

مام جلال

- ناوی تەواو: محەمەد مەحمود حەسەن غەفور

- ناسراوە بە: حەمەلاو

- ساڵی لەدایکبوون:١٩٧٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەربەندی ڕایات، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا پێنجی سەرەتایی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: عایشە میرک. سەلیم

- ناوی منداڵەکانی: کەیوان، سومەیە، زەریا، عەبدوڵڵا، بوشرە..

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٦/٦/١

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)ی شەهیدان ئەوکات شەهید سمایل چۆمساکی فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراولە بەتایۆنی گەماسۆل درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە..

- پاشان لە سوپای یەکگرتوو لە فەوجی (٣) لیوای (٣٣) بەردەوام بووە لەپێشمەرگایەتی، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی تا خانەنشین بووە لە فەرماندەیی باڵەک بووە.

- ناوبراو لە ساڵی ٢٠١٤ خانەنشین بووە، بەڵام لەزۆربەی شەڕەکانی دژ بە داعش بەرگری کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٤٥

# محەمەد موسا حوسین قاسم





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمد موسی حسین قاسم
نازناو: موسی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٢
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
ژمارە: ٧٧٢

- ناوی تەواو: محەمەد موسا حوسین قاسم
- ناسراوە بە: موسا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی چۆمساک، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەواری کەمێک هەبوە.
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: خواز عەلی حەمەد
- ناوی منداڵی: سەروین
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ساڵی ١٩٧٦ تاوەکو ساڵی١٩٧٧ زیندانی بوە لەبەندینخانەی ڕەشکینی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- ئۆرگان : هەرێمی (٧) ی باڵەک
- دواترلەدەسپێکی تەشکیلاتی تیپی (٧٤)ی باڵەک لە ساڵی ١٩٨١ ناوبراو لەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٤) کە ئەوکات مەلای مەحمود فەرماندەی ئەم کەرتە بوە ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.لە قەیوان ماوەت بە سەختی.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەڵێ لە بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: ئامر مەفرەزە
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە ...
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە لەشکرەکانی سۆران و باڵەکایەتی و قەندیل و دواتر لە چەندین ئۆرگانی تر درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامر سریەبووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان :٧٧٧

# کوێخا ماوی




ناوی چواری: محمد مینە مینە
نازناو: کوێخا ماوی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٥٣٦
مام جلال

- ناوی تەواو:محەمەد مینە مینە قادر

- ناسراوە بە: کوێخا ماوی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: خلود حەمید عەبد

- ناوی منداڵەکانی:پەرێز، بەرێز، بەهێز، نەورۆز، فەیرۆز، زەهرە..

- لە ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگەبوە لەشۆڕشی ئەیلول لەسنوری باڵەکایەتی .

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١

- ئۆرگان : تیپی (٧٤) ی باڵەک..

- لەگەڵ دروست بوونی تیپەکان ناوبراو لە تیپی(٧٨) ی کارۆخ کەرتی(١) کە ئەوکات شەهید(برایمە کۆر) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە بەپلەی فەرماندەی (مەفرەزە).

- لە ساڵی ١٩٨٦ دەگوازرێتەوە تیپی(٧٤) ی باڵەک، بنکەی تیپ

- دواتر لەسەرداواکاری شەهید (حەسەن کوێستانی) دەگوازرێتەوە بنکەی گومرگی(ماونان) تادروست بوونی بەرەی کوردستانی ..

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی(٣) ی هەولێر.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی(٤)

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی (مەفرەزە)

- ناوبراولەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە بەتالیۆن و هێزو تیپ و لە شکری سنوری چالاکیان ..

- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی(کەرت) بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٣١

# شەهید: محەمەد نەبی بورانی



- ناوی تەواو: محەمەد نەبی باوەکر باس
- ناسراوبە: پشکۆ
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦/٧/١
- شوێنی لە دایکبوون: گوندی بوران، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە ڕەحمان باوکر باس
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ژیان، بەیان، سامان، فەرامۆش..
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستنەوە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (یەکێتیی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان :١٩٨٢
- ئۆرگان : تیپی (٧٤) ی باڵەک،کەرتی (٣)
- لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی: بەشداری لە چەندین نەبەردی کردووە وەک: گابیرێز، قۆپی شەهیدان، شاخی سور، ڕزگار کردنی کەرکوک. چەندین شەڕی تر..
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە.
- مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕاپەرین دواترلە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی شێخ ناسر، هێزی (١٢)ی باڵەک
- ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤/٣/١
- شوێنی شەهید بوون: شاخی سۆر، قەسرێ

# محەمەد مەلا نەبی





ـ ناوی تەواو: محەمەد نەبی ڕەسوڵ ئەحمەد

ـ ناسراوە بە:محەمەد مەلا نەبی

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٧

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان

ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی سیانی هاوسەری: فاتیمە ڕەسوڵ

ـ ناوی منداڵەکانی: هاوکار، غەمگین، مەهناز، شاناز، ڕەنگین، گوڵناز..

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەڵەکەمان :١٩٨٧

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٧

ـ ئۆرگان: تیپی (٧٤)ی باڵەک

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لەسنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

ـ ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە ..

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٧٣

# محەمەد بچکۆڵ





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە ئەبەخشرێتە ئەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەرکیان بە جێبەجێ کردوە

ناوی چواری: محمد احمد رسول احمد
ناز ناو: حمە بچکول
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨
ژمارە: ١٩١٤

- ناوی تەواو: محەمەد ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد
- ناسراوە بە: محەمەد بچکۆل
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان، پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: ڕەحمەت حەمەد نەبی
- ناوی منداڵەکانی: هاوبەش، هاوکاڕ، ڕێژیار، ڕێبین، ئەوین، ئەژین
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان :١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤/٥/١٩
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوو.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٩١٤

# محەمەد یوسف عەبدوڵڵا





- ناوی تەواو: محەمەد یوسف عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مژدەینان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر .

- ئاستی خوێندن: تاپێنجی ئامادەیی خوێندووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: شەماڵ مەلا حەسەن

- ناوی منداڵەکانی: لێزان، کۆزان، شاکیژان

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی (٧) ی ١٩٨١

- ئۆرگان :بارەگای مەکتەبی سیاسی لای فەرماندە مستەفا چۆمانی، ماوەیەک لە دەستەکەی شەهید حوسێن بندایزی لەمەکتەبی سیاسی لای دکتۆر خدر مەعسوم درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە..

- لە ساڵی ١٩٨٢ گواسترایەتەوە تیپی (٧٧) هەڵگورد کراوەتە ڕێکخەری تیپ، لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ بووە کەرتی (٣)کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ تاوەکو ساڵی ١٩٨٥، دواتر کراوە بە کارگێڕی ناوچەی شۆڕشگێڕانی باڵەک، ڕواندز دواتر کراوەتە لێپرسراوی ناوچە..

- ماوەیەک گواسترایەتەوە تیپەکانی (٦١و٥٦و٧٩) ی پشدەر، ماوەیەکیش لێپرسراوی ناوچەی قەلآدزێ بووە.پلەکانی جێگری بەتالیۆن و ڕێبەری سیاسی هێزی٤ دواتر فەرماندەی هەمان هێز، لێپرسراوی کۆمیتەی هێزەکانی پشگیری بووە، سەرلەشکربووە لە فەرماندەیی ڕاپەڕین. ناوبراو چەندین پۆستی تری بینیوە لە سنوری سۆران و باڵەکایەتی ..

- ئەوسالآنەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، سنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە١ـ کێوە ڕەش ٢ـ هەڵەموند ٣ـ هەڵەبجە.

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتایۆنی (٤)


- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان لە سنوری پشدەر

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆلی کارای بینیوە

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناو لە بەتالیۆنی (٤٨)ی هەڵگوردو هێزی (٣٤)ی چۆمان و کۆمیتەی بالای پێشمەرگە دێرینەکان درێژەی بەپێشمەرگایەتی و خزمەتی زۆری کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٨

# محەمەد ئۆمەر حەمەد





- ناوی تەواو: محەمەد ئۆمەر حەمەد مستەفا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: عائیشە هەینی مەحمەڵ
- ناوی منداڵەکانی: کاروان، عەبدوڵڵا، حەسەن، پەیمان، لیمۆ، پەرێز...
- لە ساڵی ١٩٦٥ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزووتنەوە).
- لە بەرواری ١٩٧٦/٣/٤ تاوەکو ساڵی١٩٧٩ لە زیندانی ئەبوغرێب زیندانی کراوە ناوبراو حوکم دراوە بە (٢٠) ساڵ..
- ساڵـی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (١٤)
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەند شەڕو بەرگریەک کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە نووسەک، سماقولـــی.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک
- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت بووە.
- لەقۆناغی دوای ئەنفال پارتیزان بووە لەکارۆخ.
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبوە لە سنوری ڕواندز، سۆران..
- دواتر لە لەشکری (باڵەک) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە ...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٥٢

# محەمەد ئیبراهیم حەمەد (سۆفی)





- ناوی تەواو: محەمەد ئیبراهیم حەمەد عەبدوڵلا
- ناسراوە بە: سۆفی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ڕایەت، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: موعتەبەر حەمەد ڕەسوڵ
- ناوی منداڵەکانی: ئەلەند، ڕۆزا، ئارا، ڕۆڤا، ئۆرڤەن .
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان:١٩٨٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٣)
- لە ساڵی ١٩٨٩ گواسترایەتەوە تیپی (١٩)ی کۆڕەک ئەوکات هەڤاڵ (دلێر تەق تەقی) فەرماندەی ئەم تیپە بووە .
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە١ـ خورخورە ٢ـ قەسرێ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- ناوبراو پارتیزان بووە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ڕەتلی کارۆخ...
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناو براو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە ..
- دواپلەی جێگری لەشکری باڵەک بووە.
- ناوبراو دەرچووی خولی (١) ی ئەکادیمیای قەڵاچۆلان وەخولی زانیاری تەواو کردووە..
ناوبراولە ئێستادا لە ئەرکدایەپلەی (عەمید) ە لەیوای (١٤٢) کێوە ڕەش (مساعید لیوایە)
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٧١

# محەمەد ئیسماعیل ئەحمەد




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە نیشانەی ئەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان،
و بەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد اسماعیل احمد رسول
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ١١٦٦

مام جلال

ـ ناوی تەواو: محەمەد ئیسماعیل ئەحمەد ڕەسوڵ

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: ئامینە حەمەدەمین ڕەسو

ـ ناوی منداڵەکانی: عەزیز، گەلاوێژ، شیلان، شیرین

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٨٥

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

ـ ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢)

ـ ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە وەرتێ...

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) ئەوکات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

ـ دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

ـ ناوبراولەڕاپەرین بەشداری کردووە

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە ئۆرگانەکانی سنوری باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە دواتر خانەنشین کراوە...

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٦٦

# محەمەدەمین بندایزانی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی کەلەکەماندا و ئەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمد امین عمر حمد
نازناو: حمە امین بن وایزانی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
ژمارە: ١٥٣٤

- ناوی تەواو: محەمەدەمین عومەر حەمەد عەزیز

- ناسراوە بە: محەمەدەمین بندایزانی

- ساڵی لەدایکبوون: لە نفوس١٩٥٨/١/١ تۆمارکراوە بەڵام لە بنەڕەتدا لە ساڵــی ١٩٥٢ لە دایکبووە..

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بندایزان، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایـی

- باری خێزان : خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: مێرمەحمود عەبدوڵڵا

- ناوی منداڵەکانی: عەبدوڵڵا، لەیلە، سەعدوڵڵا، ئامانج، نەبەز، چیابان، ئاشتی، ئەحمەد

- لە ساڵی ١٩٦٧ تاوەکو نسکۆی شۆڕش پێشمەرگە بوە سەرەتا لە ناوچەی باڵەک دواتر گواستراتیەوە هێزی (باڵەک) کۆتا ئۆرگانی پێشمەرگایەتی لەزدی جەوی ٢٠ ملم بووە .

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان:١٩٧٧ لەڕێگای شەهید (مەحمود سەیدە) وە.

- ئۆرگان: خەتی گشتی دواتر یەکێتیی شۆڕشگێڕان ..

- لە ساڵی ١٩٨٠ بۆماوەی (٤٦) ڕۆژ زیندانی بوە لە دام و دەزگانی ڕژێم لە هەولێر..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨١

- ئۆرگان: کەرتی پاسەوانی بارەگای مەکتەبی سیاسی

- لە ساڵی ١٩٨٢ بووە فەرماندەی مەفرەزە

- لە ١٩٨٣/١٠/٢٠ گواسترایەوە بارەگای مەڵبەندی سێ ئەوکات لە وەرتێ بوو، پاشان تیپی (٧٨)ی کارۆخ، لە ساڵی ١٩٨٤ بوە جێگری کەرتی (٣)ی شەهیدان ئەوکات شەهید (ئەحمەد مەولود) فەرماندەی تیپ بوو.

- لە ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەوە تیپی (١٩)ی کۆڕەک ناوبراولەم تیپە فەرماندەی کەرت بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لەسنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (١- کەپکی حەمەد ئاغا ٢- قەیوان ٣- بناری قەندیل دووجار)

- له ساڵی ١٩٨٨ ماوەیەک جێگری تیپی (چەکوچ) بووە ئەوکات هەڤاڵ (سلێمان عەلی ئاغای پشدەر) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.


- له کۆتا تەشکیلاتی ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ ناوبراو گواسترایتەوە تیپی (١٩)ی کۆڕەک بەهەمان پلە جێگری تیپ سەربە بەتالیۆنی (٤) کە ئەوکات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

- ناوبراو لەڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- له تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین سەرەتا کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی (٥٨)ی شەهید (حوسێن بندایزانی) لە سەردەمی بارەگای قیادەی مەنتیقە ناوبراو فەرماندەی سریەی پاسەوانی قیادەی مەنتیقە بووە،ماوەیەک کراوە بە فەرماندەی فەوج، لە زۆربەی تیپ و هێزو لەشکرەکان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوەو پلەی بەرپرسیاریەتی هەبوو،دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەشکری (٤) پاشان میحوەری کانی قرژاڵە بووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٢٤

# شەهید: مام هەژار کەوەرتی



- ناوی تەواو: محەمەدەمین محەمەدەمین عەلی

- ناسراوبە: مام هەژار کەورەتی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کەورەتی، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەیزانی بخوێنێتەوەو بنوسی

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە دەروێش عەلی

- ناوی منداڵەکانی شەهید: جەوهەر، جەعفەر، ئاجەر، ئاوارە، نیگار، سنوور، هەژار، هونەر

- لە ساڵی١٩٦٧ بەشداری کردووە لە شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆڵێکی کارای بینیوە بەتایبەتی لەداستانی زۆسک و هندرێن تاوەکو ئاشبەتاڵ.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨ تاوەکو ساڵی ١٩٨١

- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک

- دوبارە دەبێتەوەپێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٦لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٥) .

- لە ماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە لە سنوری هەرێمی (٧) و تیپی (٧٨) ی کارۆخ و سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بەگشتی

- لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان لە بەتالیۆنی (٤) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە .


- لە ئامادەکاری بۆ ڕاپەرین ناوبراو دەست نیشان دەکرێ لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی ئازا بۆ میحوەری قەزای شەقڵاوە واتە ڕۆژانی پێش ئازاد کردنی شەقڵاوە.

- ناوبراوپێشمەرگەی پارتیزان و دانەبڕاوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/٩

# محیٚ دین کۆیلەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک


ئەم ناسنامەیە تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محی‌الدین حمه امین مصطفی خدر
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٤٦٧

- ناوی تەواو: محیٚ دین حەمەدەمین مستەفا خدر
- ناسراوە بە: محیٚ دین کۆیلەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کۆیلە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ئامینە عەولا مستەفا
- ناوی منداڵەکانی: ڕەوەز، خۆزگە، دارین، دێرین، لارین
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک،کەرتی (٣)
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،سنوری سەرکردایەتی ..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (٧٤) ی کارۆخ..
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە..
- ناوبراو لەڕاپەرین بەشداری کردووە لە زۆربەی شاروشارۆچکەکان.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.
- دواپلەی جێگری لیوای (١١٨) ی باڵەک
- دەرچووی خولی (١) ی فەرماندەیی قەڵاچۆلانە..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە (گەماسول)
- ناوبراو لەئێستادا لە ئەرکدایە
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکان: ١٤٦٧

# مزەفەر عەبدوڵڵا قادر






- ناوی تەواو: مزەفەر عەبدوڵڵا قادر خدر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بنمێردە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: مەهاباد ساڵح ئیسماعیل
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٢٧

# مستەفا جەرجیس ئەلیاس





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەبەزانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مستەفا جرجس الیاس عبداللە
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٢٠٨٥

- ناوی تەواو: مستەفا جەرجیس ئەلیاس عەبدوڵڵا

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی فەقیان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: نەعیمە محەمەد قادر

- ناوی منداڵەکانی: هەدیە، گوڵناز، عەلی، ئاواز

- لە ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو ١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لە سنوری دۆڵی ئاکۆیان.

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٥

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ناوبراو زیندانی بووە لەساڵی ١٩٧٦ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ لە بەندینخانەی (ئەبوغرێب)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٣)

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە شەڕەکانی سنوری تیپی (١٢)ی سۆران کردووە

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لە دوا تەشکیلات لە بەتالیۆنی (٤) بووە


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندا بووە.

- لە ڕاپەرین ناوبراو بەشداری کردووە، دواتر لە لەشکری ڕواندز درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٠٥٨

# مستەفا حوسێن حەمەدەمین




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان،
و بەپسوانە خەباتیان کردوە
ناوی چواری: مستەفا حسین حمە امین
نازناو:
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمارە: ٧٥٣

- ناوی تەواو: مستەفا حوسێن حەمەدەمین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: گوڵە حەسەن حاجی
- ناوی منداڵەکانی: ڕێبوار، ئیسماعیل، محەمەد، بەختیار، بۆکان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێێ گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: بارەگای مەڵبەند، تیپی تایبەت
- لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٤) ئەوکات شەهید مەلای مەحمود فەرماندەی کەرت و شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی تیپ بوو..
- ئەوسالانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ....
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: لە ساڵی ١٩٩٣ لە لەشکری سۆران بووە.
- دواترلە میحوەری وەرتێ لە لەشکری باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٧٥٢

# مستەفا بلەیی





- ناوی تەواو: مستەفا سلێمان عوسمان سەلام
- ناسراوە بە: مستەفا بلەیی
- ساڵی لە دایکبوون:١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بلەی سەروو .
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٢) ی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: قەدریە جبار قادر
- ناوی منداڵەکانی:پرشنگ، چنور، چنار، بێستوون، ژاکاو، گەشاو
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٤ لە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە لە هەرێمی (١٢) ی هندرێن.
- لە ساڵی ١٩٨٤ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵـی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٣)
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) بەڵام لەبارەگای (پەیوەندیەکانی پیرانشار) لە ئێران دەوامی دەکرد..
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کادیری شۆڕشگێڕان
- ناوبراولە ڕاپەرین بەشداری کردووە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦٥٩

# مستەفا عەزیز مەعروف




كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی ی.ن.ك
ئەم ئاسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ك كە پێشمەرگ بوون لە شۆڕشی نوێی كەلەكەمان
و ئەمیساوانە خەباتیان كردووە
ناوی چـواری: مستەفا عزیز معروف خدر
نـاز نـاو:
سـاڵی لەدایک بـوون: ١٩٤٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٨
ژمـاره: ١٨٨٨

- ناوی تەواو: مستەفا عەزیز مەعروف خدر
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بنمێردە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەواری نیە
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: سەروەر عومەر
- ناوی منداڵەکانی: ئەیوب، مەسحود، ئامینە، مەدینە، فەهیمە، شوکری، نەخشین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لەشۆڕشی نویێ گەلەکەمان:١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٨
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران، کەرتی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەند شەڕو بەرگریەک کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- دوا پلەی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە..
- دواترلە لەشکری (ڕواندز) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە ...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٨٨٨

# زابتە شێتە





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و بەپێشەوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مستەفا عولا میر خدر وسو
ناز ناو: زابتە شێتە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٢٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
ژمارە: ٩٤٧

مام جلال

- ناوی تەواو: مستەفا عەولا میر خدر وسو
- ناسراوە بە: زابتە شێتە
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٣
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- باری خێزان: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری: حەلیمە برایم کامەلا
- ناوی منداڵەکانی: ڕابی، ڕەحمان، عایشێ، مریەم، محەمەد
- لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووەلەسنوری کاولۆکان...
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- ئۆرگان: سەرەتا لە مەفرەزە سەرەتاییەکان دواتر هەرێمی (٧) ی باڵەک کە ئەوکات (عەلی کۆیلەیی) فەرماندەی (کەرت) و هەڤاڵ (زێرۆ عەولاریوی) فەرماندەی هەرێم بوو.
- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان.
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣)جار بریندار بووە .لە ١ـ قەسرێ ٢ـ کۆلیتار ٣ـ تەوێـلە .
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین:بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەند ئۆرگانێک خزمەتی کردووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٤٧

# مستەفا محەمەد محەمەدەمین



- ناوی تەواو: مستەفا محەمەد محەمەدەمین مستەفا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٧٤
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٩
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٣)ی شەهیدان
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە تا شاری کەرکوک
- لە ساڵی ١٩٩٢/٣/٢٥ ماڵئاوایی کردووە.


# شەهید: فەقێ مستەفا



- ناوی تەواو: مستەفا محەمەد مستەفا مەحمود
- ناسراوە بە: فەقێ مستەفا
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: لای مەلا خوێندویەتی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: حەلیمە خدرئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: شەپۆل
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووەلە کانی ماران، دۆڵی باڵەیان
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە .
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لەچەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی خزمەتی کردووە .
- لە ١٩٩٤/١٢/٢٤ لە سنوری دارو سەلام گەیشتۆتە کاروانی نەمرانەوە .

# مەلا مستەفای باڵەک




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و ئەو پیاوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مستەفا احمد حمد احمد

نازناو: مەلا مستەفا

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ژمارە: ١٥٣٨

مام جلال

- ناوی تەواو: مستەفا ئەحمەد حەمەد ئەحمەد

- ناسراوە بە: مەلا مستەفای باڵەک

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٨

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەکران قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: لە ساڵی ١٩٨٢ خوێندنی ئاینی تەواو کردووە، دواتر بڕوانامەی بەکالوریۆس لە بەشی عەرەبی/ زانکۆی کۆیەی تەواو کردووە.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: مواهیب ئەحمەد حوسێن

- ناوی منداڵەکانی: هاژە، هێژا، هێما، هەلان، هەژیر...

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک

- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە کادیری جەماوەری لە سنوری باڵەکایەتی و بناری قەندیل.

- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە بە کارگێڕی ناوچەی باڵەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان..

- ناوبراو ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمان بووە.

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، وەسنوری سەرکردایەتی ..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢)جار بریندار بووەلە ١- قەندیل ٢- شاخی ڕەش

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: کارگێڕی ناوچە

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە ..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین: ١٩٩١ بووە بە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان، لەساڵی١٩٩٣ کراوەتە لێپرسراوی هەمان کۆمیتە.. لەساڵی ١٩٩٤ کراوە بە کارگێڕی مەڵبەندی سۆران، لە ساڵی ١٩٩٥ کراوە بە جێگری فەرماندەیی (١١)ی باڵەک، هەرهەمان ساڵ کراوە بە لێپرسراوی فەرماندەی (١١) ی باڵەک..

- له ساڵی ١٩٩٦ بەسەختی بریندار بووە ماوەیەک بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئەوروپا کراوە..

- له ساڵی ٢٠٠١ کراوە بەجێگری لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران، له ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ کراوە بەسەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران، لەساڵانی دواتر بۆته ئەندام له مەکتەبی چاودێری و پاشان مەکتەبی ڕێکخستن ..

- دەرچووی خولی پەیمانگای کادیران

- دواپلەی: ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لەخولی چوارەم، لەحزب پلەکەی تا سەرپەرشتیاری مەڵبەندی ڕێکخستنی سۆران بووە..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٥٣٨

# ڕەنجە کەلێتەیی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەمیساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مستەفا احمد خدر بەکر
نازناو: رەنجە
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
ژمارە: ٩٤٣

- ناوی تەواو: مستەفا ئەحمەد خدر بابەکر
- ناسراوە بە: ڕەنجە کەلێتەیی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٥/١/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کەلێتە، ناحیەی وەرتێ، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: سەبریە مینە تەها
- ناوی منداڵەکانی:محەمەد، ڕابەر، هەژار، فەرهاد، ئاگرین، بەفرین، غەمگین، ئەحمەد
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵـی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران،کەرتی (٣) ئەوکات شەهید (خالیدە ڕەش) فەرماندەی کەرت بوو..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، وە سنوری سەرکردایەتی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١)جار بریندار بووە لە (کۆڕەنگ)
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤) تیپی (١٢) ی سۆران..
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: جێگری فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان پێشمەرگایەتی خزمەتی کردووە.
- لە ئێستادا لە ئەرکدایە لە فەوجی (٢) لیوای (١٢٤) ی خۆشناوەتی
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٤٣

# شـــەهید: مستەفا گەرەوەیی



- ناوی تەواو: مستەفا ئەحمەد سالّح

- ناسراوبە: مستەفا گەرەوەیی

- سالّی لەدایكبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لە دایكبوون: گوندی گەرەوانی سەروو، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: گەلاوێژ سەدیق عەبدوڵلا

- ناوی منداڵەكانی شەهید: شیلان، كامران، شنە، ڕێزان

- سالّی پەیوەندی بەڕێكخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان: ١٩٨٠

- ئۆرگان: كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

- سالّی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (١٢)ی سۆران، كەرتی (٤)ی شەهیدان

- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاكیەكی پێشمەرگانەی كردووە لەزۆربەی شەڕەكانی سنوری تیپەكانی (١٢) ی سۆران و (١٩) ی كۆڕەك لەپێش ڕاپەرین .

- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزەی كەرت بووە .

- لەسالّی١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی كوردستانی كردووە هەر لەڕواندز و سۆران تاكەركوكی قودسی كوردستان .

- فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە هێزی (٣١) ی ڕواندز

- لە سوپای یەكگرتووی كوردستان كراوەتە ئەفسەری ژمێریاری لە لیوای (٣٢)

- پاشان كراوە مساعد فەوج لە فەوجی تایبەت (ئەفسەری هەواڵگری)

- لەدوای ڕاپەرین چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بریووە .


- خولی یەكەمی ئەكادیمیای سەربازی قەڵاچۆلانی تەواوكردووە .

- ڕۆژو مانگ و سالّی شەهید بوون: ١٩٩٥/٧/٢

- شوێنی شەهید بوون: چیای هەندرێن

# مام هەندرێن




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و نەبساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مستەفا ئیبراهیم داود ئۆمەر

ناز ناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

ژمارە: ٥٠٥

مام جلال

ـ ناوی تەواو: مستەفا ئیبراهیم داود ئۆمەر

ـ ناسراوە بە: مام هەندرێن

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەلاش، ناحیەی گەلاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تاپۆلی (پێنجەمی) ئامادەیی خوێندووە

ـ باری خێزان: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری: حەربیە ئیسماعیل عەبدوڵڵا

ـ ناوی منداڵەکانی: تالەبان، ئەژین، محەمەد، ئیمان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٧٩

ـ ئۆرگان: پارتی دیموکراتی کوردستان

ـ لەساڵی ١٩٨٩ پەیوەندی لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد لە بادیناوە.

ـ ئەوسالانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری پارێزگای هەولێر..

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) ی باڵەک

ـ ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

ـ لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان خزمەتی کردووە..

ـ ناوبراو ئێستاش لە ئەرکدایە لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەرین..

ـ ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٥٠٥

# خاڵە مەسعود




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مسعود عزیز احمد
ناز ناو: خالە مسعود
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
ژمارە: ١٩٠٦

مام جلال

- ناوی تەواو: مەسعود عەزیز ئەحمەد

- ناسراوە بە: خاڵە مەسعود

- ساڵی لە دایکبوون:١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزان: خێزاندار

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- سالی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی لای هەڤاڵ (قادر خەباتی) ڕەحمەتی

- دواترلە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای (سەرکردایەتی)

- لە ساڵی ١٩٨٣ بۆماوەیەک لەگەڵ شەهید (مەجید سور) لە سنوری بەڕانەتی بووە،پاشان گەڕاوەتەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە دۆڵی بۆتێ ..

- لە ساڵی١٩٨٤ گواسترایەوە لێژنەی تەنسیقی کەرکوک، هەر لە هەمان ساڵیش گەڕاوەتەوە بارەگای سەرکردایەتی لای (د. فواد معسوم) تا ساڵی ١٩٨٧، لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە بۆ پەیوەندیەکانی ئێران لە باختەران،سەردەشت،دواجاریش لێپرسراوی پەیوەندیەکانی پیرانشار بووە، تا ساڵی ١٩٩١.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی .

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: پەیوەندیەکانی پیرانشار

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی پەیوەندیەکانی پیرانشار بووە.

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لەبارەگای مەکتەبی سیاسی درێژەی بە خەبات دا..

- دوای یەکەم تەشکیلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی یاوەرو پاراستنی سەرۆک وەزیرانی بەڕێز (د. فواد معسوم) پێ سپێردراوە، پاشان لە دەستەی پاراستنی ناوبراو ماوەتەوە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی...

- ئەو ماوانەی لەدەرەوەی هەرێمیش بووە لە کۆمیتەکانی سەربە سنوری نیشتەجێبوونی بەشداری سەرجەم کۆرو کۆبونەوەو چالاکیەکانی کردووە.

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٩٠٦

# شاهۆ فەقیانی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا و بەپێی ئاڵە حەمایان کردوە

ناوی چواری: معین مصطفا عولا عزیز
نازناو: شاهۆ
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٥
ژمارە: ١١٥٧

- ناوی تەواو: معین مستەفا عەولا عەزیز

- ناسراوە بە: شاهۆ

- ساڵی لە دایکبوون:١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی فەقیان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بکالیۆریۆس.

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی هاوسەری: سودەت تاهیر حەمەدەمین

- ناوی منداڵەکانی: شانۆ، شایان، سپونگ، سەرچن

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠/٧/٢٩

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی)

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ لە ڕواندز دەستگیر دەکرێ لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ڕواندز تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣، دواتر ئازاد کراوە.

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٤/٥/٢٥

- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران

- لە ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوی ئیدارەی تیپی پێ سپێدرا، لە هەمانکات کراوەتە ڕابەری سیاسی کەرتی (٤).

لەساڵی ١٩٨٧ لە پاڵ بەردەوام بونی کارەکەیدا وەک ڕابەری سیاسی کراوەتە لێپرسراوی پۆلی ڕێکخستنی جەماوەری گوندەکانی ئاکۆیان و بنمێردەو فەقیانیشی پێ سپێردرا..

- لە ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بوو، لە ساڵی ١٩٨٩ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەبووە لە تیپی (١٩)ی کۆڕەک لە دۆڵە کۆگە، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کردوو، ڕۆڵی کارای بینی، دواترلە دەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی کاری کرد،لەهەمان کات کراوەتە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕواندز..

- لە ساڵی ١٩٩٣ بووە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕێکخستنی پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر،لە ساڵی ١٩٩٨ بوە ڕابەری سیاسی فەرماندەیی (١) ی سۆران، لە ساڵی ١٩٩٩ لێپرسراویەتی کۆمیتەی ڕێکخستنی فەرماندەییەکانی سۆران و ڕاپەرین و باڵەک و بالیسانی گرتە ئەستۆ، لە ساڵی ٢٠٠٥ بوە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە ..

- ئەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وەسنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: دەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی..
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە تیپی (١٩) ی کۆڕەک
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین :لە ساڵی ٢٠١١ دا جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی پێ سپێردرا.
- دەرچووی خولـی ئەفسەرانی قەڵاچۆلان، پەیمانگای کادیران، خاچی سوری نێو دەولەتی
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان :١١٥٧

# مەلا مەجید





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چواری: مجید مصطفى عزيز احمد
نازناو: مەلا مجید
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە:

- ناوی تەواو: مەجید مستەفا عەزیز ئەحمەد

- ناسراوە بە: مەلا مەجید

- ساڵی لە دایکبوون:١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەران، ناحیەی حاجی ئۆمەران، قەزای چۆمان

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی سیانی هاوسەری: هاجەر ڕەسوڵ خدر

- ناوی منداڵەکانی: مریەم، یاسین، نەسرین، بەفرین، کامران، کوردستان، سۆزان، ڕازان، هۆزان..

- لەساڵی ١٩٧٣ تانسکۆی شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بوە لە لقی (نەجمەدین گۆڕۆنی)

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (١)

- لە ساڵی ١٩٨٦ گواسترایتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ کەرتی (٤)

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواسترایتەوە تیپی (٧٤) ی باڵەک کەرتی (٣)

- لە ساڵی ١٩٨٨ گواسترایتەوە تیپی (١٩) ی کۆڕەک ئەوکات هەڤاڵ (دلێر تەق تەقی) فەرماندەی تیپ بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگەبووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەهۆی خێزانداریەوە ئاودیوی ئێران بووە.

- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە .

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٩٩٢

# مام مەحمود





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: محمود حسن غفور حکیم

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٦

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤

ژمارە: ١٤٦٢

مام جلال

- ناوی تەواو: مەحمود حەسەن غەفور حەکیم

- ناسراوە بە: مام مەحمود

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٣٦

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندارە

- ناوی هاوسەری: حەلیم عەوڵا باپیر

- ناوی منداڵەکانی: زیاد، مریەم، خالید، ئامینە، محەمەد، قادر، فاتم

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ..

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤

- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی کارۆخ، کەرتی (٢) شەهید شێخ سمایل چۆمساکی فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەند و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤)

- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..

- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٤٦٢

# شـەهید: مەحمود خورشید



- ناوی تەواو: مەحمود خورشید مەحمود سەلیم

- ناسراوبە: خوڵە

- ساڵی لەدایکبوون: ١ /٧/ ١٩٧٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەڵزێ، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر.

- ئاستی خوێندن:دەرچووی ناوەندی

- باری خێزانی: سەلت

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦ بادینان، شانەی هەڵکەوت

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە:١٩٨٧

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣)

- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند داستان و نەبەردی کردووە لە سنوری (٧٤) ی باڵەک وە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- یەک جار بریندار بووە لە گوندی وەڵاش،

- ناوبراو بەشداری کارای هەبووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١

- لە ساڵی ١٩٩٢ فەرماندەی (سریە) بووە لە فەوجی (٢) ی لیوای (٣٣)

- بەشداری خولی (کیمیاوی) کردووە لە وڵاتی ئێران .

- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: شەوی ٢ لەسەر ٣ ی مانگی ٢ی ساڵـی١٩٩٧

- شوێنی شەهید بوون: چیای مامە ڕووت/ قەسرێ

# مەحمود چاوشین





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەرکی خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محمود رسول احمد حمە امین
نازناو: محمود چاوشین
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمارە: ١٦١٢

- ناوی تەواو: مەحمود ڕەسوڵ ئەحمەد حەمەدەمین
- ناسراوە بە: مەحمود چاوشین
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان، پارێزگای هەولێر ..
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: نەسرین حەمەد عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی: بنەوش، ڕابەر، هونەر، دلاوەر، دانەر، سیما
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ..
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٣)ی هەورێ
- دواترلە تیپەکانی (٧٤)ی باڵەک و (٧٨)ی کارۆخ درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، سەرکردایەتی.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: زەلێ بەتالیۆنی (٤)
- دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە زۆر ئۆرگانی تیپ و هێزو لەشکر پێشمەرگایەتی درێژە پێ داوە...
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٦١٢

# شــەهید: خوله



- ناوی تەواو: مەحمود ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم

- ناسراوە بە: خولە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گەڵاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: سۆزان حەمەدەمین لەتیف

- ناوی منداڵەکانی شەهید: ڕەگەز، ڕوناس

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- لەساڵی ١٩٨١برایەکی بەناوی (حەمە ڕەش) شەهید دەبێ..

- بۆئەوەی شوێنی برایەکەی پڕبکاتەوە سەنگەری نیشتمان بکاتە قەلغان بۆ نەیارانی کوردلەساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگەلای شەهید (حەسەن کوێستانی) برای..

- لە ساڵی ١٩٨٣ حاجی برای شەهید بوو، کاکە خولە بەگڕوتینێکی گەرمەوە زیاتر بەرگری لە نیشتمان کرد.

- جگە لە خۆی (٣) براو چەندین ئامۆزاو خزمی نزیکی خانەوادەی شەهیدی سەنگەرن.

- بەهۆی برایەکانی کەپێشمەرگە بوون باوکی و دایکی و خانەوادەکەی هەمیشە میوانی بەندینخانەکانی بەعس بوون و ئەشکەنجەدراون، بەڵام هەرگیز ئەم خانەوادەیە سەری بەرزیان بۆ ڕژێم و نۆکەرانی نزم نەکردووە.

- لەساڵی١٩٩١ بەشداری کاریگەڕی کردووە لەڕاپەرینە مەزنەکەی هەولێر لەتەک کوێستانی برای تا ڕزگارکردنی کەرکوکی قودسی کوردان .

- لەدوای ڕاپەرین لە دەستەکەی شەهید کوێستانی درێژەیان بە خەبات داوە بۆ بەرگری لە دەستکەوتەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم.

- دوا پلەی (ئەفسەربووە لە (ئیدارەی) لیوای (٣٣) لە سوپای یەکگرتووی کوردستان

- ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤/٥/١٧

- شوێنی شەهید بوون: سنوری حاجی ئۆمەران

# مەزهەر عەبدولکەریم قادر




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: مەزهەر عبدالکریم قادر خدر

نازناو:

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ژمارە: ١٣٨

- ناوی تەواو: مەزهەر عەبدولکەریم قادر خدر
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ڕابیحە حوسێن مستەفا
- ناوی منداڵەکانی: ڕۆناک، بەختیار، یونس، ڕێبوار، ڕوناس، شاناز، باهۆز، ڕواز
- لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٨
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران،کەرتی (تیپ)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە دۆڵی خانەقا
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٤) باڵەک بووە، دواپلەی فەرماندەی (کەرت) بووە.
- بەشداری خولی سەربازی کردووە لە (بادیناوە) لە ساڵی ١٩٨٨
- ناوبراو لە قۆناغی دوای ئەنفالەکان (پارتیزان) بووە .
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو فەرماندەی بەتالیۆنی (١) ی پێشەوا بووە.
- ماوەیەکی زۆر ناوبراو لێپرسراوی لقی سۆرانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بووە.
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١٢٨

# مەغدید محەمەد عەزیز (هەڵۆ)




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و نەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چـواری: مغدید محمد عزیز سعید
نـاز نـــاو: هەڵۆ
سـالّی لەدایک بـوون: ١٩٧٠
سالّی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٧
ژمـــارە: ١١٦٣

- ناوی تەواو: مەغدید محەمەد عەزیز سەعید
- ناسراوە بە: هەڵۆ
- ساڵی لە دایکبوون: لەنفوس نوسراوە موالید ١٩٧٠ بەڵام لەبنەڕەتدا گەورەترە.
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: زولێخا قادر خدر
- ناوی منداڵەکانی: بەهرە، یاد، عەبدولخالق، بێلان، عائیشە، حەبیبە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نویێ گەلەکەمان :١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران، کەرتی (٥)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەند بەرگریەک کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە سنوری سماقولی، گەورە قەڵا
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش راپەرین: بەتالیۆنی (٤) باڵەک
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- ماوەیەک لە هێزی (١٢) ی باڵەک لای هەڤاڵ (عەولا بۆر) پێشمەرگە بووە.
- دواترلە تیپی ڕەشمالۆک لەشکری (ڕواندز) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە .
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی کەرت بووە..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٦٣

# مەلا مەغدید




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ناوی چواری: مغديد احمد خزر احمد

ناز ناو: ملا مغديد

سالی لەدایک بوون: ١٩٤٩

سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ژمارە: ١١٧٤

مام جلال

- ناوی تەواو: مەغدید ئەحمەد خدر ئەحمەد
- ناسراوە بە: مەلا مەغدید
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیرەی سەرو
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: زەینەب موکود ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی: کامەران، ئاوات، مهاباد، ڕێبوار، گوڵان.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٦
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (١٩)ی کۆڕەک
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە ..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر دەست بەکار دەبیت
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ١١٧٤

# مەغدید گەرەوەیی





کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشەنگ بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و ئەپساوانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: مغديد علي رسول حسن
نازناو: زۆزک
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ژمارە: ٢٣٧٢

- ناوی تەواو: مەغدید عەلی ڕەسوڵ حوسێن
- ناسراوە بە: زۆزگ
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٨/١/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالوریۆس
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: ڕابعە محەمەد خدر
- ناوی منداڵەکانی: سروە، زرار، سەوزە، سروشت، سۆناز، سایە، ڕۆدان، سیا
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان :١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣/٦/١
- ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران لە کەرتی (٢)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی..
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە تاڕزگارکردنی شاری کەرکوک بەشداری کردوە.
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین ناوبراو لە چەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوەو بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە.
- دواپلەی بەرپرسی ئیستغباراتی لیوایە بەپلەی (عەمید)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار برینداربووە.
- دەرچووی خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە ساڵی (١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٠)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە دوای ڕاپەرین: وەزارەتی ناوەخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی بەرگری و فریاکەوتن.
- ناوبراو ئێستا لە ئەرکدایە و لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریە دژ بە داعش و داگیرکەران..
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٢٢٧٢

# مەلا كۆدۆ




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک
ناوی چـواری: مەلا ابراهیم داود عومەر
نـازنـــاو: کۆدۆ
ســالی لەدایـک بــوون: ١٩٥١
سالی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٤
ژمــــارە: ٦٤٢

- ناوی تەواو: مەلا برایم داود ئۆمەر
- ناسراوە بە: مەلا کۆدۆ
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی وەلاش، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: خاتوون ئەحمەد حەمەد
- ناوی منداڵەکانی: سورێن، محەمەد، سانە، سایە
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٤
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە :١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک، کەرتی (٣)
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لەچەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە (١ـ کەرکوک ٢ـ سادرو چەکوچ)
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤)
- دواپلەی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت لە تیپی (٧٤) ی باڵەک
- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە..
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین ناوبراو لەچەندین ئۆرگان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی (فەرماندەی تیپ) بووە لەلەشکری باڵەک
- ژمارەی ناسنامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان: ٦٤٢

# شەهید: مەلا کریم خانە



- ناوی تەواو: مەلا کریم خانە ئەحمەد

- ناسراوبە: مەلا کریم

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦/٧/١

- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی گەڵاڵە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتای

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: زولێخا برایم مەلا

- ناوی منداڵەکانی: ئاڤار، ئامار

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣

- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک کەرتی (٥) گەڵاڵە

- دواترلە مەفرەزەکەی شەهیدحەسەن کوێستانی درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە تا ئەوکاتەی شەهید کوێستانی شەهید بووە، پاشان گواستراوەتەوە میحوەری باڵەک، کۆتا شوێنی ئۆرگانی پێشمەرگایەتی لەشکری (١١) ی باڵەک بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین بەرگری و چالاکی کردووە.

- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٩٩٧/١٠/١٣

- شوێنی شەهید بوون: گردی خانۆل/ دۆلی باڵەیان

# شەهید: مەلا کــوردستانی



- ناوی تەواو: مەلا ئەحمەد سلێمان شێخە

- ناسراو بە: مەلا کوردستانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار

- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە نەبی حەمەدەمین

- لەساڵی ١٩٧٣ تا نسکۆی شۆڕش پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لە سنوری قەسرێ

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩

- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک، کەرتی (٣) کە ئەوکات برایمی حاجی کوێخا فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- دواتر لەتەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٧٤) ی باڵەک کەرتی (٣) کە ئەوکاتیش شەهیدی (برایمی کوێخا) فەرماندەی کەرت بوو.

- لەپێش ڕاپەرین بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە وەک .کەڵەکی باڵەییان، چیای هەڵەموند، سەرکردایەتی، شەری پشتیوانی لە ڕۆژهەڵات، کونەکۆتر، چەندین چالاکی تر لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.


- لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی پەرۆشی لە هێرش و بەرگریەکان (٤) جار بریندار بووە.

- دواپلەی جێگری کەرت بووە لە کەرتی (٣)

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩١/٣/١١

- شوێنی شەهید بوون: هەولێر، دائیرەی ئەمنی هەولێر، لە عەنکاوە

# شەهید: مەولان دەرگەڵەیی



- ناوی تەواو: مەولان تەها قادر تەها
- ناسراوە بە: مەولان دەرگەڵەیی
- ساڵی لە دایکبوون:١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەرگەڵە، قەزای ڕواندز، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەک
- باری خێزان: خێزاندار
- ناوی سیانی هاوسەری: کوردستان مەجید
- ناوی منداڵەکانی: کۆشش، کۆڕەنگ، کۆڕەو، مەبەست
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: مانگی ٦ ی ساڵی ١٩٧٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٧٤) ی باڵەک پاشان لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ..
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..
- دوای کارەساتی ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران دەبێت ولە شاری نەغدەی ئێران نیشتەجێ دەبێت ..
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە تا ڕزگارکردنی شاری کەرکوک
- لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەرین کراوە بە لێپرسراوی ئیدارەی میحوەری چوار
- لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٢٩ لە شەڕێکی نەخوزراوی سەپێنراو شەهید دەبێ ..

# شەهید: مەولود شێخ وەسانی



- ناوی تەواو: مەولود حەسەن یوسف

- ناسراوە بە: مەولود شێخ وەسانی

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ وەسان، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- باری خێزان: خێزاندار

- ناوی سیانی هاوسەری: خەدیجە مستەفا عەزیز

- ناوی مندالەکانی: ڕزگار، هەورین، سەفین، بەفرین، هندرێن.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- ساڵـــی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش

- ناوبراو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی لە شەڕی هەکاری بەشداری کردووە.

- لەڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێری دەڤەری خۆشناوەتی بووە.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ناوبراو پەیوەندی دەکات بە شەهید ملازم (سەید کەریم) ولای ئەو درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری و دواتر مەڵبەندی (٣)ی هەولێر..

- پاش تەشکیلاتی تیپەکان شەهید مەولود لە تیپی (٨٣) ی هەورێ بەردەوام دەبێ لە خەبات و تێکۆشان تا سەرەتایی ساڵی ١٩٨٧ لە کەرتی (١) تیپی (٨٣) ی هەورێ دەمینێتەوە..


- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین هێرش و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر،وە سنوری سەرکردایەتی ..

- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لەپێش ڕاپەرین: بەتالیۆنی (٨) ئەوکات شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی ئەم بەتالیۆنە بوونە..

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە

- لە ساڵی ١٩٩٢ شەهید بووە.

# موحسین مێرگەیی




کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک

ئەم ناسنامەیە تایبەتە بەو پێشمەرگە دێرینانەی
ی.ن.ک کە پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا
و تەمەنیانە خەباتیان کردوە

ناوی چواری: محسن حسن عایز طاهر
نازناو: محسن مێرگەیی
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
ژمارە: ٢٩٧

- ناوی تەواو: موحسین حەسەن عایز تاهیر
- ناسراوە بە: موحسین مێرگەیی
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٣/٥/١٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مێرگە، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٣)ی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزان: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری: نەسرین خدرحەسەن
- ناوی منداڵەکانی: هاوکار، ژیلوان، دیلمان، هاوژین، خەرمان، شۆخان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٠
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- دواتر گواسترایەتەوە بۆ بارەگای (کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر)
- پاشان لە تیپی (٧٨) ی، کارۆخ، کەرتی (١) کە هەڤاڵ (ڕەسوڵ قەندە) فەرماندەی ئەم کەرتە بوو درێژەی بەپێشمەرگایەتی دا.
